# هاوکاریکردنی پرۆسەی ئاشتی نێوان کورد و تورکیا بەرپرسیارێتیە

کاروان ئاکرەیی

تایبەت بە گوڵان بەمینوسێت

بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان هاوسنوورە لەگەڵ باکووری کوردستان و تورکیا بە کردەوە دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر لە سەرخستنی نەخشەرێگەی ئاشتی بگێرێت، کە بەرێزان سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لەساڵانی رابردوو تا دەگا بە ئێستا بە بەرچاوڕوونیەوە بۆ ئەو مەبەستە کاریان لەگەڵ هەدوولا کردووە و ئێستاکەش کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو متمانەیەی لەگەڵ تورکیا و لایەنی کوردی دروست بووە بخرێتە خزمەت نزیککردنەوەی هەردوولا، دروستکردنی ئاشتیەکی سەقامگیر پێویستی بە تێڕوانین و بەرنامەیەکی ستراتیژی هەیە لەنێوان هەردوولاوە، دەوڵەتی تورکیا دەبێ ئەوەی یەکلا کردبێتەوە لای خۆی کە کورد توخمێکی نەتەوەیی جیاوازە و لەدەستووردا ئەم راستیە بچەسپێت و چیتر وەڵامی داواکارییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە دەستبردن بۆ توندوتیژی نەبرێت و بەڵکو بەهێزبوونی دەوڵەتی تورکیا وەکو ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی تورکیا مەبەستیانە، داننانە بەو راستیەی کە تورکیا دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە.



لەمێژە مشتومڕێکی قووڵ و بەربڵاو لەڕوانگەی جیاجیاوە دەربارەی تێڕوانین و وتاری سیاسی و هەڵوێست وەرگرتن لەبارەی دۆزی نەتەوایەتی کوردەوە لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا هەیە، زۆرێك لە لایەنە سیاسیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان ئێستاکەشی لەگەڵ بێ تێڕوانینی خۆیان لەمەڕ ئەم مەسەلەیەوە یەکلا نەکردۆتەوە و تا رادەیەك لایەنی وا هەیە دان بە کاریگەرییەکانی هەمەلایەنەی دابەشکردنی کوردستان نانێت و وتاری سیاسی و ستەمی کارکردنی بەحەز و ئارەزووی خۆی (ئیرادەوی) دادەڕێژێت و واقعبینانە لە خەسڵەتی هەر پارچەیەك ناڕوانێت، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستان هەر لەم روانگە هەڵەیەوە هەوڵی قۆرخکردنی گۆڕەپانی سیاسی دەدات، هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لەهەر پارچەیەکی کوردستان لەبەردەم دوو ئەرکدایە. بۆیە هەر هەنگاوێکی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی زەمینە سازی و هاوکاری کردنی پێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی کە ئەمڕۆ لە تورکیا لە ئارادایە، هەڵقولاوی دەستگرتنە بە پرەنسیپی پابەندبوونی نەتەوایەتی و کارکردن بۆ باشتر رێکخستنی وزە و تواناکان رووەو ئامانجە ستراتیژیەکان لەهەمان کاتدا ئامانجێکی دیکە دەپێکن ئەمیش پاراستنی بەرژەوندیەکانی هەرێمی کوردستان و باشترکردن و ئاسایی هێشتنەوەی پێوەندییە هەرێمایەتیەکانیەتی بەو پێیەی کە خزمەتی گەشەسەندن و ئارامی و سەقامگیری هەرێمەکە بێت گرنگ راگرتنی بەڵانسە لەنێوان ئەم دوو ئەرکەدا و ئەمە خەسڵەتێکی واقعبین و بەرپرسانەی حکومڕانیە لە هەرێمی کوردستان. ئاشکرایە کە لە ساڵانی رابردوو سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵێکی چڕوپڕدا بووە کە پێوەندی هەرێمی کوردستان و تورکیا باش بێت وەکو دوو دراوسێ لەسەر بنەمای بەرژەوندی هاوبەش متمانە لەنێوانیاندا دروست ببێت، بێگومان لەچوارچێوەی بەهێزکردنی ئەم پێوەندیانە هەمیشە دۆزی کورد و پەکەکە بابەتی گرنگی وتوویژەکانی هەردوولا بووینە تا چوونە ناو وردەکاری ئەم پرۆسەیەی کە ئێستاکە لە ئارادایە کە بێگومان سەرخستنی لە بەرژەوندی تورکیا و مەسەلەی کورد دایە لە باکووری کوردستان و هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش، تورکیا و پەکەکە دەزانن کەوا هەرێمی کوردستان نموونەیەکی ئیجابی لە چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوایەتی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا پێشانداوە و ئەو هەرێمە بووەتە هۆکارێکی ئیجابی لەهاوکێشە ئیقلیمیەکان هەروەها لەڕووی مەیدانیشەوە بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان هاوسنوورە لەگەڵ باکووری کوردستان و تورکیا بە کردەوە دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر لەسەرخستنی نەخشەرێگەی ئاشتی بگێڕێت، کە بەڕێزان سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لەساڵانی رابردوو تا دەگا بە ئێستا بە بەرچاوڕوونیەوە بۆ ئەو مەبەستە کاریان لەگەڵ هەدوولا کردووە و ئێستاکەش کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو متمانەیەی لەگەڵ تورکیا و لایەنی کوردی دروست بووە بخرێتە خزمەت نزیککردنەوەی هەردوولا، دروستکردنی ئاشتیەکی سەقامگیر پێویستی بە تێڕوانین و بەرنامەیەکی ستراتیژی هەیە لەنێوان هەردوولاوە، دەوڵەتی تورکیا دەبێ ئەوەی یەکلا کردبێتەوە لای خۆی کە کورد توخمێکی نەتەوەیی جیاوازە و لە دەستووردا ئەم راستیە بچەسپێت و چیتر وەڵامی داواکارییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە دەستبردن بۆ توندوتیژی نەبرێت و بەڵکو بەهێزبوونی دەوڵەتی تورکیا وەکو ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی تورکیا مەبەستیانە، داننانە بەو راستیەی کە تورکیا دەوڵەتێکی فرە نەتەوەیە و لەسەر بنەمای داننان بە مافەکان دەبێت، هەروەها لایەنی دووەمی پرۆسەکە دەبێ پشتبەستن بەهەمان ستراتیژیەتی ئاشتی هەوڵی سەلماندنی بوونی نەتەوەیی خۆی بدات.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی هەردوو لایەنی کورد و تورك لەو پرۆسەیەدا ئەوا ئەم پرۆسەیە بریتی بووە لە دوو قۆناغی وەرچەرخان لە چارەسەرکردنی کێشەیەکدا، چۆن لە قۆناغی یەکەم هەردوولای کورد و تورك پێویستیان بە هاوکاری هەبووە بۆ ئەوەی ئەو قەناعەتەیان لا دروست بێت کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی سیاسییە و بەڕێگەی چارەسەری سەربازی ناکرێت، ئەوە لەم قۆناغەشدا کە هەردوولا پێیانوایە دەبێ کێشەکە بەڕێگەی ئاشتییەوە چارەسەربکرێت ئەوە دیسان پێویستیان بەو هاوکاریە دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی ستراتیژیەکدا ئاشتی بنیاد بنرێت، دروستکردنی ئاشتی سەنعەتێکە و هەلومەرج و ئیرادە و پێداویستی خۆی دەوێ، هەردوولا ئامادەیی دیالۆگ و دانوستاندن بن بە تایبەتی لایەنی کوردی دەبێ زۆر بە روونی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان گەڵاڵە بکەن و بەشێوەیەك کە دەربڕی خواست و ویستی هەموو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بێت.

بێگومان لەسەر مەسەلەی گەیشتن بە ئاشتی و جێگیرکردنی کۆمەڵێك بیروبۆچوون و سەیرکردنی جیاواز هەیە تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هەر حزبە و لای خۆیەوە دەیەوێ رۆڵێکی هەبێت کە بێگومان تەبایی و هاوڕایی لە هەرێمی کوردستان لەمەڕ ئەم مەسەلەیەوە هۆکارێکی یەکجار گرنگە، بەڵام ئەمە ئەو راستیە ناشارێتەوە کە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ ئەو پرۆسەیە پێی گەیشتووە کار و ماندووبوون و هەوڵێکی زۆری بردووە وەك زەمینە سازیەك لە چوارچێوەی پابەندبوون بە چارەنووسی نەتەوەییەوە بە تایبەتی بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای پرۆسەی ئاشتی، کە بۆ هەردوولای تورکیا و کوردی باکوور تازەیە و دەتوانن زۆر بە باشی سوود لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەربگرن لەبەرئەوەی پرۆسەی دانوستاندن و وتوویژ بۆ ئاشتیی ئارام گرتن و نەفەسی درێژخایەنی دەوێ ئەگەر هەردوولای دانوستاندنەکان بە بەرنامەیەکی جددی و تۆکمە بێنە پێش.

**هەر هەنگاوێکی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی زەمینە سازی و هاوکاری کردنی پێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی کە ئەمڕۆ لە تورکیا لە ئارادایە، هەڵقولاوی دەستگرتنە بە پرەنسیپی پابەندبوونی نەتەوایەتی و کارکردن بۆ باشتر رێکخستنی وزە و تواناکان رووەو ئامانجە ستراتیژیەکان**



## ڕەهاگەرایی
## لە ئایدیۆلۆژیای حزبی سیاسیدا

# مەیلی دیکتاتۆری پێوەندی بەحزبی زۆرینەو کەمینەوە نییە



**سەرۆک لی کوان یو کە لەساڵی ١٩٦٥ سەربەخۆیی سەنگافورای راگەیاند، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی، ئەو هێرشەی کرایە سەرم دوای ئەم بڕیارە هەم ناوخۆیی و دەرەکی بوو، ئەو دەڵێت من هێرشی میدیاکانی مالیزیام پێ ناخۆش نەبوو کە پێشتر سەنگافورا بەشێک بووە لەمالیزیا، هەروەها هێرشی میدیاکانی بەریتانیاشم پێ ناخۆش نەبوو لەبەر ئەوەی ئەم دوورگەییان لەدەستچوو بوو، بەڵکو هێرشی ئەو میدیانەی سەنگافورام پێ ناخۆش بوو کە پشتگیری مالیزیا و بەریتانیان دەکرد و دژی بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان هێرشیان دەکردە سەرم**



چۆن بە میکانیزمەکانــی دیموکراتی، دیموکراتیەت لەبار دەبرێت؟ چۆن ژینگەی کــراوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکرێتــە ژینگەیەك بــۆ لەباربردنــی دیموکراتی؟ چۆن ئایدۆلۆژیەتی رەهاگەرا یان رادیکاڵی دێتە ناو پرۆســەی دیموکراتی؟ ئایا کاتێك ئەو حزبەی هەڵگری ئایدۆلۆژیەتێکی رەهاگەرایە و دەبێتە بەشــێك لەپرۆســەکە بڕوای بەیاسای گەمــەی دیموکراتی هەیە و ئامانجی ئەوەیە رەهاگەرایی بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و لێبوردەیی، یان یاســای گەمەکە بەکاردەهێنێــت بۆ ئەوەی مەیلی رەهاگەرایی دیکتاتۆریانە بکاتە کەلتوری کۆمەڵگە؟ چۆن حزبێکی سیاســی بەشێك بێت لەپرۆسەی حکومڕانی وڵات، سیستمی سیاسیی دابەش دەکات بۆ دەســەڵات و ئۆپۆزسیۆن؟ ئایا ئەگەر دەسەڵات لە سیستمی دیموکراتی دابەش نەکرێت ئۆپۆزسیۆن بوونی دەبێت؟ ئایا ئۆپۆزســیۆن خۆی بەشــێك نییە لەدەسەڵاتی یاســادانان کە سیســتمی دیموکراتی دابەش بکات؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئایدۆلۆژیەتی رەهاگەرا و رادیکالی کەمینەی ئۆپۆزســیۆن، دەیەوێت سیستمی دیموکراتی بە دیکتاتۆریەت پیشانی رای گشتی بدات یان وەك رژێمێکی دیکتاتــۆری وێنای بــکات؟ ئایا کێ ســوودمەند دەبێت تێڕوانینــی خەڵك بۆ دیموکراتی بگۆڕێــت بۆ تێڕوانینی خەڵك بۆ دیکتاتۆریەت؟ ئایا بۆچی ئۆپۆزسیۆنی رەهاگەر و رادیکالــی حەز دەکات دیکتاتۆریەت بوونی هەبێت؟ ئایا بۆ ئەوەیە جیهان دابەش بکات بەسەر رەش و سپی یان کوفر و ئیماندا؟ ئەم پرســیارانە بە تەنیا دەرهاویشتەی حاڵەتی ناتەندروستی پەیوەندی نێوان ئۆپۆزسیۆن و حکومەت نییە، بەڵکو ئەمە دەرهاویشــتەی هەموو ئەو کۆمەڵگایانەیە کە دەست دەکەن بە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و لایەنەکانی نێو پرۆسەکە هەڵگری ئایدۆلۆژیەتی رەهاگەر و رادیکاڵن و بەوجۆرە سەیری دیموکراتی و گەمەی دیموکراتی دەکەن کە میکانیزمێکە بۆ سەرخســتی ئــەو رەوتە ئایدۆلۆژییە رادیکاڵیە، ئەمە وایکردووە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراتی و تێپەڕاندنی قۆناخی راگواســتن کارێکی ئاســان نەبێت، یان زۆر جار پرۆســەی بونیادنانی ژێرخانی دیموکراتی وا پێویست دەکات، سنوورێك بۆ ئەو ئایدۆلۆژیەتە رەهاگەرانەیە بە یاســا دابنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت سیستمی پارتایەتی بەجۆرێــك رێکبخرێتــەوە کە بتوانرێــت کار و کاردانەوەی رادیکاڵانەی نێوان حزبە سیاسیەکان بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و سازشــکردن، رەتکردنەوە و یەکتری سڕینەوە و بەرامبەر ناشرین کردن، بگۆڕێت بۆ لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن و دروستکردنی جیاواز کە رەنگەکانی کۆمەڵگە بنەخشێنێت، باشــلار وتەنی ئەگــەر قۆناخی فەلســەفەی رەتکردنەوە کۆتایــی هاتبێت، ئــەوا قۆناخی سیاســەتی رادیکاڵی بەرامبــەر رەتکردنەوەش کۆتایی هاتــووە، دەبێت قۆناخی پێکهاتنەوە و پێکەوە گونجان دەست پێبکات، هەروەك چۆن فەلسەفە بە بۆچوونی باشلار پێویستە ئاشتبوونەوە لە نێوان

چەمکە جیاوازەکاندا دروست بکات، یان هیگڵ وتەنی دەبێت قۆناخی دەسپێکی بونیادی بنەماکانی لیبرالیزم و ژیانی دامەزراوەیی کۆتایی مێژووی شەڕ و خوێنڕشتن و یەکتری ڕەتکردنەوە بێت و قۆناخی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن بێت و مێژووی پاراستنی ئازادی دەست پێبکات، بەڵام سەمەرەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لەوەدایە لەگەڵ دەسپێکی دامەزراندنی بنەماکانی لیبرالیزم و ژیانی دامەزراوەیی، قۆناخی ڕەتکردنەوە و یەکتری سڕینەوە و تێکدانی ژینگەی ئازادی دەست پێدەکات، ئەم دیاردەیە لەسەدەی هەژدەیەم کۆتایی مێژووی هیگڵی خستە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەم هۆکارەش بوو جارێکی دیکە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین کۆتایی مێژوویی فرانسیس فۆکۆیامای خستە ژێر پرسیارەوە، هۆکاری سادەش بۆ پرسیار دروست بوون لەسەر چەمکی کۆتایی مێژووی هەریەك لە هیگڵ و فۆکۆیاما، نە شۆڕشی فەرەنسا توانی ببێتە ئەو قۆناخەی جاڕی مێژوویی خوێنڕشتنی تێدا بدرێت، نە ڕووخانی دیواری بەرلین بووە هۆکاری ئەوەی خوێنڕشتن و توندوتیژی کۆتایی بێت، هۆکاری سادەش وەك پسپۆران لەچەندین توێژینەوەی جۆراو جۆرادا ئاماژەیان پێکردووە ئەوەیە:

١. لە کۆمەڵگە فرە ئیتنی و ئاینییەکانی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، کەلتوری یەکتری سڕینەوە و یەکتری ڕەتکردنەوە بۆتە بەشێك لەو تۆڕەی کە هەیکەلی کۆمەڵایەتی ئەو پێکهاتە ئیتنی و ئاینییە جیاوازانەی دروستکردووە، فەرید زەکەریا لەزاری ڕیچارد هۆڵبرۆکەوە لە کتێبی ئایندەی ئازادی ئاماژەی بەوەکردووە، سندوقی دەنگدان لەبری ئەوەی لە یوگسلافیای پێشوو لێبوردەیی و پێکەوە ژیان دروست بکات، کەچی توندوتیژی و لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتەکەی بەرهەمهێنا.

٢. لەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناخی شۆڕشگێڕییەوە بەرەو بونیادی دیموکراتی و هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرن، بەتایبەتی ئەگەر حزبە سیاسیەکان لە قۆناخی شۆڕشگێڕیدا هەڵگری ئایدۆلۆژیەتی یەکتری سڕینەوە و یەکتری ڕەتکردنەوە بووبن، ئەوا ئەم دیاردەیە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ململانێی سیاسیی سەر سندوقی دەنگدان و سندوقی دەنگدان لەبری ئەوەی کۆمەڵگەیەکی فرەحزبی و فرە بیروبۆچوون دروست بکات، زۆنی جیاوازی ئایدۆلۆژی دروست دەکات.

هەردوو حاڵەت ئەوجا چ کۆمەڵگەیەکی فرە ئیتنی و ئاینی بێت، یان کۆمەڵگەیەکی فرە حزبی ئایدۆلۆژیی ڕادیکاڵی بێت، ئەگەر بێت و لە قۆناخی یەکەمدا کۆمەڵگە بە قۆناخی وەرچەرخانی تەنگژە (conflict transformation) تێنەپەڕێت و پێکهاتەی کۆمەڵگە جیاوازەکان کەلتوری توندوتیژی لە تۆڕی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان وەرنەچەرخێنن بۆ کەلتوری لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵ کردن، ئەوا سندوقی هەڵبژاردن کێشەکە قوڵتر دەکاتەوە و لەبری ئەوەی دیموکراتی بونیاد بنرێت، کۆمەڵگە یان دەوڵەتەکە لەبەر یەکهەڵدەوەشێت، ئەم حاڵەتە چۆن لە یوگسلافیای پێشوو نەتوانرا چارەسەر بکرێت و سەرەنجام کێشەکە یوگسلافیای لەبەر یەکهەڵوەشاند و لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان دەوڵەتێك نەما ناوی یوگسلافیا بێت، ئەوا بۆ ئەمڕۆی عێراقیش کە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا کەلتوری یەکتری سڕینەوە و یەکتری ڕەتکردنەوە درێژەی هەیە، ئەوا لەبری ئەوەی دەوڵەتێکی فیدرالی فرەیی پەرلەمانی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە عێراقدا دروست بێت، دەوڵەتی عێراق وەك یوگسلافیا خۆی لەبەر یەکهەڵدەوەشێت، ئەگەر بە هاوتای میلۆسۆفیچ و سەدام حوسێنیش پەنا بۆ هێز و توندوتیژی ببرێت.

لە حاڵەتی دووهەمیشدا کە هەیکەلی حزبە سیاسیەکان بە تۆڕی ئایدۆلۆژیەتی ڕادیکاڵی چنراوە، دیسان ئەگەر حزبەکان بە قۆناخی وەرچەرخان تێپەڕنەبن و پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی ناوخۆی حزب (Intra party democracy) تێنەپەڕن، ئەوا سندوقی دەنگدان، کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی مۆزەنبیق و زامبیا و پیرۆ و سلفادۆر بەرهەمدەهێنێت.

ئەم مەترسیە وای لە فەرید زەکەریا بیرمەندی لاوی ئەمریکی بەرەگەز هیندی کرد، بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە هەڵبژاردن بە تەنیا دیموکراتی دروست ناکات، بەڵکو هەڵبژاردن بەبێ بوونی بنەماکانی لیبرالیزم لە کۆمەڵگە نەچەسپابێت، ئەوا هەڵبژاردن سیستمی لیبرال دیموکراتی دەگۆڕێت بۆ سیستمی ئیللیبرال دیموکراتی، واتە سیستمی لیبراڵی نەخۆش یان سیستمی دیموکراتی نالیبرالی، ئەم باسە (لیبرال دیموکراتی و ئیللیبرال دیموکراتی) کە لەساڵی ١٩٩٧ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوی کردەوە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٣ دەوڵەمەندتری کرد و لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (دیموکراتی نالیبرالی و ئایندەی ئازادی) بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە لەدوای هەردوو کتێبی (پێکدادانی شارستانییەکانی هنتگتن و کۆتایی مێژووی فۆکۆمایا) بە باشترین کتێب لەمێژووی هزری سیاسیی لە ئەمریکا دانراوە و پڕ فرۆشترین کتێب بووە لەدوای پێکدادانی شارستانییەکان و کۆتایی مێژووەوە، هۆکاری گرنگی ئەم کتێبەش لە سەر ئاستی جیهان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زەکەریا هەموو سیاسەتمەدارانی بە ئاگا هێنایەوە، هەڵبژاردن لەسەر بنەمای لیبرالیزم هۆکارێکە بۆ پاراستنی ئازادی، نەك لە کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا ڕەهاگەرایی و ڕادیکاڵی سیاسیی ژێرخانی بێت، کە دەشڵێین ئایدۆلۆژیەتی ڕەهاگەرایی و ڕادیکاڵی ژێرخانی بێت، مەبەست ئەوەنییە ئەم ئایدۆلۆژیەتە ئایدۆلۆژیەتی حزبی حکومڕان بێت یان هی حزبی زۆرینە بێت، لەم حاڵەتە ئەگەر عێراقی دوای ٢٠٠٣ بەنموونە وەربگرین، دەبینین حزبی دەعوای عێراق نە

**سەمەرەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو لەوەدایە لەگەڵ دەسپێکی دامەزراندنی بنەماکانی لیبرالیزم و ژیانی دامەزراوەیی، قۆناخی ڕەتکردنەوە و یەکتری سڕینەوە و تێکدانی ژینگەی ئازادی دەست پێدەکات**

**لەو کۆمەڵگایانەی کە لە قۆناخی شۆڕشگێڕییەوە بەرەو بونیادی دیموکراتی و هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرن، بەتایبەتی ئەگەر حزبە سیاسیەکان لە قۆناخی شۆڕشگێڕیدا هەڵگری ئایدۆلۆژیەتی یەکتری سڕینەوە و یەکتری ڕەتکردنەوە بووبن، ئەوا ئەم دیاردەیە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ململانێی سیاسیی سەر سندوقی دەنگدان**

لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ و نە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ زۆرینە بووە، نە حزبی یەکەمیش بووە بەپێی دەنگەکان، بەڵکو وەك ئاشکرایە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ لیستی شیعە بە تەوافوق کاندیدی حزبی دەعوا کراوە بە سەرۆك وەزیران و لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠شدا دوای ئەوەی دووبارە دەنگەکانیش هەژمار کرایەوە، هەر لیستی عێراقیە زۆرینە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیەتی حزبی دەعوا ئایدۆلۆژیەتێکی رەهاگەرا و رادیکاڵە، ئەوا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کەمینەشە گەورەترین مەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەتی دروستکردووە، پرۆفیسۆر تۆبی دۆج کە ئوستادی سیاسەتە لەزانکۆی لەندەن و راوێژکاری سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە ئامۆژگای نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ستراتیژی لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (عێراق: لەشەڕەوە بۆ ئەسۆریتاریانزمێکی نوێ) لەتازەترین وتاریدا کە لە ٢٠ مارتی رابردوو بڵاوی کردۆتەوە، مالیکی بە هەڕەشە بۆ سەر دیموکراتی دەزانێت(Maliki Is a Threat to Democracy) توبی دۆج ئەم وتارەی لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز بڵاو کردۆتەوە و تیایدا ئاماژە بەوە دەکات دوای ١٠ ساڵ لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ١٥ مانگ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئێستا عێراق لەژێر هەڕەشەیەکی بەردەوامدایە کە ئەویش تاکرەوی مالیکی-یە، لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش کاتێك بڕیاریدا هێز بەکاربهێنێت، تەنیا بۆ ئەوە نەبوو، رژێمی بەعس بڕووخێنێت، بەڵکو بۆ ئەوەبوو بنەمایەك بۆ بونیادی دیموکراتی لە عێراقدا دروست بکات و ئێستا مالیکی هەڕەشەیە لەسەر ئەم بنەمایە، هەڕەشەی مالیکی لەسەر دیموکراتی ئایدۆلۆژیەتە تاکرەو و رادیکاڵیەکەیەتی بۆیە هەموو پسپۆران ئایدۆلۆژیەتی رادیکاڵی بە ئایدۆلۆژیەتی کەمینەش بە گەورەترین هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر دیموکراتی.

**چەسپاندنی بنەماکانی لیبرالیزم ئایدۆلۆژیەتی رادیکاڵی دەپوکێنێتەوە**

ئەگەر لیبرالیزم تەنیا لەیەك خاڵدا بچووك بکەینەوە، کە لەم راپۆرتە مەبەستمانە، ئەو خاڵەش دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاواز بێت و بوونی فرەیی سیاسیی بێت لەکۆمەڵگەدا، ئەوا مانای ئەوەیە سیاسەتی کۆمەڵگەی لیبرالی هەمان ئەو بۆچوونەی باشلاری بەسەردا دەچەسپێت کە سەردەمی فەلسەفەی رەتکردنەوە کۆتایی هات و دەبێت چەمکەکان پێکەوە ئاشتبکرێنەوە و پێکەوە مانای تەواوی وشەکان دیاری بکەن، بەهەمان شێوە لەکۆمەڵگەی لیبرالیزم سیاسەت واتە سیاسەتی دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ رەش و سپی کۆتایی هات، هیچ لایەك رەشی تەواو نییە و هیچ لایەکیش سپییەکی فریشتەئاسا نییە، دەبێت هەموو لایەنە سیاسیەکان بگەنە قەناعەت لەنێوان رەش و سپی و کفر و ئیمان، ناوچەیەکی خۆڵەمێشی هەیە و هەموو خۆڵەمێشین

**لەسەردەمی ئەبراهام لنکۆڵن، هیچ بەهایەک بۆ دەستوور و راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا نەمابوو، لەبەر ئەوەی دەستوور و بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا، داوا دەکات ئەمریکیەکان بەبێ جیاوازی رەگەز و ئایین و زمان ئازادبن، بەڵام ئەو کات جیاوازی رەگەزی سپی پێست و رەش پێست هەبوو، بۆیە لنکۆڵن لەو کاتەی بڕیاریدا شکۆ و بەها بۆ دەستوور و بەیانی سەربەخۆیی بگێڕێتەوە، میدیا سپی پێستەکان زۆر بە ناشرینی هێرشیان دەکردە سەر ئەو لنکۆڵنەی کە ئێستا ئەمریکیەکان بە باوکی دامەزرێنەر و میراتی ئازادی نەتەوەکەیانی دەزانن، بۆیە لنکۆڵن لەو سەردەمە لەبەرامبەر ئەو هێرشە نارەوایانە وتوویەتی، ئێمە لەسەر بڕیاری خۆمان بەردەوام دەبین، ئەگەر سەرکەوتین قسەی ئەوان هیچ بایەخێکی نابێت، واتە ئەوان ریسوا دەبن، وەک چۆن ئێستا ئەو بیرکردنەوەیە لەمێژووی ئەمریکادا ریسوا بووە**



و هیچ لایەك سپی یان ڕەش نییە، قەناعەت هێنان بەوەی سەردەمی ڕەش و سپی کۆتایی هات، قەناعەتی لێبوردەیی و سازشکردن و پێکەوە گونجان و پێکەوە ژیان دەست پێدەکات، ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩ واقیعی کوردستان بخوێنینەوە کە٣ لیستی سەرەکی زۆرینەی دەنگەکانیان بردووە، کە ئەوانیش بریتین لە لیستەکانی (کوردستانی، گۆڕان، چاکسازی و داد پەروەریی)، ئەوا وەك ئاماری دەنگەکان دیاری کردووە، لیستی کوردستانی (پارتی و یەکێتی) ٥٩٪ و گۆڕان ٢٥٪ و چاکسازی و دادپەروەری (کۆمەڵ و یەکگرتوو و زەحمەت کێشان و سۆشیالیست) ١١٪ی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، لێرەدا لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکە بەلیستی داخراو بووە ناتوانرێت لیستی کوردستانی دابەش بکرێت بۆ پارتی و یەکێتی، هەروەها لیستی چاکسازی و دادپەروەریش ناتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر چوار لایەندا، لەگەڵ ئەوەی هەردوو حزبی زەحمەت کێشان و سۆشیالیست لەو لیستە هاتوونە دەرەوە، بەهەرحاڵ لێرەدا مەسەلە لە ڕێژەی دەنگەکان نییە، بەڵکو خوێندنەوەی حزبەکانە بۆ ئەم ڕێژانە بەوەی ئایا چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ئایدۆلۆژیەتی ڕەهاگەرایی و ڕادیکاڵی بهێنرێت، بۆ ئەوەی قۆناخی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن و پێکەوەگونجان و پێکەوەژیان دروست بێت، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. لیستی کوردستانی کە پارتی و یەکێتی پێکەوە لەو لیستە دابەزیوون، ڕێژەی ٥٩٪ی دەنگەکانیان هێناوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو بەرنامەیەی پێکەوە ئەم دوو حزبە دایانڕشتووە و، ٤١٪ی خەڵکی کوردستان بەرنامەی تریان پێ باشترە، بەڵام ئەو ٤١٪یەش هەموویان خاوەنی یەك بەرنامە نین لەبەرامبەر پارتی و یەکێتی، واتە ئەویش دابەش دەبێت بەسەر بیروبۆچوونی جیاوازدا، کە دەشڵێین بەرنامەی دیکەیان پێ باشترە، مانای ئەوە نییە بەرنامەی پارتی ویەکێتیان ڕەتکردبێتەوە، بەڵکو هەوڵیان داوە بەرنامەی باشتر لەیەکێتی و پارتی هەڵبژێرن، بەڵام زۆرینەی خەڵك ئەوەی لیستی کوردستانی پەسەند کردووە، ئەوجا لەم ڕوانگەیەوە لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵك کە دەکاتە ٤١٪ی دەنگدەری کوردستان تێبینیان لەسەر بەرنامەی پارتی و یەکێتی هەیە، ئەوا دەبێت یەکێتی و پارتی لەکاتی دروستکردنی حکومەتدا پەنا بۆ نوێنەرانی ئەو ٤١٪ بەرن بۆ ئەوەی بە چەند بەرنامەیەك بەرنامەیەکی باش بۆ حکومەت دابنرێت و پێکەوە پیادەی بکەن، یان دەبێت ئەگەر نوێنەری ئەو لایەنانە بوون بە ئۆپۆزسیۆن، دەبێت بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەخنە و بیروبۆچوونە جیاوازەکانیان بکرێت، دەبێت پارتی و یەکێتی قەناعەتیان بەو جۆرە بێت بەرنامەکەی ئەوان بە ڕەخنە و تێبینیەکانی ئۆپۆزسیۆن تەواو دەبێت.

٢. لیستی گۆڕان کە لە ٢٥٪ی دەنگەکانی لەبارودۆخێکی تایبەتی هێناوە، دەبێت بەو جۆرە ئەم ئاکامە بخوێنێتەوە، ٧٥٪ی خەڵکی کوردستان بەرنامەی دیکەی لە بەرنامەکەی ئەو پێ باشترە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە لە ٧٥٪ی خەڵکی کوردستان بەرنامەی گۆڕان ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو خەڵکی کوردستان بەرنامەی دیکە بەباشتر دەزانێت، ئەوجا لەم حاڵەتەدا ئەگەر خوێندنەوەی گۆڕان ئەو ڕاستیە قبوڵ بکات و ڕێز لە قەناعەتی خەڵکی کوردستان بگرێت کە بەرنامەی دیکەیان پێ باشترە، ئەوا دەبێت بە بەرنامەی خۆیدا بچێتەوە و هەوڵبدات بزانێت کەموکوڕییەکانی چییە و بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو چ بەرنامەیەك ئامادە دەکات، بەڵام ئەگەر هەموو بیرکردنەوەی سەرکردایەتی گۆڕان تەنیا ئەو بەرنامەیە بێت و بەشێوەیەش داکۆکی لەبەرنامەی خۆی بکات، ئەم بەرنامەیە بە شێوەیەکی ڕەها ڕاستە و لەم بەرنامەیە ڕاستتر و باشتر نییە وەك ئێستا ئیدعای بۆ دەکەن، ئەمە مانای ئەوەیە گۆڕان ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناگرێت و دەیەوێت بەزۆر و ڕادیکاڵیانە بەرنامەی خۆی بسەپێنێت، یان کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکاتە دەسەڵات و دەسەڵاتیش دەکاتە ڕەها، ئەمەش مانای ئەوەیە گۆڕان دەیەوێت بە کوردستانییەکان بڵێت لەم سیستمە سیاسیەی کوردستان پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات نییە و یەك دەسەڵات هەیە، ئەویش حکومەتە، لەم حاڵەتەشدا گۆڕان سووکایەتی بە نوێنەرەکانی خۆی دەکات، لەبەر ئەوەی بڕوای بەدابەشکردنی دەسەڵات نییە و نوێنەرەکانیشی لەدەسەڵاتی یاسادانان کە پەرلەمانە بەشدارن، پرسیار ئەوەیە ئەگەر بە بۆچوونی گۆڕان پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتێکی کارتۆنییە وەك مەجلیسی تەشریعی، ئایا چۆن ئەم هێزە تازە و لیبراڵە قبوڵیەتی نوێنەرەکانی ئەندامی مەجلیسێکی تەشریعی کارتۆنی بن، خۆ ئەگەر دەشیەوێت وای پیشان بدات کە خەڵکی کوردستان غەدریان لەگۆڕان کردووە و دەنگیان پێنەداون و دەنگیان بە پارتی و یەکێتی داوە کە دیکتاتۆرن، ئەمەش مانای ئەوەیە بزووتنەوەی گۆڕان سووکایەتی بە ٧٥٪ی خەڵکی کوردستان دەکات و بە نەزان ناویان دەبات، لەبەر ئەوەی بەرنامەیەکی پاك و بێگەردی بزووتنەوەی گۆڕان هەبووە، کەچی دەنگیان بە بەرنامەی دیکتاتۆری داوە، خۆ ئەگەر گۆڕان وەك لەچەند ساڵی ڕابردوو بەوجۆرە سیاسەتی پێڕەو کردووە، پەنا بۆ خولڤاندنی توندوتیژی و ژینگەی ناتەندروست بەرێت بۆ ئەوەی داوای گۆڕینی سیستەم بکات، ئەوا ئەمەش سووکایەتی کردنە بەدیموکراتی، لەبەر ئەوەی خۆی بەشێکە لە لقێکی دەسەڵاتی ئەو سیستمە گەندەڵ و دیکتاتۆرە، بۆیە پێش ئەوەی سووکایەتی بەدیموکراتی بکات، باشترە نوێنەرەکانی خۆی لەپەرلەمان بکێشێتەوە، ئینجا داوای گۆڕینی سیستەم بکات، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بەشێکە لە

**هێشتا کۆمەڵێک حزبی سیاسیی هەن بنەماکانی لیبرالیزمیان قبوڵ نییە و دەیانەوێت لەناو ژینگەی لیبرالی و دیموکراتیدا، هەنگاو بۆ لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی لیبرالیزم و دیموکراتی بەرن**

**هێشتا هەندێک حزب هەن، بە فیکری سەدەی هەژدەم سیاسەت دەکەن و نەگەیشتوونە ئەو قەناعەتەی نەک سیاسەتی ڕەتکردنەوە، بەڵکو فەلسەفەش وەک ڕەخنەی ڕەتکردنەوە کۆتایی هاتووە**



**گاندی کە لەمێژووی هیندستاندا بێ وێنەیە، توانی بە سیاسەتی ناتوندوتیژی گەورەترین هێزی ئەو کاتی جیهان کە بەریتانیا بوو شکست پێ بهێنێت و وڵاتەکەی ئازاد بکات، دوای ئازادیش رێزی لە ئیرادەی گەلی پاکستان گرت و بە ئاشتی جیابوونەوە، بەڵام هیندۆسە توندڕەوەکان و لایەنگرانی سوبهاس چاندرا چییان پێ نەکرد و دواتریش قینی رەشیان بە تیرۆرکردنی گاندی دەربڕی.**

دەســەڵاتی ئەو سیستمە گەندەڵ و دیکتاتۆرە، چۆن دەبێت هێزێکی مۆدرێن و دیموکراتی بەشــداری لە سیستمێکی گەندەڵ و دیکتاتــۆردا بکات!!!!، ئەم خوێندنەوەی گۆڕان و پیادەکردنی سیاسەتی بەوجۆرەی کە دەیبینین، نەك هەر رەتکردنەوە و لەبەر یەکهەڵوەشاندنی بنەماکانی لیبرالیزمە، بەڵکو لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی دیموکراتی لیبرالیە، کە دەیان ساڵە دەوڵەتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بەدەستیەوە گرفتارن و دەناڵێنن.

**٣.** لیستی چاکسازی و دادپەروەری کە دوای جیابوونەوەی سۆشیالیســت و زەحمەت کێشان، هەردوو لایەنی ئیسلامی کۆمەڵ و یەکگرتوو نوێنەرایەتی دەکەن، ئەگەر لە باشترین حاڵەتــدا وای دابنێین هەردوولا پێکەوە ١٠٪ی دەنگەکانی هەڵبژاردنیان هێناوە، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ٩٠٪ی خەڵکی کوردستان نایانەوێت ئایین تێکەڵی سیاسەت بکرێت، بەڵام ئەمــە مانای ئەوە نییە کە خەڵکی کوردســتان نایانەوێت ئیسلامی سەرچاوەی ســەرەکی یاساکانی کۆمەڵگە بێت، یان خەڵکی کوردســتان قبوڵیانە یاســاکانی وڵات دژی پرانسیپەکانی ئیسلام بن، بە پێچەوانەوە دەبێت هەردوو لایەنە ئیســلامیەکە ئەو هەقیقەتە بزانن کە خەڵکی کوردســتان بەشی هەرە زۆری موسڵمانن و قبوڵ ناکەن هیچ یاسایەك لەم وڵاتە بوونی هەبێت هاودژی لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام دروســت بکات، ئەم قەناعەتەش قەناعەتی ســەدان ساڵی نەتەوەیەکە و کاریگەری هیچ هێزێکی ئیسلامی بەسەرەوە نییە، هەروەها دەبێت لەو راســتیە تێبگەن، موســڵمانانی کوردستان خواپەرستی دەکەن نە حزبایەتی، ئەگەر دەشتوانن ئەم قەناعەتەی خەڵکی کوردستان بگۆڕن ئازادن و هەموو هۆکارێکتان لەبەر دەمە، بەڵام ئەم هۆکارانە نابێت بەو جۆرە بەکاربهێنرێت کە دژایەتی بێــت بۆ بنەماکانی لیبرالیزم و دیموکراتی، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە حزبە ئیسلامیەکان بۆ رێزگرتن لەهەستی خەڵکی کوردستان، ئەو بەرنامانەی دایدەڕێــژن بەرگــی ئاینی بەبەردا نەکــەن، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردســتان نایەوێت ئایین تێکەڵاوی سیاســەت بکرێت، یــان ئایین بکرێتە ئامرازێك بۆ سیاســەت، بۆیە لە کاتێکدا ســورن لەسەر ئەوەی بەو جۆرە سیاسەت بکەن، باشترە بەناوی ئەندام و لایەنگرانی خۆیانەوە قسەبکەن، نەك تەواوی موسڵمانانی کوردستان، لەبەر ئەوەی موسڵمانانی کوردســتان، بە سەدان ساڵ پێش دروستبوونی هەموو حزبە سیاسیەکان، ئاینیان تێکەڵاوی سیاسەت نەکردووە.

ئەم خوێندنەوەیە بۆ واقیعی هەرێمی کوردســتان بۆ ئەوەبوو ئاماژە بەوە بکەین، کە ئاکامی هەڵبژاردن پێویستە کۆتایی بە ئایدۆلۆژیەتی رەهاگەرایی و رادیکاڵی بهێنێت، بۆیە لە کۆمەڵگەیەکدا ئەم ئاکامەی بەدینەهێنا، ئەمە مانای ئەوە نییە کە بنەماکانی لیبرالیزم هەنگاو بۆ بونیادنانی نەنراوە، بەڵکــو مانای ئەوەیە هێشــتا کۆمەڵێك حزبی سیاســیی هــەن بنەماکانــی لیبرالیزمیان قبوڵ نییــە و دەیانەوێت

لەناو ژینگەی لیبرالی و دیموکراتیدا، هەنگاو بۆ لەبەر یەکهەڵوەشانەوەی لیبرالیزم و دیموکراتی بەرن، هێشتا لەو کۆمەڵگەیە ئایدۆلۆژیەتێك هەیە کە پێی وایە ئەو هێزە لیبرالیزمەی کە توانی فاشیزم و نازیەت بسڕێتەوە، هەر ئەو هێزە بنەمای فاشیزم و نازیەت بووە، ئەمەش مانای ئەوەی هێشتا هەندێك حزب هەن، بە فیکری سەدەی هەژدەم سیاسەت دەکەن و نەگەیشتوونە ئەو قەناعەتەی نەك سیاسەتی ڕەتکردنەوە، بەڵکو فەلسەفەش وەك ڕەخنەی ڕەتکردنەوە کۆتایی هاتووە.

**قۆناخی بونیادنانی نەتەوە**

**سەرکردەی کاریزما لە کۆمەڵگەی نالیبرالیدا**

کە لیبرالیزم ڕەگ و ریشەی لە کەلتوری کۆمەڵگە دانەڕشتبێت، واتە بیرکردنەوەی ڕەش و سپی، یان کوفر و ئیمان، هێشتا لەو کۆمەڵگەیە بوونی هەیە، یان هێز و لایەنێکی سیاسیی هەن کار بۆ زیندوکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەش و سپی و کوفر و ئیمان دەبەن، بۆیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیە ئەو هێز و لایەنە سیاسیانەی بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، هەوڵدەدەن ڕێز بۆ ئیرادەی خەڵك دانەنێن و، پێش ئەوەی سووکایەتی بەرامبەر دەنگدەر بکەن، سووکایەتی بە دەنگدەرانی خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوانەشی دەنگیان بەو هێز و لایەنە سیاسیانە داوە لەسەر بنەمای ڕەش و سپی یان کوفر و ئیمان دەنگیان نەداوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە خەڵك هەڵبژاردن لەنێوان ڕەش و سپی یان کوفر و ئیمان ناکات، خەڵك هەڵبژاردن لەنێوان باش و باشتر دەکات، هەربۆیە کاتێك ئەم هێزە سیاسیانە لەسەر بنەمای ڕەش و سپی و کوفر و ئیمان ئەندام و هەوادارانی خۆیان پەروەردە دەکەن، ئیتر ئەو هێزانە ژینگەیەك دروست دەکەن کە دیالۆگ و پێکەوەگونجان و سازشکردن بسڕێتەوە، لەم حاڵەتەشدا گەورەترین ئاستەنگ بۆ پرۆسەی بونیادی نەتەوە و ئەو سەرۆکەی لەو قۆناخە ڕێبەرایەتی پرۆسەی بونیاد نانەوەی نەتەوە دەکات دروست دەبێت، هەر بۆ نموونە:

١. سەرۆك لی کوان یو کە لەساڵی ١٩٦٥ سەربەخۆیی سەنگافورای ڕاگەیاند، لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی، ئەو هێرشەی کرایە سەرم دوای ئەم بڕیارە هەم ناوخۆیی و هەم دەرەکی بوو، ئەو دەڵێت من هێرشی میدیاکانی مالیزیام پێ ناخۆش نەبوو کە پێشتر سەنگافورا بەشێك بووە لەمالیزیا، هەروەها هێرشی میدیاکانی بەریتانیاشم پێ ناخۆش نەبوو لەبەر ئەوەی ئەم دووڕگەیان لەدەستچوو بوو، بەڵکو هێرشی ئەو میدیانەی سەنگافورام پێ ناخۆش بوو کە پشتگیری مالیزیا و بەریتانیایان دەکرد و دژی بڕیاری سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان هێرشیان دەکردە سەرم.

٢. لەسەردەمی ئەبراهام لنکۆلن، هیچ بەهایەك بۆ دەستوور و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا نەمابوو، لەبەر ئەوەی دەستوور بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکای دا، داوا دەکات ئەمریکیەکان بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین و زمان ئازادبن، بەڵام ئەو کات جیاوازی ڕەگەزی سپی پێست و ڕەش پێست هەبوو، بۆیە لنکۆڵن لەو کاتەی بڕیاریدا شکۆ و بەها بۆ دەستوور و بەیانی سەربەخۆیی بگێڕێتەوە، میدیا سپی پێستەکان زۆر بە ناشرینی هێرشیان دەکردە سەر ئەو لنکۆڵنەی کە ئێستا ئەمریکیەکان بە باوکی دامەزرێنەر و میراتی ئازادی نەتەوەکەیانی دەزانن، بۆیە لنکۆڵن لەو سەردەمە لەبەرامبەر ئەو هێرشە ناڕەوایانە وتوویەتی، ئێمە لەسەر بڕیاری خۆمان بەردەوام دەبین، ئەگەر سەرکەوتین قسەی ئەوان هیچ بایەخێکی نابێت، واتە ئەوان ریسوا دەبن، وەك چۆن ئێستا ئەو بیرکردنەوەیە لەمێژووی ئەمریکادا ریسوا بووە.

٣. گاندی کە لەمێژووی هیندستاندا بێ وێنەیە، توانی بە سیاسەتی ناتوندوتیژی گەورەترین هێزی ئەو کاتی جیهان کە بەریتانیا بوو شکست پێ بهێنێت و وڵاتەکەی ئازاد بکات، دوای ئازادیش ڕێزی لە ئیرادەی گەلی پاکستان گرت و بە ئاشتی جیابوونەوە، بەڵام هیندۆسە توندڕەوەکان و لایەنگرانی سوبهاس چاندرا چیان پێ نەکرد و دواتریش قینی ڕەشیان بە تیرۆرکردنی گاندی دەربڕی.

٤. دیگۆل کە دووجار فەرەنسای ئازاد کرد، جارێك لە فاشیزم و جارێك لە ژینگەی ناسەقامگیری کۆماری چوارەم، پرسیار ئەوەیە سەرکردەیەکی چەپی وەك کۆهین بندیت چی بە دیگۆل دەوت؟ کۆهین بندیت بێ شەرمانە و بەبێ ئەوەی ڕێز لە هەستی فەرەنسی و فرانکفۆنەکان بگرێت کە دیگۆلیان بە باوکی فەرەنسا و فرانکفۆنەکان دەزانی، ئەو بە سەرکردەیەکی فاشیزم ناوی دەبرد، ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی لنکۆڵن، ئایا کۆهین بندیت لەمێژووی فەرەنسادا ریسوا بوو یان دیگۆل؟ بێگومان ئێستاش دیگۆل هەر سیمبولی فەرەنسی و فرانکفۆنەکانە، هەر ئەو دیگۆلەیە کە سنغۆری سەرۆکی سینگال شیعری لەسەر داناوە، کۆهین بندیت لە مێژووی فەرەنسادا ریسوا بووە.

لەم لایەنەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەڕێز مسعود بارزانی کە لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردووەوە، بەبێ ئەوەی خۆی داوای کردبێت بەچەندین شێوازی جیاواز ئەرکی سەرۆکایەتی کوردستانی لە قۆناخە جیاوازەکاندا خراوەتە سەرشان، هەر بۆ نموونە: لەکاتی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی بە ئیجماعی لایەنە سیاسیەکان سەرۆکایەتی بەرەیان خراوەتە ئەستۆ، لە ڕاپەڕینیدا دیسان بە ئیجماعی لایەنە سیاسیەکان سەرۆك بارزانی سەرۆکایەتی کوردستانی لە ڕێگەی بەرەی کوردستانییەوە کردووە و سەرۆکی شاندی کوردستان بووە بۆ وتووێژ لەگەڵ بەغدا، هەر خۆشی ئەم سەرۆکایەتیەی ڕەتکردۆتەوەو داوای کردووە گەلی کوردستان خۆی سەرۆکی خۆی هەڵبژێرێت، لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادیشدا سەرۆك مسعود بارزانی زۆرینەی گەلی کوردستان دەنگی پێداوە و تەنیا سەرۆك

**ئەوانەی بە بڕیارەکانی مسعود بارزانی زیانیان پێدەگات، با بڕیارەکەشی بڕیاری هەڵگردنی ئاڵای کوردستان بێت لەسەر دامودەزگاکانی هەرێم، بڕیاری داگرتنی ئاڵای بەعس بێت، یا زەمینە خۆشکردن بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەوا هەندێک هەر هەن چۆن هێرشیان کردۆتە سەر لی کوان یو، دیگۆل و جۆرج واشنتۆن و لنکۆڵن و گاندی، ئەوا هێرشیش هەر دەکرێتە سەر مسعود بارزانی**



**دیگۆل کە دووجار فەرەنسای ئازاد کرد، جارێک لە فاشیزم و جارێک لە ژینگەی ناسەقامگیری کۆماری چوارەم، پرسیار ئەوەیە سەرکردەیەکی چەپی وەک کۆهین بندیت چی بە دیگۆل دەوت؟ کۆهین بندیت بێ شەرمانە و بەبێ ئەوەی رێز لە هەستی فەرەنسی و فرانکفۆنەکان بگرێت کە دیگۆلیان بە باوکی فەرەنسا و فرانکفۆنەکان دەزانی، ئەوی بە سەرکردەیەکی فاشیزم ناوی دەبرد، ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی لنکۆڵن، ئایا کۆهین بندیت لەمێژووی فەرەنسادا ریسوا بوو یان دیگۆل؟ بێگومان ئێستاش دیگۆل هەر سیمبولی فەرەنسی و فرانکفۆنەکانە، هەر ئەو دیگۆلەیە کە سنگۆری سەرۆکی سینگال شیعری لەسەر داناوە، کۆهین بندیتیش لە مێژووی فەرەنسادا ریسوا بووە**

بووە و خەڵكانی دیكە كە خۆیان كاندید كردبوو، هەڵبژاردن پیشـــانیدا كە كەس هاوشانی سەرۆك مسعود بارزانی نییە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ئیجماعی لایەنە سیاسیەكان لە پەرلەمان وەك ســـەرۆكی كوردســـتان هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ راســـتەوخۆ لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە هەڵبژێردراوەتەوە) بۆیـــە ئەگەر لەم لایەنەوە ســـەیری ماوەی ســـەرۆكایەتی بەڕێز مســـعود بارزانی بكەین، مســـعود بارزانی زیاتر لە چەند جار بەشـــێوازی جۆراوجۆر هەڵبژێـــردراوە بۆ ئەوەی سەرۆكایەتی كوردســـتان بكات نەك سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بكات، لەبەر ئەوەی ئەگەر كوردستان یەك پارچە بوایە دیسان هەر سەرۆك مسعود بارزانی هەڵدەبژێردرایەوە، ئەمەش كە دەیڵێین پیاهەڵدان نییە بە بەڕێز مسعود بارزانی، بەڵكو ئەمە هەقیقەتی ئەو سەرۆكەیە، ئەوەی لە قامیشلی بۆی دەكرێت زیاترە لەوەی لە هەولێر بۆی دەكرێت و ئەوەی لـــە دیاربەكر بـــۆی دەكرێت زیاترە لـــەوەی لە دهۆك بۆی دەكرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە كاتێك غەدر لەم سەرۆكە دەكرێـــت، وەك بەڕێزی لە كۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرنووسەر و رۆژنامەنووسانی كوردستان، ئاماژەی پێكرد و وتی، من جیاوازی ناكەم بەڵام ئێوەی رۆژنامەنووسان غەدرم لێ دەكەن، بپرســـین ئایا ئەم غەدرەی لە مســـعود بارزانی دەكرێت جێگەی سەرســـوڕمانە؟ بێگومان وەك پێشتریش بە چەند نموونەیەك ئاماژەمان پێكرد، ئەگەر مســـعود بارزانی بەدەســـتی خۆی ئاڵای ســـەربەخۆیی كوردستان هەڵبكات و كوردستانی ســـەربەخۆ رابگەیەنێت، هێشـــتا سەیر نییە ژمارەیـــەك هەبێ هێرش بكەنە ســـەری، لەبەر ئەوەی وەك جۆن رۆلز لە كتێبی (دادپـــەروەری وەك ویژدان) ئاماژەی پێكردووە، دەبێت گرێبەستی كۆمەڵایەتی لەودیوی پەردەی نەزانینـــی بەرژەوەندیـــەوە ئەنجامبدرێت، بۆیـــە كاتێك ئەم گرێبەســـتە بەو جۆرە گرێدەدرێت، نازانرێت كێ سوودمەند دەبێت و كێ زیانی پێدەگات، بۆیە ئەوانی سوودیان پێدەگات رێز لە گرێبەستەكە دەگرن و ئەوەی زیانی پێدەگات رەخنەی لێدەگرێت، شـــێوازی سەرۆكایەتی مســـعود بارزانیش كە لەماوەی زیاتر لە ٢٥ ســـاڵی رابردوو لەدوای دامەزراندنی بەرەی كوردســـتانییەوە ســـەلماندویەتی، ئـــەو لەودیووی بەرژەوەندی حزبییەوە بیردەكاتەوە، بۆیە زۆرجار لەناو پارتیشدا هەندێك هەن بە بڕیارەكانی سەرۆك مسعود بارزانی زیانیان پێـــدەگات و رەخنەی لێدەگرن، بۆیە ئەوانەی بە بڕیارەكانی مســـعود بارزانی زیانیان پێدەگات، با بڕیارەكەشی بڕیاری هەڵكردنی ئاڵای كوردســـتان بێت لەســـەر دامودەزگاكانی هەرێم، بڕیـــاری داگرتنی ئاڵای بەعـــس بێت، با زەمینە خۆشـــكردن بێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان، ئەوا هەندێك هەر هەن چۆن هێرشـــیان كردۆتە ســـەر (لی كوان یـــو)، دیگۆل و جۆرج واشـــنتۆن و لنكۆڵن و گاندی، ئەوا هێرشـــیش هەر دەكرێتە سەر مســـعود بارزانی، ئەمە چۆن لە شـــكۆی ئەو سەركردانەی كەمنەكردەوە و هەر بە باوكی

نەتەوە مانەوە، بێگومان مسعود بارزانی هەر بە باوکی نەتەوەو ڕێبەری قۆناخی بونیادنانی نەتەوە دەمێنێتەوە، بەڵام لێرەدا ئەگەر تەنیا هەڵوەستە لەسەر دوایین هەشت ساڵی ماوەی سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی بکەین، بزانین ئایا خراپی ئەم ماوەی هەشت ساڵەی سەرۆکایەتی بارزانی چییە؟ لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. لە ساڵی ٢٠٠٥ کە بەڕێز مسعود بارزانی لە پەرلەمانەوەو بە ئیجماعی سیاسیی بووە سەرۆکی کوردستان، نەك هەر ئۆپۆزسیۆن بوونی نەبووە، راستە فرەحزبی هەبوو، بەڵام ئۆپۆزسیۆن نەبووە، لە هەمانکاتدا، پێکەوە کارکردنی پارتی و یەکێتیش کارێکی ئاسان نەبووە، زۆر کەس لەو بڕوایەدا نەبوون رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەم رێککەوتنە سەرکەوت و حکومڕانی کوردستانی بەهەموو کەموکوڕییەکانییەوە خستە سەر رێگەی راست.

٢. لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانیدا، ئۆپۆزسیۆنێکی رادیکاڵی توند دروست بوو، سەرۆك مسعود بارزانی ئەو سەرۆکە نموونەیە لە مێژووی دەوڵەتانی دیموکراتیدا، توانی لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ئۆپۆزسیۆنە بکات و خۆی سەردانی هەموو لایەنەکانی کرد، ئەمە لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان موقاتەعەی دەنگدانی بە هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی کوردستان کردبوو، وەك ئەمرێکی حزبی نەك خواستی دەنگدەران.

٣. لە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانیدا کوردستان چووە سەر نەخشەی وزەی جیهان، بەشێوەیەکی شەفاف و لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئەمەش یەکەمجارە لەمێژووی کوردستاندا هەنگاو بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی تۆکمەی ئابووری هەڵبگیرێت.

٤. لەو ماوەیەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی کردووە، ئاستی کاری تیرۆریستی، توندوتیژی، بە بەراورد بە واشنتۆن و پاریس و لەندەن کەمتر بووە.

٥. لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، ژێرخانی هەموو خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان، وەك ئاو و کارەبا، کەرتی پەروەردە، کەرتی تەندروستی بەرێژەی ٨٥_٩٠٪ بونیاد نراوەتەوە.

٦. لەماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، کە رێژەی بودجەی کوردستان لەبەشەکانی دیکەی عێراق کەمترە، ئاستی گوزەران بەپێی ئاماری وەزارەتەکانی عێراق، لەهەموو عێراق باشترە و نزیکە لە ستاندەری جیهانی، رێژەی هەژاری زۆر کەمبووە.

٧. لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا سانسۆر لەسەر هەموو هۆیەکانی راگەیاندن نەبووە، زیاد لەمەش لەبواری گەیاندنی تۆڕی ئینتەرنێتدا، خێرایی ئینتەرنێت دەیان زیادی کردووە، بە بەراورد بە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی هەرێمی کوردستان لەبواری ئازادی رادەربڕین ئەگەر نموونەش نەبێت بە پلەی یەکەم دێت.

٨. لەماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆتە پایتەختی ئاشتی لەناوچەکە، وەك کینس پۆلاك لە کۆڕەکەی برۆکینگز بە ئامادەبووانی ناساند، مسعود بارزانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا، هەموو رێگەکان دەچنەوە بۆ لای بارزانی، ئەمەش سەروەرییەکی گەورەیە بۆ نەتەوەی کورد نەك بۆ شەخسی بارزانی.

٩. لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، تورکیا گەیشتە قەناعەت کێشەی کورد لەو وڵاتە بە رێگە چارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت، سەرۆك بارزانی تەنیا سەرۆك دەوڵەتە کە وڵاتەکەی گەورەترین بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ تورکیا هەبێت و پەکەکەی بە تیرۆریست نەناساندبێت، بەڵکو داکۆکی کردووە و جەختی کردۆتەوە هەتا پەکەکە ئامادەبێت بۆ ئاشتی ناتوانرێت پێی بگوترێت تیرۆریست.

١٠. لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەرژوەندی گەورەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەبووە، بەڵام یەك لایەنی سیاسیی کوردستانی ئێران گوشاریان نەخراوەتەسەر بە ئازادی کاری خۆیان دەکەن.

١١. لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، کوردستان بۆتە ماڵی دووەمی کوردەکانی سوریا، چارەسەری کێشەی کوردی سوریا خراوەتە دەستی کوردانی سوریا، بارزانی تەنیا یەك مەرجی بۆ داناون کە لایەنە کوردییەکانی سوریا پێکەوە شەڕنەکەن هەموو هاوکارییەکیان دەکرێت.

١٢. لەماوەی سەرۆکایەتی بارزانیدا، شکۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆتە شکۆی سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، رۆژنامەنووسانی بیانی ناڵێن مسعود بارزانی وەك سەرۆك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەڵکو سەرسامی خۆیان بەوە دەردەبڕن چۆن سەرۆکی هەرێمێکی فیدرالی لە پاریس و واشنتۆن و ئەنقەرا، بە ئاستی سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی دەکرێت، ئەمەش شانازییەکی نەتەوەییە کە مسعود بارزانی بۆ کوردستانی دروستکردووە.

ئەمانە و چەندین دەسکەوتی دیکە کە بوونە پرانسیپ و ناسینەوەی سیستمی حکومڕانی لە هەرێمی کورستان، هەمووی لە ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بەدەست هاتوون، بەڵام ئەم شێوازی سەرۆکایەتیەی بارزانی بەرژەوەندی هەندێك لایەنی نەخستۆتە مەترسیەوە، لە ئاست شکۆی بارزانیدا هەست بەکەمی خۆیان ناکەن؟ بێگومان چۆن لە ئاستی شکۆی گاندیدا هەندێك دژایەتیان هەڵبژارد، ئێستا لە ئاستی ئەو شکۆیەی بۆ هەرێمی کوردستان دروستبووە و هەستکردن بە کەمی خۆیان، هێرش دەکەنە سەر بارزانی. ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو ئایدۆلۆژیەتە رەهاگەر و رادیکاڵییەیە کە ناتوانێت سەرکەوتنەکانی بارزانی ببینین.

**لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانیدا، ئۆپۆزسیۆنێکی رادیکاڵی توند دروست بوو، سەرۆک مسعود بارزانی ئەو سەرۆکە نموونەیەیە لە مێژووی دەوڵەتانی دیموکراتیدا، توانی لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم ئۆپۆزسیۆنە بکات**

**لەماوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆتە پایتەختی ئاشتی لەناوچەکە، وەک کینس پۆلاک لە کۆڕەکەی برۆکینگز بە ئامادەبووانی ناساند، مسعود بارزانی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست وەک پاریس وایە بۆ فەرەنسا**

## لاورانس کۆپەر بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی سەرکردەی پۆپۆلیست نائومێدی لەناو خەڵک دروست نەکات دەبێت سیاسەت لە دیاردەی رۆمانسی و شاعیرانە دابماڵرێت

**پرۆفیسۆر لاورانس کۆپەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کارلیتۆن و تایبەتمەندە لەسەر فەلسەفەی سیاسەتی هاوچەرخ و حکومڕانی باش بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی حزبی سیاسیی لە پرۆسەی دیموکراتی و سیستمی حکومڕانی، ئەم وتویژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر کۆپەر ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** لە وڵاتانی دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەتدا، مانەوەی هزری دیکتاتۆری یەکێکە لە مەترسییەکانی قۆناغی دیموکراسی بۆ پرۆسەی پەرەپێدان لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت پەرە بە دیموکراسی بدرێت لە کاتێکدا هزری دیکتاتۆری لە ئارادا بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باش و پرسیارێکی گرنگیشە، پرسی گرنگ ئەوەیە پەرە بە نەریتی دیموکراسی و هزری دیموکراسی بدەیت، ئەویش لە ڕێی بەشداری چالاکانە لەسەر ئاستی لۆکاڵی، واتە خەڵکی بەشداری لە پرۆسەی بڕیارسازیدا بکەن لەبارەی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەیان و ئەو مەسەلانەی بایەخی پێدەدەن، واتە خەڵکی کەمتر لە ڕوانگەی عەقڵیەتی دیکتاتۆرییەوە ڕەفتار دەکەن، کاتێك زانیارییەکی ڕاستەقینەو توانایەکی ڕاستەقینەیان دەبێت.

*** لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، حزبی سیاسی تا ڕادەیەك ئایدیۆلۆژی و ڕەهاگەرانە بیر دەکەنەوە، ئایا چۆن پرۆسەی دیموکراتی لەناوخۆی حزبدا دەست پێدەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر قورسە، لەبەر ئەوەی تەنیا دەتوانین ئومێدی ئەوە بکەین کە هەمیشە عەقڵیەتی دیکتاتۆری لە هزری خەڵکدا نەبێت. من دڵنیانیم لەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانم. گرنگە پرۆسەیەکی کراوەو شەفاف هەبێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك، تەنانەت ئەو خەڵکانەش کە لەسایەی عەقڵیەتی دیکتاتۆریدا ژیاون هێشتا باوەڕیان بە بەها و بنەما دیموکراتیەکان دەبێت، ئەگەر حکومڕانی ناوخۆیی پارتەکان دیارو بەرچاو بێت بۆ خەڵك، ئەوا ئەوانەی نوێنەرایەتی دەکەن، بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن لە بەرامبەر بنەما دیموکراتیەکاندا. واتە ئەوەی دەیکەن دیار و بەرچاو بێت، ئەمەش زۆر زۆر گرنگە بۆ دیموکراسیەت لە نێو پارتەکان و لە نێوان دامەزراوەکاندا.

*** بە پێی ئەزموونی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەوا بوونی هزری دیکتاتۆریەت هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و بێ متمانەیی بە دامەزراوەکان، کەواتە تا چ ڕاددەیەك ئەم عەقڵیەتە مەترسییە بۆ سەر دیموکراتیەت؟**

- تا ڕاددەیەکی گەورە مەیلی دیکتاتۆری هەڕەشە لە پرۆسە دیموکراتیەکەو پەرەپێدانی دیموکراسی دەکات. پێم وایە دوو شت کە تا ئێستا ئاماژەیان پێکراوە، پەیوەستن بە وەڵامەکەوە، ڕەنگە گرنگترین شت کە بیری لێبکەمەوە بریتی بێت لە چۆنیەتی بەرهەڵستیکردنی مەیلە دیکتاتۆرییەکان، کە لە ڕێی بەشدارییەکی بەربڵاو، تێیدا زۆرترین خەڵك-کە مومکین بێت- بەشداری بکات. خەڵکی بیرکردنەوەی دیموکراتیانەیان دەبێت کاتێك هەست دەکەن توانایەکی زیاتریان هەیەو باشتر لە خەڵکی دیکە بەرهەڵستی مەیلی دیکتاتۆری دەکەن، کاتێك زانیارییان و ئەمەش وایان لێدەکات متمانەیان هەبێت....کەواتە پۆپۆلیزم

مەترسیدارە، مەترسیداریەکەشی لەوەدایە خەڵکی چاوەڕێ دەکەن لەلایەن پاڵەوانێکەوە ڕزگاربکرێن، کەواتە پێویستە سیاسەت لە ڕۆمانسیەت و شاعیریەت دابماڵرێت و .... ئامادەی بەشداری کردن لە هەندێ کاردا بکەن کە وروژاندن و بریقەداری تێدا نەبێت لە بواری حکومڕانیدا، ئەمە وەك پێوەندی نێوان خێزان وایە، کە دەبێت بەسەر چاوەڕوانیە ڕۆمانسیەکانی نێوان ژن و مێرد زاڵبن و لەوە تێبگەن کە پێویستە بەرپرسیارێتی ژیان هەڵبگیرێت.

*** لەگەڵ دروستبوونی پۆپۆلیزمدا ڕەشبینی و بێهیوای دروست دەبێت و ئەو کاتەش سەرکردە پۆپۆلیستیەکان سوود لەم ڕەشبینیە وەردەگرن و پتر دامەزراوەکان لاواز دەکەن و بوار نادەن دامەزراوەکان کاری خۆیان بکەن، تا چ ڕادەیەك سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم مەترسی بۆ سەر سەروەری یاسا هەیە؟**

- تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ دەرکەوتنی پۆپۆلیزم بێ ئومێدی دروست دەبێت. من فەلسەفەی سیاسی دەڵێمەوە، وەك ئەرستۆ و ئەفلاتۆن پێیان وایە ئەگەر بتەوێت ڕژێمێکی سەرکەوتوت هەبێت، ئەوا دەبێت هاووڵاتیەکت هەبێت کە خاوەنی ڕادەیەك لە فەزیڵەت بێت، کە بتوانێت کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەڕێوەببات و بەرهەڵستی مەیلی ملکەچبوون بۆ دەسەڵات بکات و. واتە ڕۆحێکی گشتی هەبێت و پێویستە ئاستێك لە غیرەی هەبێت بەرامبەر ئەوانەی ئازادییە تاکەکەسیەکان زەوت دەکەن. پێم وایە ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی هەمیشە چاوی لەوانی دیکەیە کە کارێکی بۆ بکات، هەمیشە لە مەترسیدایە، وەك پۆپۆلیزم، ئیتر کۆمەڵگەکە بەرەوپێش بچێت یان نا، ئەمە نیشانەی داڕوخانی دیموکراسیە، کە هەمیشە خەڵکی چاوی لەوە بێت کەسێکی دیکە بەختەوەری بۆ بێنێت.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە هزری دیکتاتۆری تەنیا پەیوەست نییە بەو پارتانەی حکومڕانن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، بەڵکو لە نێو پارتەکانی موعارەزەشدایە ئەو مەیلە هەستی پێدەکرێت و ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی نێوانیاندا، ئەگەر ئەم کەلێنە هەبێت، ئەوا تا چ ڕادەیەك هۆکارێك دەبێت بۆ پشێوی و ناسەقامگیری؟**

- هەموو ئەوانە مەترسین، پێویستە جۆرێك لە تێگەیشتن لە ئارادابێت و بە دڵنیاییەوە دەبێت جۆرێك لە ڕێزگرتن هەبێت، مەرج نییە خۆشەویستی و سۆزداری هەبێت. ئێوە باس لە عەقڵی دیکتاتۆری دەکەن و چۆن لەو کۆمەڵگەیانەدا زاڵن کە دیکتاتۆری بوونە، بەڵام هەمیشەو لە هەموو شوێنێکیدا مەیل و خواستی دیکتاتۆری بوونی هەیە، سیاسییەکان خەڵکانی بە تموحن و خواستی دەسەڵاتیان هەیە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا مەیلی نادیموکراتی بوونی هەیە. بەڵام ڕەنگە ئەمە کێشەیەکی گەورە بێت بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە لەسەرەتای دیموکراسیدان، کە هێشتا متمانەو گفتوگۆ لە ئارادا نییە، بەڵام مەسەلەی گرنگ، جگە لە سۆزو تەنانەت متمانەو گفتوگۆکردن، بریتیە لە ڕێزگرتن لە ڕکابەرەکان، لە نێو هەمان پارت و هەروەها لە نێوان پارتەکاندا. کەواتە کارێکی یارمەتیدەرە ئەگەر لەوە تێبگەین کە بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگەداو تەنانەت بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات لە پارتە سیاسیەکاندا، دژواری دەخولقێنێت. من هاوڕام لەگەڵ ئەو فەیلەسووفە دێرینانەدا کە پێیان وایە پێویستە کۆمەڵگەی باش لە هاووڵاتی باش پێکهاتبێت، کە خاوەنی ئاستێك لە فەزیڵەت بن، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئێمە بە تەنیا پشت بەمە ببەستین. ئەگەر ڕێگایەك هەبێت بۆ بە نامەرکەزیکردنی دەسەڵات، کە عەقڵیەتی دیکتاتۆری کەسێك پارسەنگ دەدرێتەوە بە عەقڵیەتی دیکتاتۆری کەسێکی دیکە، ئەمە مەسەلەیەك بوو لە هزری داڕێژەرانی دەستووری ئەمەریکادا، کاتێك ئەوراقی فیدراڵیان نووسی و بەرگرییان لە دەستوورە پێشنیارکراوەکە کرد، کاتێك بۆ نموونە، وتیان پێویستە تموحێك هەبێت ڕێ لە تموحی دیکە بگرێت. ئێمە نامانەوێت جگە لە فەزیڵەت هیچی دیکەمان هەبێت، بەڵام ئەو کاتە خەڵکانێك دەبن تموحیان دەبێت و ڕەزیلەتیان دەبێت و بە هیچ شێوەیەك فەزیڵەتیان نابێت، کەواتە خواستی کەسێك بۆ دەسەڵات لەبەرامبەر خواستی کەسێکی دیکە بۆ دەسەڵاتدا دەوەستێت. گرنگە ڕەچاوی ئەمە بکرێت لە کاتی دروستکردنی دامەزراوەکاندا، واتە ناچاربکرێن بۆ ئەوەی ڕێز لەوانی دیکە بگرن، واتە جگە لەم ڕێگایە، ڕێگاچارەیەکی دیکەی نەبێت.

*** چۆن ئەتوانرێت سیستمی حزبایەتی بە شێوەیەك ڕێك بخرێتەوە کە خزمەت بە دیموکراسی بکات؟**

- پارتەکان گەشە دەکەن کاتێك دەتوانن و بەو شێوەیەی دەتوانن خزمەت بکەن، هەر بۆ نموونە کە دەستووری ئەمەریکا داڕێژرا، پارتە سیاسەکان بوونیان نەبووە، لە هزری داڕێژەرانی دەستووردا-، بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە پارتە سیاسیەکان نەکراوە لە دەستووری ئەمەریکادا، پێشبینی پێکهاتنی پارتە سیاسیەکانیش نەدەکرا، بەڵام لە سایەی یەکەم ئیدارەی سەرۆك جۆرج واشنتۆندا، پارتەکان دەستیان بە پێکهاتن کردو سیستمەکە بەرەوپێشچوو، بەڵام پلانێك نەبوو لەلایەن داڕێژەرانی دەستوورەوە، کەچی زۆر بە باشی بەرەوپێشچوو، ئەویش لەبەر ئەوەی دەستوورێك دروست بوو، کە دەسەڵاتی بە نامەرکەزیکردو بە شێوازی جیا دەسەڵاتی دابەشکرد و لێکی جیاکردنەوە، ئەویش لە نێو لقە جیاوازەکانی حکومەتدا، لە نێوان حکومەتی نەتەوەیی و حکومەتی ویلایەت و پارێزگاکاندا، هەروەها لەسەر هەموو ئاستەکان سنوورێك بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەت دانرا، کەواتە لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا، سیستمی پارتایەتی گەشەی کردو ناچاربوو خۆی لەگەڵ ئەو سنووردانەدا بگونجێنێت.

**پۆپۆلیزم مەترسیدارە، مەترسیداریەکەشی لەوەدایە خەڵکی چاوەڕێ دەکەن لەلایەن پاڵەوانێکەوە ڕزگاربکرێن، کەواتە پێویستە سیاسەت لە ڕۆمانسیەت و شاعیریەت دابماڵرێت**

**ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی هەمیشە چاوی لەوانی دیکەیە کە کارێکی بۆ بکات، هەمیشە لە مەترسیدایە، وەک پۆپۆلیزم، ئیتر کۆمەڵگەکە بەرەوپێش بچێت یان نا، ئەمە نیشانەی داڕوخانی دیموکراسیە، کە هەمیشە خەڵکی چاوی لەوە بێت کەسێکی دیکە بەختەوەری بۆ بێنێت**

# ئێمە بۆ پێویستیمان بە سەرۆک مسعود بارزانی یە



نەزهەت حالی

رۆڵی سەرکردەو رابەر لە هەر بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازیدا زۆر بەرچاوو دیارە، هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست بەبێ سەرکردەو رابەر ناگاتە رزگاری و سەربەستی. ئێمەی کوردیش بەدەر نین لەو پێویستییەو بگرە لە هەموو سەردەمەکان و لەبەر گەلێك هۆكار (لەوانەش دەستەبەربوونی سەربەخۆیی) هەبوونی سەرکردەو رابەر زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی هەموو تواناو هێزە نەتەوەییەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە چوارچێوەی هزرو ستراتیژیەتی رزگاریخوازی کۆبکاتەوە. بێگومان ئەمەش ئەرکێکی هێندە ئاسان نییە بۆ سەرکردەو رابەرەکان، چونکە نەك تەنیا رووبەڕووی تەحەدیاتی ناوخۆ و دەرەوە دەبنەوە، بەڵکو هەندێك جار رووبەڕووی هەڕەشەو مەترسی راستەقینەی لە ناوبردن یا شکست پێهێنانیش دەبنەوە، بەڵام لە ئەنجامدا هەر تەنیا ئەو سەرکردە و رابەرانەی کە ژیانی خۆیان بۆ رزگاری نەتەوە و وڵاتەکانیان تەرخان کردووە سەردەکەون. گەر لە کاتی مانەوەی ئەم سەرکردە و رابەرانە لە ژیاندا، رزگاری دەستەبەر نەبوویێت ئەمەش لەبەر زۆر هۆکار (لەوانە پلانی دوژمنان)، بە دڵنیاییەوە پەیڕەوانیان لە داهاتوودا لە ژێر سەرکردایەتی رابەرێکی تر ئازادی و سەربەخۆیی پێشکەشی نەتەوەکەیان دەکەن.

بەرلەوەی بچینە ناو ناوەڕۆکی وتارەکەم، بە پێویستی دەزانم باس لە تایبەتمەندییەکانی بارزانی نەمر بکەم، ئەو سەرکردەو رابەرەی کە توانی بە شارەزایی و لێزانی خۆی لەم بەشەی کوردستان تا رادەیەکی زۆر ریزەکانی کورد یەك بخات و بەربەستی پەرتەوازەیی کورد لە رووی ناوچەگەری و پەیوەست بوون بە خێڵ و عەشیرەت نەهێڵێت(کە پێشتر بەربەست و رێگر بوو لە هەمبەر یەکێتی نەتەوەیی کورد). مستەفا بارزانی توانی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی و رۆحی گیان فیدایی بۆ وڵات لە ناو کورددا بەهێز بکات، تا ئەو رادەیەی کە کوردستان یان نەمان ببوو بە دروشمی سەرزاری زۆرینەی خەڵکی کوردستان. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن و لەبەرچی بارزانی توانی سەرکەوتوو بێت؟ بێگومان هەندێک تایبەتمەندی کەسایەتی و هۆکار هەبوون کە کاریگەرییان هەبوو لەسەر سەرکەوتنی بارزانی نەمر، هەوڵ دەدەین لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرنگترینیان بکەین:

**بارزانی و عەقیدە:** لە دایك بوونی بارزانی نەمر لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کوردپەروەر و دادپەروەر هەروەها فاکتەری هزری نەتەوەیی شێخ عبدالسلام و شێخ ئەحمەدی بارزان، کاریگەری زۆریان لەسەر دروست بوونی کەسایەتی بارزانی نەمر هەبوو. باوەڕی بەهێزی بارزانی نەمر بە خودا و رێبازی نەقشبەندی (کە بارزانییەکان هەڵگری ئەو باوەڕەن)، هۆکارێك بوو بۆ بەهێزتر و پتەوتربوونی باوەڕی بارزانی بە خۆی و نەتەوەکەی، بەوەی کە بەرگری لە نەتەوەیەکی ژێردەست و ماف خوراو دەکات و خوای گەورەش پشتیوانی دەبێت لە خەباتی رزگارکردنی نەتەوەکەی.

بێگومان ئەو باوەڕە کاریگەری لەسەر متمانە پێ کردنی

گەلی کورد بە بارزانی هەبوو کە زۆرینەی موسڵمان بوون. لە هەمان کاتدا بارزانی باوەڕی بە ڕێزگرتن لە ئایین و نەتەوەکانی تر هەبوو، هەر بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە نەتەوەکانی تر و پەیڕەوانی ئایینەکانی تر، ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمریان لا پەسەند بوو و بە کردەیی و چالاکانە، بەشدارییان لە شۆڕش دا دەکرد.

**ئازایی و بوێری:** مستەفا بارزانی مرۆڤێکی زۆر ئازاو بوێر بوو، هەبوونی ئەو خەسڵەتەش پێویستییەکی گرنگە بۆ سەرکردەیەک کە سەرکردایەتی شۆڕشێکی چەکداری و سیاسی بکات، لەو کاتانەش لەبەر کەمی هێزی چەکدار، پێویست بوو سەرکردە بە خۆی بەشداری لە بەرەی جەنگدا بکات، نەوەک هەر تەنیا پلاندانەر و داڕێژەر و سەرپەرشتیاری جەنگ بێت. بارزانی شان بە شانی هەڤاڵەکانی لەناو شەڕەکاندا بووە، ئازایەتی و مەردایەتی بارزانی تا ئەو ڕادەیە بووە کە ئەوانەی لەگەڵ بارزانی بوون هەستیان بە مەترسی نەدەکرد.

**نەویستنی ماڵی دنیا:** بارزانی گەورە، مرۆڤێکی ماددی نەبوو، کەسێکی دەست کراوە بووە، تەنانەت لە کاتی نەبوونی و پێویستیدا، زێڕ و خشڵی هاوسەرەکانی فرۆشتووە و لەوانەی خەرج کردووە کە لەگەڵی بوون. هیچ کات چاوی لە ماڵی دنیا و سەروەت و سامان نەبووە.

**باوەڕی دادپەروەری:** دادپەروەری و دژ بە زۆرداری لە باوەڕە هەرە بەهێزەکانی بارزانی بوون، هیچ کات ڕێگەی نەداوە غەدر و ستەم لە خەڵکی بێدەسەڵات بکرێت. بارزانی نەك تەنیا بانگەشەی بۆ دادپەروەری دەکرد بەڵکو بە کردەیی جێبەجێی دەکرد.

**کاریگەری و کاریزما:** بارزانی خاوەن توانایەکی بێ وێنە بوو لە رووی پەیوەندی کردن بە خەڵك و دروست کردنی کاریگەری لەسەریان، کە پەیوەندییەکانی تەنیا لەگەڵ چین و توێژێك، یان لە ناوچەیەك قەتیس و سنووردار نەبوو، بەڵکو هەموو ئاستەکان و سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستانیشی دەگرتەوە. ئەمەش شتێکی کەم نەبوو بەڵکو وەکو هێزی نەرم (واتە سۆفت پاوەر) وابوو، کە بەبێ بەکارهێنانی هێز و پارە، دەیتوانی متمانەی خەڵك رابکێشێت و بۆ خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان سوودی لێ وەربگرێت.

**ناسینی کۆمەڵگا:** خاڵێکی هەرە گرنگی تر کە هەندێک پێیان وایە ئەمە گرنگترین و جیاوازترین خاڵی جیاکەرەوەی بارزانی مستەفایە لە سەرکردەکانی تری کورد و رەمزی سەرکەوتنی بارزانی بووە، ئەویش ئەوەیە کە بارزانی کۆمەڵگای خۆی زۆر بە باشی ناسی بوو، بۆیە توانی زۆر بە باشی ڕێبەرایەتی خەڵك بکات و دەیزانی چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات.

**ژیان بۆ نەتەوە:** قوربانیدان بە خۆشەویسترین کەسەکان و پربەهاترین شتەکان، یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سەرکردەو ڕێبەرە سەرکەوتووەکان. بێگومان ڕێگای ئازادی وڵات ئاسان و بێ کێشە و قوربانیدان نییە، ئەوەی کە نیازی رزگارکردنی نەتەوەی خۆی هەیە بەر لە هەموو شتێک دەبێت خودی خۆی وابەستی هیچ کەس و شتێک نەکات، بارزانیی نەمر لەو بوارەدا لە نێو ڕێبەرە ئازادیخوازەکان نموونەیەکی زۆر دیارە، قوربانی بە خۆشەییەکانی ژیان و سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵی خۆی داوە، بارزانیی نەمر زۆر بە کەمی لە ناو منداڵەکانی ژیاوە و تەمەنێکی زۆری لە دووری ئەوان بەسەربرد، گەر بەو شێوەیەش نەبوایا بێگومان نەدەبووە ئەو ڕێبەرە مەزنە.

**وەفا و سادەیی:** وەفاداری و خۆشەویستی بۆ دڵسۆزان و تەوازوع خەسڵەتێکی دیاری بارزانیی بوو، کە خۆشەویستییەکی تەواوی بۆ ئەو قارەمانانە هەبوو کە لەگەڵی بوون و لە کەسە نزیکەکانی خۆی خۆشتری دەویستن و متمانەی زیاتری پێ هەبوون. تاکە پێوەر لای بارزانی خۆشەویستی وڵات و تێکۆشان و پاکی بوو بۆ نەتەوە و نیشتیمان. گەر کەسێك چاکەی لەگەڵ بارزانی یا پێشمەرگەکانی کردبا هیچ کات لە بیری نەدەکرد. بارزانیی مستەفای نەمر لە (هەڵسوکەوت، دانیشتن لەگەڵ خەڵك، جلوبەرگ پۆشین، خواردن...) مرۆڤێکی زۆر سادە بوو و زۆرجار لەگەڵ شوانێك و کەسێکی سادە بۆ ماوەیەکی زۆر دانیشتووە و گفتوگۆی لەگەڵ کردووە، هیچ کاتێک خۆی لە نەتەوەکەی جیا نەکردۆتەوە.

**پێگەیاندنی سەرکردە:** بارزانی نەمر لە هونەری سەرکردایەتی کردنی سیاسی و سەربازی و پەروەردەکردنی کەسانی سەرکردەدا زۆر بە توانا بووە، کە ئەویش لە ئەنجامی ئەزموونی خەباتێکی دووردرێژ بەدەست هاتبوو. زۆر بابەت و نموونە هەن کە باسیان لێوە بکرێت بەڵام نامەوێت باس لە وردەکارییەکان بکەم، تەنیا ئاماژە بە هەندێك لایەنی گرنگی هونەری سەرکردایەتی کردنی بارزانی دەکەم. بارزانی هەمیشە هەڵسەنگاندنی بۆ دەرئەنجامی کارەکانی دەکرد، دیارە کە ئەمەش رەفتار و کاری ئەو سەرکردانەیە کە خاوەن ئەزموون و دووربینییەکی باش بن، لە بڕیاردان یەکلاکەرەوە بووە و ڕاڕا و دوودڵ نەبووە، راوێژی بە کەسانی تر کردووە، پرەنسیپی پاداشت و سزای پەیڕەو دەکرد، لە هەڵە و کارە نادروستەکانی دەپێچیەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵ سەرپێچیکاران دەکرد لە هەر پلە و پایەک بوایا. هەروەها بارزانی وەکو هەر ڕێبەر و سەرکردەیەکی ئەم سەردەمە بە ئەرکی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی سەرکردەکان هەڵدەستا (کە بە پێی زانستی بەڕێوەبردن ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕێبەر) و لەم بوارەدا زۆر سەرکەوتوو بووە، زۆربەی ئەو سەرکردانەی کە لەگەڵ بارزانی بوون کوڕی خەڵکی هەژار و لەو کەسانە بوون کە باوکیان شەهیدببوون یان لە ژیاندا نەمابوون، سەرکردەکانی تریش کە لەگەڵی بوون و لە بنەماڵە دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتووەکانی کوردستان بوون، تەنیا لەبەر توانا و لێهاتوویيان ببوونە سەرکردە نەك لەبەر پێگەی بنەماڵەکانیان.

**بارزانی باوەڕی بە ڕێزگرتن لە ئایین و نەتەوەکانی تر هەبوو، هەر بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە نەتەوەکانی تر و پەیڕەوانی ئایینەکانی تر، ڕێبەرایەتی بارزانیی نەمریان لا پەسەند بوو و بە کردەیی و چالاکانە، بەشدارییان لە شۆڕش دا دەکرد.**

**سەرۆک مسعود بارزانی هەر تەنیا کوڕی مەلا مستەفا بارزانی نییە کە کورد دانیان پێ دەنا و پێی دەنێن، بەڵکو خۆیشی سەرۆکێکە کە بەرپرسە باڵاکانی وڵاتانی گەورەی دنیا بە کەسایەتیەکی حەکیم وەسفی دەکەن. سەرۆکێکە کە هەڵبژێردراوی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە**

**خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان:** خۆشەویستی لە رادەبەدەر بۆ نەتەوەو نیشتیمان، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی بارزانیی نەمر کە کوردو کوردستانی لە دڵەوە خۆش دەویست، گەر ئەو ئەڤین و عەشقە بۆ وڵات نەبوایا بارزانی نەیدەتوانی لە ماوەی ژیانی خۆیدا ئەو هەموو قوربانییە بدات، بزوێنەری خەباتی بارزانی بۆ رزگارکردنی کورد و کوردستان ئەو عەشق و خۆشەویستییە بووە.

بێگومان تایبەتمەندییەکانی بارزانی نەمر زۆر زیاترن لەمانەی سەرەوە، بەڵام هەرئەوەندە بەس بوون بۆ ئەوەی بارزانی نەمر ببێتە سەرکردەو رێبەرێك کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەو سەردەمەدا وەکو سەرکردەو رێبەر قبوڵی بکەن و لەگەڵیدا بن. بارزانی ئەو کەسە بوو کە خەبات و قوربانیدانی لە ماوەی ژیانی، کردی بە سەرکردەو رێبەر تا ئەو رادەیەی کە بە پێی وتەی یەکێك لە یاوەرانی بارزانی بۆ سۆڤیەت (کە ئەو کات پاسەوانی بارزانی بوو): لە ساڵانی شەستەکان جارێکیان بارزانی هەندێك میوانی لابوون، بارزانی گلەیی لە هەندێك بەرپرس هەبوو و لە بارودۆخەکە نارازی بوو و بە میوانەکانی وت (من ئەمجارە سەرۆکایەتی ناکەم با کەسێکی تر بیکات)، یەکێك لە ئامادەبووەکان (کە بە تەمەن بووە) هەڵساوەتەوە و بە بارزانی وتووە ((تۆ چارەت نییە دەبێت خۆت هەڵبژێریت، چونکە ئێمەی کورد سیفەتێکی خراپمان هەیە کە دان بە یەکتر نانێین، لە مێژووی کورد تەنیا مەلا مستەفای بارزانی هەڵکەوتووە کە هەموو کورد دانی پێبنێن، گەر ئێستا هەر یەکێك لە ئاغاکانی کوردستان و لە پیاوە گەورەکانی کورد بڵێن ئیمە گەورەی کوردین ئەوەی تر قبوڵی ناکات، گەر بشڵێن ئێمەش سەرکردەین وەك مەلا مستەفای بارزانی، تەنانەت هاوسەرەکانیشیان لێیان قبوڵ ناکەن و دەڵێن تەنیا یەك مەلا مستەفای بارزانی هەیەو ئەو گەورە و رێبەرە)).

لەگەڵ هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە، گەر دوو هۆکار و پاڵپشتی تر نەبوایا، بارزانی سەرکەوتوو نەدەبوو، ئەوانیش:

یەکەم: بوونی بارزانییەکان لە دەوری بارزانی، ئەو بارزانییانەی کە لەبەر هۆکاری ئایینی و پەیوەست بوونیان و گوێڕایەڵییان بۆ شێخی بارزان، پێگیرییەکی تەواویان بە بارزانی نەمر هەبوو. ئەو بارزانییانەی لەگەڵ بارزانی بوون، بارزانی نەمریان لە هەموو کەسێك و لە هەموو شتێك لەو جیهانە زیاتر خۆشدەویست و بۆ ئەوان تەنیا بوونیان لەگەڵ بارزانی و رازی بوونی بارزانی لێیان، هەموو شتێک بوو. ئەمانە بە هەمان شێوەی بارزانی نەمر قوربانییان بە سەروەت و سامان داوە و دووربوون لە خانەوادە و ژن و منداڵەکانیان، تەنانەت زۆر لەوان قوربانییان بە ژیانی خۆشیان داوە یان شەهیدبوون یا بریندارو کەم ئەندام بوون. هەر ئەو هێزە دڵسۆز و شەڕکەر و خۆڕاگرە ئەو توانایەی بە بارزانی دا کە خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستانیش لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و شۆڕش فراون ببێت و ببێتە شۆڕشێکی سەرتاسەری.

دووەم: دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بۆ رێکخستنی خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستان. بێگومان بەبێ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو نەهجە سیاسییە میانڕەوە (کە بووە هۆی کۆکردنەوەی ئەو هەموو خەڵکە لە دەوری پارتی و بارزانی) بارزانی نەمر بەو شێوەیە سەرکەوتوو نەدەبوو، بە تایبەت پارتی چەترێك بوو بۆ کۆبوونەوەی هەموو خەباتگێڕانی کوردستان ئینجا خاوەن هەر ئایدیۆلۆژیاو نەتەوەو باوەڕێکی ئایینی بن.

هەروەك لە سەرەتای ئەم نووسینە باسم کرد، هیچ نەتەوەیەکی ژێردەست بە بێ سەرکردە و رابەر ناگاتە رزگاری و سەربەستی خۆی. ئێمەی کوردیش زیاتر پێویستییمان بەو سەرکردەیە هەیە، سەرکردەیەك کە لە ناو خەم و ئازارەکانی نەتەوەکەی و لە ناو شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان گەورە بووبێت، لە ئەنجامی خەبات و بەرگری کردن لە نەتەوەکەی بووبێت بەسەرکردە و سەرۆك. سەرکردەیەك کە درێژەپێدەری رێبازی بارزانی نەمر بێت، ئەو بارزانییە مەزنەی ئەگەرچی لە خێڵی بارزان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و رێبەری بزاڤی رزگاریخوازی ئەم بەشەی کوردستان بوو، بەڵام تەنیا موڵکی ئەوان نەبوو، بەڵکو موڵکی هەموو کوردێك و کوردستانییەك بوو، سەرۆکێك کە متمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی هەبێت، سەرۆکێك کە لە هەر شوێنێک بێت، لە کوردستان لە ناو خەڵکی خۆی، لە بەرانبەر نەیاران یان لای دۆستانی نەتەوەکەی، بە بێ دوو دڵی و بە بێ خۆ کەم کردن بەرگری لە مافی نەتەوەکەی بکات. سەرۆکێکی راستگۆ، سەرۆکێکی خاوەن باوەڕ بە نەتەوە و نیشتیمان.

زۆر کەس هەن بانگەشەی دیموکراسی و مافی خەڵك دەکەن بەڵام تەنیا بۆ مەرامی کەسیی خۆیان بەکاری دەهێنن، هەروەها زۆر کەس کاری سیاسی دەکەن، بەڵام تەنیا بۆ ناوبانگ و دەستکەوتی کەسی خۆیانە. لەوە دڵنیاین ئەو سەرکردە و سەرۆکەی باسی لێوە دەکەین جیاوازە لەو کەسانە، باوەڕی بە نەتەوەکەی نەگۆڕە. نەتەوە و خاکی وڵاتەکەی خۆش دەوێت، ئەو بۆ پارە و دەسەڵات بەرپرسیارێتی وەرناگرێت، بەڵکو بەرپرسیارێتی بۆ ئەو ئەرکێکە کە بۆ دەستکەوتنی مافەکان خستوویەتییە ئەستۆی خۆیەوە. هەروەکو ئەو پیرەمێردەی کە بە بارزانی نەمری گوتبوو، ئێمەی کورد دان بە یەکتر دانانێین و لە ناو کورد تەنیا مەلا مستەفایەکی بارزانی هەڵکەوتووە کە کورد دانی پێ بنێن و ناچارە سەرۆکایەتی بکات، ئێستاش سەرۆک مسعود بارزانی هەر تەنیا کوڕی مەلا مستەفا بارزانی نییە کە کورد دانیان پێ دەنا و پێی دەنێن، بەڵکو خۆیشی سەرۆکێکە کە بەرپرسە باڵاکانی وڵاتانی گەورەی دنیا بە کەسایەتیەکی حەکیم وەسفی دەکەن. سەرۆکێکە کە هەڵبژێردراوی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە. پێشتر کە

**گەر کەسێک چاکەی لەگەڵ بارزانی یا پێشمەرگەکانی کردبا هیچ کات لە بیری نەدەکرد. بارزانیی مستەفای نەمر لە (هەڵسوکەوت، دانیشتن لەگەڵ خەڵک، جلوبەرگ پۆشین، خواردن...) مرۆڤێکی زۆر سادە بوو و زۆرجار لەگەڵ شوانێک و کەسێکی سادە بۆ ماوەیەکی زۆر دانیشتووە و گفتوگۆی لەگەڵ کردووە، هیچ کاتێک خۆی لە نەتەوەکەی جیا نەکردۆتەوە**

باسی هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بارزانی نەمرم کرد، بۆ ئەوە بوو کە بە بیر بەڕێزتان بهێنمەوە کە خەباتی سەرۆك مەسعود بارزانی لە خەباتی بارزانی نەمر جیاواز نییە، درێژەپێدەری ئەو کاروانەیە، مەسعود بارزانیش بە ڕادەی بارزانی نەمر خۆشەویستی بۆ نەتەوەکەی هەیە و هەروەکو بارزانی نەمر قوربانی بە ئازیزترین کەسانی خۆی داوە، بە ساڵان لە ماڵ و منداڵەکانی دووربووە، هەمیشە ماڵەکەی لە خەڵکەکەی دوورنەکردۆتەوە. تاکە ڕێگا کە دەیبینێت ڕێگای رزگاری نەتەوەکەیەتی، خەڵکی کوردستان بە خۆیان دەبینن کە سەرۆک لە خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلەکەی بەشدارە.

سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی کردن کارێکی ئاسان نییە، زۆر کەس هەن کە لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر پلەی بەرز وەردەگرن، بەڵام ناتوانن ببن بە سەرکردە. سەرکردە ئەو کەسەیە کە گۆڕانکاری دروست دەکات و کاریگەری راستەقینەی لەسەر ڕووداوەکان هەیەو ئامانجەکان دەستەبەر دەکات، سەرکردەی نەتەوەیەك دەبێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و هەمبەر پرسی سەرەکی نەتەوەکەی خاوەن هەڵوێست بێت، بەڵام دەبێت واقیعی و دووربین و بوێر بێت، بە حیکمەت هەڵسوکەوت بکات و مەشروعیەتی هەبێت، ئامادەی قوربانیدان بێت لە پێناو نەتەوە و نیشتیمانەکەی، سەرکردەی نەتەوەیەك بەدوای خۆشی و بەرژەوەندی خۆی ناگەڕێت، سەرکردەی نەتەوەیەك کە ئەم خەسڵەتانەی هەبوو دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ نەتەوەکەی، هەر بۆیە زۆرجار بۆ تیکشکاندنی نەتەوەیەك (بە تایبەت نەتەوەیەك کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تێدەکۆشێت)، هەوڵی تێکشکاندنی سەرکردەکەی دەدرێت، ئەویش بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر، لەوانەش هێرش کردنە سەر خودی سەرکردەکە و ڕێگری کردن لە سەرکەوتنی، ئینجا چ بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، بە دروست کردنی دووبەرەکی، بە هاندانی کەسانێك بۆ ئەنجامدانی کاری دژ بە بەرژەوەندی گەل و بۆ نارازی کردنی خەڵك و چەندین هەوڵی تری لەم شێوەیە.... تەنانەت لەوانەیە بگاتە ئاستی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی فیزیکی سەرکردەکە (واتە تیرۆرکردن)، بە تایبەت گەر ئەو سەرکردەیە مەشروعیەتی هەبێت ئەوا پاڵپشتی جەماوەریی زۆر دەبێت و بە ڕێگاکانی تر ناتوانن تووشی شکستی بکەن. هەر بۆیە کورد پێویستی بە سەرکردەیەك هەیە بۆ ئەم قۆناغەی رزگاری نەتەوەیی کە بتوانێت بە لایەنی کەمەوە گەر تێکڕای خەڵکی کوردستانیش لەگەڵی نەبن، بەڵام زۆرینەی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ بێت، سەرۆکێك کە هێز لە نەتەوەکەی وەربگرێت و هێز بە نەتەوەکەی ببەخشێت. ئێمە پێویستیمان بە سەرۆکێك هەیە لە خەڵك بێت و بۆ خەڵك بێت، بە سەقامگیری وڵاتەکەی و دڵخۆشی خەڵکەکەی دڵخۆش بێت، ڕێگە نەدات ئەم دۆخە ئارامەی هەرێم تێك بچێت، سەرۆکێك بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی یەکجارەکی ڕێبەرایەتیمان بکات و باوەڕی بە فرە لایەنی سیاسی و ئایینی هەبێت و لە هەمان کات بتوانێت هەمووومان بە هەموو جیاوازییەکانمان کۆبکاتەوە بۆ پاراستنی گەلی کوردستان و دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان دەستەبەر بکات. سەرۆکێك باوەڕدار بێت بە ڕەوایەتی داواکاری گەلەکەی و لەو پێناوە قوربانی دابێت و ئامادەبێت قوربانی بدات. سەرۆکێك کە بیەوێت گەل هەڵیبژێرێت و بە دەنگی ئەوان ببێتە سەرۆک کە ئەمە خۆی لە خۆیدا لوتکەی دیموکراسی و باوەڕ بەخۆبوون و بە گەلەکەیەتی. بێگومان ئەو سەرۆکەش تەنیا مەسعود بارزانییە، خاوەنی مەشروعیەتە و لە ئاستی دەرەوەش ناسراوە و حیسابی بۆ دەکرێت.


مەبەستم لە نووسینی ئەم بابەتە پێداهەڵگوتن نییە، چونکە باوەڕم پێی نییە و واش پەروەردە کراوم کە ڕاستییەکان بڵێم و بە کەسیشدا هەڵنەڵێم و جەنابیان لەوە گەورەتر و بەرزترە پێویستی بە پێدا هەڵگوتن بێت، بەڵام لە سۆنگەی باوەڕم بە مەسعود بارزانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە باوەڕێکی پتەوی بە ڕەوایەتی خەباتی کورد هەیە و بە پەرۆش و ئامادەیە بۆ تێکۆشان و قوربانیدان بۆ رزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی، بە هەمان شێوەی ساڵی ١٩٧٩ کە بۆ یەکەم جار بوو لە نزیکەوە ببینم و ئەو کات تەمەنی ٣٣ ساڵ بوو، ئومێدی زۆری هەبوو کە سەردەکەوین و دەگەڕێینەوە بۆ وڵات، هەر وای لێ هات و بە سەربەرزی گەڕاینەوە، ئێستاش باوەڕی وایە کە کورد شایانی لەوە زیاترە و دەستکەوتی زیاتریش وەدەست دەهێنێت، باوەڕم بە وتە و باوەڕی جەنابیان هەیە، بۆیە پێوستیمان بە سەرۆك هەیە بۆ ئەوەی ئەو باوەڕ و ئیرادەی بەرگری و تیکۆشانە لە ناخمان بمێنێت، ئەو ئیرادەی کە هەمیشە دوژمنان ویستویانە و دەیانەوێت تێکی بشکێنن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، هەر ئەو ئیرادەیە بەرەو یەکێتی وسەربەخۆییمان دەبات. خۆزگە بارودۆخی کورد و کوردستان ئەوەندە باش بووایا کە پێویستیمان بە جەنابیان نەبووایە و ئەم ئەرکە سەخت و قورسەمان نەهاوێشتبا سەر شانی و بۆ خۆشی وەکو کەسێك بیتوانیبوا زیاتر چێژ لە ژیانی ئاسایی وەربگرێت. کە دەڵێم پێویستیمان پێی هەیە، با هەندێك بە هەڵە لێکی نەدەنەوە و لەگەڵ دیکتاتۆرەکان بەراوردی نەکەن کە پێیان دەگووترا سەرکردەی پێویست (قائد الضرورة)، ئەوان هیچ کامیان بە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەو بە دەنگی گەلەکانیان نەبوونەتە سەرۆک، ئەوان لە ناخەوە دیکتاتۆر بوون و دەستبەرداری کورسییەکانیان نەدەبوون و هیچ کارەکتەرێکی پێویست بوونیان بۆ گەلەکانیان نەمابوو، بەڵام مەسعود بارزانی لە ناخەوە دیموکراتە و باوەڕی نەگۆڕی بە دیموکراسی هەیە و بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆریەت و چەسپاندنی دیموکراسی تێکۆشاوە.....

لە کۆتاییدا با سەرکردە و سەرۆکەکەمان بپارێزین، ڕێزی بگرین، بە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانمان، هاوکاری بین بۆ ئەوەی ئەویش بەهێز بێت و ئێمە و وڵاتەکەمان بپارێزێت.

هەوڵی تێکشکاندنی سەرکردە دەدرێت، ئەویش بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر، لەوانەش هێرش کردنە سەر خودی سەرکردەکە و ڕێگری کردن لە سەرکەوتنی، ئینجا چ بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، بە دروست کردنی دووبەرەکی، بە هاندانی کەسانێک بۆ ئەنجامدانی کاری دژ بە بەرژەوەندی گەل و بۆ نارازی کردنی خەڵک و چەندین هەوڵی تری لەم شێوەیە

ئێمە پێویستیمان بە سەرۆکێک هەیە لە خەڵک بێت و بۆ خەڵک بێت، بە سەقامگیری وڵاتەکەی و دڵخۆشی خەڵکەکەی دڵخۆش بێت، ڕێگە نەدات ئەم دۆخە ئارامەی هەرێم تێک بچێت، سەرۆکێک بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی یەکجارەکی ڕێبەرایەتیمان بکات و باوەڕی بە فرە لایەنی سیاسی و ئایینی هەبێت

# ئۆپۆزسیۆن لەبری سازان سنگدەرپەڕاندنیان هەڵبژارد



ئازا حەسیب قەرەداخی

دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت

یەکێتی و پارتی پاشی زنجیرە کۆبوونەوەیەك گەیشتن بەوەی کە:

١- رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان گەشە پێبدەن.

٢- بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان بکەن.

٣- پابەندن بە وادەی یاسایی هەڵبژاردنەکانەوە و هانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم بدەن کە لەوبارەیەوە نووسراوی خۆیان بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بنێرن.

٤- هیچ شتێ بە دەستووریشەوە هێڵی سوور نییە لەبەردەم سازانی نیشتمانیدا.

٥- وەڵامی ئەرێنی نامەکەی ئۆپۆزسیۆن بدەنەوە.

٦- بەشداری کارا بکەن لە شەنوکەوکردنی گەڵاڵەنامەی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان لەبارەی قەیرانەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق و پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغداد، بەئاراستەی دۆزینەوەی رێگەچارەی دەستووری بۆ گشت ئەو کێشانە کە بە هۆیانەوە ستوونە سەرەکییەکانی عێراقی نوێ (سازانی نیشتمانی، شەراکەتی راستەقینە، دەستوور) بە تۆکمەیی راگرێ.

بۆ گەیاندنی ئەم پێدراوە سیاسی و یاساییانە جگە لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان خۆیان و گەیاندنی بە رای گشتی لەرێی میدیاکانەوە، هەروەها راستەوخۆیش لەگەڵ یەکە یەکەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆندا کۆبوونەوە.

بەرامبەر ئەم بزاوتە سیاسییە چالاکەی پارتی و یەکێتی کە بە ئاراستەی سازانی نیشتمانیدا بوو. ئۆپۆزسیۆن لەبری سازان و هێشتنەوەی دەرگاکانی دیالۆگ بە کراوەیی، رەتکردنەوە و سەنگدەرپەڕاندنی هەڵبژارد. تەنانەت لەوەیش زیاتر لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەشیاندا، بەرپرسی ژووری سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان هەڕەشەی بەرپابوونی قەیرانی سیاسی لە هەرێمدا کرد.

**پرسێکی نەبوو**

ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لەسەر هەموو پرسێکی سیاسی بە توندی بانگەشەی سازان دەکات، هیچ تەحەمولی ئەوەی نەکرد دوو کۆبوونەوەی دیکە لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکات، دووجاری تر دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا و خەیار و بژاردەکان بهێڵێتەوە، بە پەلەپەل هاتنە سەرخەت و پرسێکیان رەتکردەوە کە هەر لە بناغەوە لە ئەجندای پارتی و یەکێتی و ئەو پەیامانەدا نەبووە کە بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیان بردووە. ئەویش «درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆك بارزانی»ە.

ئەمەیان لە کوێوە هێنا؟ بۆچی کۆی ئەو شەش پێدراوە سیاسییەی دیکەیان فەرامۆش کردو لەسەر پرسێك سنگیان دەرپەڕاند کە ئەسڵەن لە ئارادا نییە؟

وەڵام هەر ئەوەیە کە ئەوان نایانەوێ خەڵکی کوردستان راستی ئەو دەستپێشخەرییەی پارتی و یەکێتی بزانن بۆ سازانی نیشتمانی.

نایانەوێ خەڵکی کوردستان بزانن کە پارتی و یەکێتی بۆ راوێژی نیشتمانی، ئۆپۆزسیۆنیان بەسەر کردۆتەوە تا لەرێی دیالۆگەوە بگەن بە سازانێك پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر گەشە پێبدات.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەرگیز داوای نەکردووە ویلایەتی ئەو درێژ بکرێتەوە. هەر لە بناغەشەوە دژی ئەوەیە دەستکاری یاسا بکرێ لەو پێناوەدا. بۆیە نووسراوی خۆی نارد بۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆئەوەی لە وادەی یاساییدا پرۆسەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم بکرێ. لەو نووسراوەدا، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ درێژکردنەوەی ویلایەتی بەڕێزیان.

پارتی و یەکێتی لە راگەیەنراوێکی هاوبەشدا ئەم پرسەیان رەتکردەوە کە ئۆپۆزسیۆن کردوویەتیە بابەتی سەنگدەرپەڕاندن و رایانگەیاند کە درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆك بارزانیان لەگەڵدا باس نەکردوون. وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم هەمان هەڵوێستی دەربڕی.

**ئەدی راستی ئەم پرسە چییە؟**

ئەوەی لە ئارادایە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە خاڵی سێیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و دۆزینەوەی دەروو - مەخرەجێکی یاسایی.

هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، ئیستیحقاقێکی ئینتیخابی خەڵکی کوردستانە و بەپێی ئەو سستمەی پەیڕەو دەکرێ پێویستە هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم بکرێ. پارتی و یەکێتی رایانگەیاندووە کە بۆ ئەم پۆستە بەدیلی (مسعود بارزانی)یان نییە و کەسێکی دیکە کاندیدی ئەوان نییە.

ئەم پەیامەیان گەیاندووە و چاوەڕوانیان لە ئۆپۆزسیۆن ئەوە بووە کە پێکەوە مەخرەجێکی یاسایی بدۆزنەوە و سازانی لەبارەوە بکەن. کە ئۆپۆزسیۆن بەشداری لەم بیروڕا گۆڕینەوەیەدا ناکات ئیتر قسەکردنیان لەبارەی سازانی نیشتمانییەوە هەزار و یەك پرسیار و گومانی دەکەوێتە سەر.

**سازان لەپێناو بڕیار**

ئەگەر ئەوان سازان تەنیا بەو بازنەیە تێگەیشتوون کە خۆیانی تێدان، ئەوا بە هەڵەدا چوون، چونکە سازانی نیشتمانی بازنەیەکە هەمووان، ئۆپۆزسیۆن و حزب و لایەن و پێکهاتەکانی دیکە و پارتی و یەکێتیشی تێدایە.

ئەگەر سازان بە یانەیەکی رۆشنبیری و فیکری تێگەیشتوون کە تەرخان بکرێ بۆ گفتوگۆ و قسەکردنی بێ کۆتایی، ئەوا دیسانەوە بە هەڵەدا چوون، چونکە سازانی نیشتمانی مەتبەخێکی سیاسییە بۆ قسەکردن لەپێناوی بڕیارداندا. کە نەشگەیشتنە بڕیاردان پێویستە قبوڵ بکرێ کە لایەنەکان بگەڕێنەوە بۆ میکانیزمە پەیڕەوکراوەکانی دیموکراسی و بڕیاردان لە پەرلەماندا لەسەر بناغەی دەنگی زۆرینە بەرامبەر دەنگی کەمینە.

**پارتی و یەکێتی لەپێشترن**

هەرچەندە بە دەنگۆ و میدیا و لێدوان بێ، ئۆپۆزسیۆن هەموو دنیای بە سازانی نیشتمانییەوە گرێ داوە، بەڵام لە پرسە سیاسییەکانی ناو هەرێم و ئەوانەی پەیوەندییان بە کێشە لەگەڵ بەغداد و بۆ پرسە دەرەکییەکانیش، بەشێوەی کردەنی و راستەقینە پارتی و یەکێتی چەندین هەنگاو لەپێشەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوەن بۆ سازانی نیشتمانی.

هەرچەندە پارتی و یەکێتی خودان زۆرینەی جەماوەری کوردستانن و بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووش بە متمانەوە هەنگاو بەرەو بردنەوە دەنێن، کەچی نە سنگ دەردەپەڕێنن و نە هەڕەشەیش دەکەن، پێچەوانەی ئۆپۆزسیۆن کە نوێنەرایەتی کەمینەیەکی خەڵکی کوردستان دەکەن، کەچی قەوارەی خۆیان زۆر گەورەتر لەوەی هەیە دەبینن و سنگدەردەپەڕێنن و هەڕەشەی بەرپاکردنی قەیران دەکەن.

**روو لە کزی**

بەپێی چەندین راپرسی و پێدراوی کردەنی، لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا، ئۆپۆزسیۆن بەگشتی دەنگەکانی جاری پێشوویان ناهێننەوە. لە ناویشیاندا بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان بە هۆی تاکڕەوی و کێشە ناوخۆییەکانی و وازهێنانی بەشێکی بەرچاو و کاریگەریی سەرکردایەتییەکەیانەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا بچووکترین بنەماکانی خۆرێکخستنی پێ نەکراوە و نەیتوانیوە تەنیا یەك کۆنگرەیش بگرێ و شەرعییەت بدات بە رێکخەر و سەرکردایەتییەکەی.

هەروەها لەبەرئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی بە لیستی جیا دەچێتە هەڵبژاردنەکانەوە و بەو هۆیەوە ئەگەری ئەوە زۆرە کە بتوانێ بەشێکی زۆری دەنگەکانی لە گۆڕان وەرگرێتەوە. بۆیە ئەم بزووتنەوەیە قەوارەی راستەقینەی کە زۆر کەمترە لەمەی ئێستا، دەردەکەوێ.

هەموو ئەمانە پێدراوگەلێکی سیاسین بۆ نەرمی نواندن و کردنەوەی دەرگاکانی گفتوگۆی بەرپرسانە لە ئاستی کۆی ئەو پڕکێشییانەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، نەك دەگا کلۆم دان و سنگدەرپەڕاندن و هەڕەشەکردن.

# ئایا ئەمەریکا لە حکومەتەکەی مالیکی تورەیە؟

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نوسیویەتی

((مالیکی سوورە لەسەر بەکارهێنانی هەر تاکتیکێك کە بە گونجاوی بزانێت، بۆ چەسپاندن و قایمکردنی حکومڕانیە سیاسیە ناوخۆییەکەی. هەروەها نائامادەییەکی سەرسەختانەی هەیە بۆ داواکارییەکانی واشنتۆن لە پێوەندیدا بە پرسە ئیقلیمیەکانەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم کارە ببێتە مایەی وروژاندنی دوژمنایەتی دراوسێکەی ڕۆژهەڵاتی، کە لە خۆی گەورەترو بەهێزترە. زەمینە لەبارە بۆ هاتنەئارای ساردوسڕی لە پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراقدا، ئەگەر نەڵێین دەستپێکی دوژمنایەتیەکی تەواو لە نێوان هەردوو حکومەتەکەدا))



**حکومەتەکەی مالیکی نایەوێت حکومەتێک کە سوننەکان باڵادەست بن تێیدا جێی حکومەتی ئێستای سوریا بگرێتەوە کە ئەسەدی عەلەوی سەرکردایەتی دەکات- بە تایبەتی کە حکومەتێک بێت قەرزاربارى سعودیە و تورکیا بێت، کە هەردووکیان ڕکابەرێکی دێرینی عێراقن**

شاراوە نییە کە بۆ ماوەیەك دەچێت واشنتۆن لە ڕەفتارەکانی حکومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق، نووری ئەل مالیکی نیگەران بووە. لەسەر ئاستی ناوخۆ، مامەڵەی زبری مالیکی لەگەڵ ڕکابەرە سیاسیەکانی و تەشەنەکردنی گەندەڵی و بێتوانایی ( یان ئامادەنەبوونی ) بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا (krg)، وایان کردووە نیگەرانی لە نێو بەرپرسانی ئەمەریکادا دروست بێت. ڕەنگە ئیدارەی ئۆباما پتر بێزار بێت لەبارەی کردەوەکانی بەغدا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە-بە تایبەتی بەرهەڵستی بەردەوامی بۆ دەستپێشخەرییەکانی ئەمەریکا لە ئاست ئێران و سوریاداو. پێدەچێت حاڵی حازر ئەم نارەزای بوونە لە کەف و کوڵدا بێت. لە ٤ی ئازاردا، وەزیری دەرەوە، جۆن کێری، گەشتێکی ڕانەگەیەنراوی بۆ بەغدا ئەنجامدا، بۆ ئەوەی فشاربخاتەسەر حکومەتەکەی مالیکی لە پێوەندیدا بە بەکارهێنانی ئاسمانی عێراق لەلایەن ئێرانەوە بۆ ئەنجامدانی گەشتە ئاسمانیەکانی بۆ سوریا.

ماوەیەکی زۆرە واشنتۆن بە گومانە لەوەی تەهران چەك بۆ حکومەتەکەی بەشار ئەسەد دەنێرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو گەشتانە بەکار دەهێنێت، کە ناویان لێدەنێت گەشتی هاوکاری مرۆیی، بەڵام ئیدارەی ئۆباما ویستی مالیکی کۆتایی بەم کارە بهێنێت.

لە باشترین حاڵەتەدا، هەوڵەکەی کێری، سەرکەوتنێکی جوزئی بەدەستهێنا. سەرەڕای چەند بیرخستنەوەیەکی ناورد لەلایەن وەزیری دەرەوە لەبارەی گرنگی هاوکاری بەردەوامی ئەمەریکا بۆ ئایندەی ئابووری و سیاسی عێراق، مالیکی ڕەتی کردەوە پابەند بێت بەوەی بە ڕووی هاتوچۆی ئاسمانی نێوان ئێران و سوریا بوەستێت، چ جای ئەوەی بوەستێنرێن. تەنیا دوو هەفتە دواتر، لە ٨ی نیساندا، حکومەتی عێراق فڕۆکەیەکی ئێرانیان ناچارکرد بۆ ئەوەی بنیشێتەوەو بپشکێنرێت، ئەو کارە ئاماژە بوو بەوەی بەغدا نایەوێت بە تەواوی هاوپەیمانە ئەمەریکیەکەی دووربخاتەوە.

بۆ نەگبەتی واشنتۆن، پشکنینەکە دۆزینەوەی کاڵایەکی نایاسایی بە دوادا نەهات. پشکنەران، تەنیا هاوکاری مرۆییان دۆزییەوە، زۆربەیان کەلوپەلی پزیشکی بوون، هەروەك ئەوەی هەمیشە حکومەتی ئێران پێداگیری لەسەر دەکرد کە ئەم گەشتانە ئەو کەلوپەلانەیان هەڵگرتووە. ڕەخنەگرە بە گومانەکان لە ئەمەریکا باس لەوە دەکەن ئایا بەرپرسانی عێراق پێشتر لەگەڵ تەهراندا ڕێکنەکەوتوون کە هیچ کەلوپەلێکی سەربازی لەو گەشتەدا بار نەکرێت. ڕاستیەکە هەرچیەك بێت لەبارەی ئەم ڕووداوە دیاری کراوەوە، ئەوا نەبووە هۆی گەڕاندنەوەی کەشی هاوکاری لە نێوان ئیدارەی ئۆباما و حکومەتی عێراقیدا.

ڕاستیەکە ئەوەیە کە ڕژێمەکەی ئێستای عیراق، کە مالیکی شیعەمەزهەب سەرکردایەتی دەکات، خوازیاری پارێزگاریکردنە لە پێوەندییە باشەکانی لەگەڵ هاومەزهەبەکەی لە تەهراندا. لە ڕاستیدا، دەستڕۆیشتویی ئێران لە عێراقدا( جگە لەو ناوچانەی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکراون) لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، لە هەڵکشاندایە. لەوەش زیاتر، حکومەتەکەی مالیکی نایەوێت حکومەتێك کە سوننەکان باڵادەست بن تێیدا جێی حکومەتی ئێستای سوریا بگرێتەوە کە ئەسەدی عەلەوی سەرکردایەتی دەکات-بە تایبەتی کە حکومەتێك بێت قەرزاربارى سعودیە و تورکیا بێت، کە هەردووکیان ڕکابەرێکی دێرینی عێراقن. بەغداد کەمترین کارێکی لەدەست دێت بۆ هێورکردنەوەی واشنتۆن، بێ ئەوەی هەوڵەکانی تەهران بۆ پشتیوانیکردنی حکومڕانی ئەسەد لاواز بکات.

خەریکە بڵێین دڵنیاین لەوەی دوورەپەرێزی نێوان ئیدارەی ئۆباما و سەرۆك وەزیران، مالیکی، لە مانگەکانی داهاتوودا چڕدەبێتەوە. واشنتۆن متمانەی بە بانگەشەکانی سەرکردەکانی عێراق نەماوە بەوەی پابەندبن بە دیموکراسیەوە، چ جای ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکرێت پابەندن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوەی پێوەندی بەم بەشەوە هەبێت، ئەوا مالیکی سوورە لەسەر بەکارهێنانی هەر تاکتیکێك( دیموکراتی بێت یان تاکڕەوی ) کە بە گونجاوی بزانێت، بۆ چەسپاندن و قایمکردنی حکومڕانیە سیاسیە ناوخۆییەکەی. هەروەها نائامادەیەکی سەرسەختانەی هەیە بۆ داواکارییەکانی واشنتۆن لە پێوەندیدا بە پرسە ئیقلیمیەکانەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم کارە ببێتە مایەی وروژاندنی دوژمنایەتی دراوسێکەی ڕۆژهەڵاتی، کە لە خۆی گەورەتر و بەهێزترە. زەمینە لەبارە بۆ هاتنەئارای ساردوسڕی لە پێوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراقدا، ئەگەر نەڵێین دەستپێکی دوژمنایەتیەکی تەواو لە نێوان هەردوو حکومەتەکەدا.

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**



**نەجیب عەبدوڵا**

**سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بۆ (گوڵان):**

# ئەگەر هاوپەیمانی نیشتمانی لەچارەسەرکردنی کێشەکان جدی نەبن ئەوکات سوورین لەسەر کشانەوەی تەواو لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا

**نەجیب عەبدوڵای سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیژنەی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا ؛ سەبارەت بەدوا بڕیاری لایەنە کوردستانیەکان لەسەر کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم و گفتوگۆکانی ئەم دواییە لەم دیمانەیە گوڵاندا باس لەو خاڵانە دەکات کە ئامادەکراوەو دووبارە دەدرێتەوە بەهاوپەیمانی نیشتمانی، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** ئایا کۆبوونەوەی ئەم دواییەی نێوان شاندی کوردستانی و هاوپەیمانی نیشتمانی و نوری مالیکی بەکوێ گەیشتوون؟**

- ئێمە وەك فراکسیۆنە کوردستانیەکان نامەیەکمان ئامادەکردووە کە تێیدا جەختمان کردۆتە سەر چەند خاڵێکی زۆر گرنگ، پیش هەموو شت هاتنی شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ هەولێر بەشێوەیەکی ئیجابی هەڵسەنگێنرا، دواتر پێویستە هەموو ئەم هەنگاوانەی کە باسی گفتوگۆ دەکرێت دەبێت ئامانج لێی گەڕانەوەی پرۆسەی سیاسی لەعێراق بێت بۆ ڕێڕەوو ئاراستەی راستی خۆی لەسەر بنەمای کۆك بوونی سیاسی و هاوبەشی نیشتمانی راستەقینە بێت و ڕەچاوی هاوسەنگی لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لەدەزگا فیدرالییەکانی ناو دەوڵەتی عێراق بێتە دی، بەدیهێنانی هەموو ئەم ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتییانە لەچوارچێوەی ڕێزگرتن و پابەندبوون بەدەستوور بێت، هاوکات داوامان لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانیی کردووە ئەمجارە چەند هەنگاوێکی ئیجابی بنێن تاوەکو دووبارە متمانە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی زەمینە سازییەك بێت بۆ چوونە ناو گفتوگۆیەکی جدی تا وەکو ئەمجارە ئامانجی گفتوگۆکان چاکسازی ریشەیی بێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە بەردەوامەکانی ناو عێراق . لەلایەکی ترەوە خاڵێکی سەرەکی تری ناو نامەکە ئاماژەکردن بوو بە نامەی هێزە کوردستانییەکان کە ٩

خاڵی سەرەکی لەخۆگرتبوو لەکۆتایی ساڵی رابردوو ئاراستەی هاوپەیمانی نیشتمانی کرابوو، خاڵەکانیش تەوەری گشتی و تایبەتی لەخۆ دەگرێت، بەشێکی پەیوەندی بەسەرجەم پرۆسەی سیاسی عێراقەوە هەیە، خاڵەکانی تریش باسی هەموو ئەو کێشانەیە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەو چارەسەر نەکراون.

*** ئایا تائێستا ئەو گفتوگۆو کۆبوونەوانە هیچ ئەنجامێکی نوێی لێکەوتەوە؟**

- دوای ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی کۆبووینەوە، دواتر لەکۆبوونەوەی دووەم دا لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆبووینەوە، لەو دوو کۆبوونەوەیە هاوپەیمانی نیشتمانی و تەنانەت نوری مالیکیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەموو کێشەکان، هەروەها تەئکیدیان لەسەر دروستکردنی لیژنەکان کردەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان . لەم روانگەیەوە بڕیاری لایەنی کوردستانی ئەوەبوو جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لەهەولێر کۆبوونەوەیەك بکەین بۆ دەستنیشانکردنی هەڵوێستی خۆمان بەتایبەتی کە ئەوان ئامادەن بۆ دانوستاندن و گفتوگۆکردن لەسەر هەموو ئەو کێشانەی کە هەیە.

*** رۆژی شەممە دوای گەڕانەوەتان لەبەغدا، لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە ئایا دوا بڕیارتان سەبارەت بەچوونەوەتان بۆ بەغداو ئەو پێشنیارو بڕیارانەی لەم کۆبوونەوەیەدا درا چی بوو؟**

- بەبۆچوونی من هەڵوێستی ئەمجارەی لایەنی کوردستانی یاخود جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەم قۆناغەو قەیرانەکە خاڵێکی جیاوازی هەیە ئەگەر بەراورد بکەم لەگەڵ جارانی رابردوو، خاڵەکەش ئەوەیە ئەمجارە بۆ یەکەمجارە لایەنی کوردستانی بەکردەیی ئەم هەنگاوەیان لە مەسەلەی بایکۆتکردن نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانتاران و وەزیرەکان، زۆرجار پرسیار لەئێمە دەکرا بۆچی کارێکی وا ناکەن یا دەوترا ئەگەر ئەمە کارێکی فشار بێت بۆ بەکار ناهێنرێت؟ ئەوەبوو ئەمجارە کورد کارتی بایکۆتکردنی لەبەغدا بەکارهێناو ماوەیەکیشە بەردەوامە، ئەمرۆش لایەنە کوردستانییەکان سوورن لەسەر ئەوەی ئەگەر لایەنی بەرامبەر جدی نەبێت لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئەوکات لایەنی کوردستانی سوورن لەسەر کشانەوەی تەواو لە پرۆسەی سیاسی عێراق، ئەم هەڵوێستە پێشتر نەبوو . هەربۆیە بەبۆچوونی من، ئەم هەڵوێستەی لایەنی کوردستانی کارێکی نوێیە بەڵام لەزۆربەی ئەو دانیشتنانە تەئکید لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەبێت کورد یەك هەڵوێست بێت لەم ئاستە سازش نەکەن لەبڕیاردان بەپێچەوانەوە ئەگەر بێتوو کورد لەم قۆناغە هەستیارە سازشی کردوو یەکهەڵوێست نەبوو دووچاری زیانێکی گەورە دەبێت.

*** ئایا گەرێتوو هاوپەیمانی نیشتمانی و نوری مالیکی لەسەر هەڵوێستی خۆیان بەردەوام بن کورد مەسەلەی کشانەوەی تەواو لەحکومەتی عێراق دەگرێتەبەر؟**

- لەدوا کۆبوونەوەی ئەمجارەمان هەڵوێستی بایکۆتکردن دووبارە کرایەوە، هەموو لایەنەکان سوورن لەسەر ئەوەی یا دەبێت هەنگاوی جدی بەرەو چارەسەرکردن بنرێت و لەبەڵێن و پەیمان و تەنیا قسەکردن دەربچێت، کۆبوونەوەو گفتوگۆکردن و سەردان و گەڕانەوە شتێکی باشە مادام خۆمان بڕیاری فیدرالیەتمان داوە بەڵام ئێمە لەگەڵ عێراقێك دەبین کە هاوبەشی راستەقینە هەبێت، ئەما ئەگەر وانەبێت دەبێت لەهەڵوێستی بایکۆتکردنی دانیشتنەکان بچینە ئاستی کشانەوەی تەواو لەپرۆسەی سیاسی لەعێراق . ئەم هەڵوێستەی ئێمە بەرەو دوو ئەگەرمان دەبات یا لایەنی بەرامبەر دەست بەچاکسازییەکی راستەقینە دەکات یا بەپێچەوانەوە ئەو کات دەبێت بڕیاری خۆمان جێبەجێ بکەین ئەویش کشانەوەیە تەواو لە پرۆسەی سیاسی عێراق.

*** ئایا ئومێد هەیە بەگفتوگۆ بکەنە چارەسەرێکی گونجاو باروودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە بچێت؟**

- لەم رووەوە ئەزموونێکی تاڵمان هەیە هەربۆیە ناتوانم باس لەهەڵوێستی بەرامبەر بکەم، بەهەردوو دیوەکە زەحمەتە بتوانم بڵێم گەشبینم یا رەشبینم، من تەنیا کاتێك گەشبین دەبم کە لایەنی کوردستانی یەکهەڵوێست بین و سوور بین لەسەر ئەم بڕیارەی داومانە .

*** بڕیار درا دوو لیژنە پێکبهێنرێت ئایا ئەو دوو لیژنەیە کەی پێکدەهێنرێن و دەچنەوە بەغدا؟**

- بڕیاردرا بەزووترین کات هەردوو لیژنەکە لەم دوو سێ رۆژەدا بچنەوە بەغدا، چونکە لیژنە سەربازییەکە پێشتر هەبووە و گفتوگۆیان لەگەڵ لایەنی بەرامبەر کرد تەنیا دەچنەوە تاوەکو خاڵەکان و بڕیارەکان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە . سەبارەت بەلیژنەی داراییش بڕیارە هەندێك پسپۆرو شارەزای بواری دارایی دەستنیشان بکرێت و بەم نزیکانە بچنەوە بەغدا . هەر بۆیە باروودۆخەکە بەستراوەتەوە بە بوونی ئیرادەیەکی راستەقینە لای هاوپەیمانی نیشتمانی ئەگەر هەست بەهەستیاری باروودۆخەکە بکەن و ئیرادەیەکی راستەقینەیان هەبێت لەوانەیە نەتوانم بڵێم چارەسەری ریشەیی هەموو کێشەکان دەکرێت، بەڵام دەگاتە ئاستێك کە وا دەکات ئێمەش بەردەوام بین تا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ئەوکاتیش گۆڕانکارییەك لەنەخشەی سیاسی عێراق روودەدات.

**تەنیا کاتێک گەشبین دەبین کە لایەنی کوردستانی یەکهەڵوێست بین و سوور بین لەسەر ئەم بڕیارەی داومانە**

**ئەگەر لایەنی هاوپەیمانی نیشتمانی (شیعە) هەست بەهەستیاری باروودۆخەکە بکەن و ئیرادەیەکی راستەقینەیان هەبێت، ئەگەر هەموو کێشەکانیش چارەسەر نەکرێن، دەگەینە ئاستێک تا هەڵبژاردنی داهاتوو بەردەوام بین**

# کوردی عێراق لەبەردەم دوڕیاندان

پرۆفیسۆر محەمەد ئەحمەد

بۆ گوڵانی نارەوە

**پرۆفیسۆر محەمەد ئەحمەد یەكێكە لە ئەكادیمیەكانی كوردو ئێستا لە ئەمریكایە، هەروەها لەگەڵ پرۆفیسۆر مایكڵ گەنتەر پێكەوە پێنج كتێبیان لەسەر كورد نوسیوە، ئەم وتارەی لەرێی مایكڵ گەنتەرەوە بۆ ناردووین و داوای كردووە لە گوڵان بڵاوی بكەینەوە، ئێمەش بە سوپاسەوە بۆی بڵاودەكەینەوە.**

لەبەری پەنابردنە بەر گفتوگۆو دەستوور بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیە سیاسییە هەڵپەسێردراوەكانی وڵات لەگەڵ كوردو عەرەبی سوننەدا، هەردوو گرووپەكە بەكاریان هێناون بۆ گۆشەگیركردنی ڕكابەرەكانیان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بچەسپێنن. نووسینگەی ئیبراهیم ئەل جەعفەری لە ٣١ی ئازاری ٢٠١٣، ڕایگەیاند، بە ئامادەبوونی ئەل مالیكی، ئەنجومەنی سیاسی هاوپەیمانی نیشتیمانی(بلۆكی شیعە) لە نووسینگەكەی ئەل جەعفەری كۆبوونەتەوە، جەختیان لەسەر گرنگی ئەنجامدانی گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ ئەندامانی هاوپەیمانێتی حكومەتدا كردەوە، بە چەشنێك ببێتە مایەی پاراستنی یەكێتی و خۆشگوزەرانی عێراق. جێی سەرسوڕمان نییە كە داواكارییە نادڵسۆزانەكەی بلۆكی شیعە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی كوردستاندا بێئاكام بووە، سەریكێشاوە بۆ كۆبوونەوەگەلێكی بێكۆتای لیژنەكان، كە بە بایكۆتكردنی كوردەكان بۆ پەرلەمان و حكومەت كۆتایی هات. هەروەك خالید شوانی، ئەندام پەرلەمان، دەڵێت، گفتوگۆ لە پێناوی گفتوگۆدا بە هیچ شوێنێكمان ناگەیەنێت، جێبەجێكردنی ڕێككەوتنامەكەی هەولێر دەبێتە هەنگاوێكی كردەنیە بە ئاراستەیەكی ڕاستدا.

ئەوان لە ٢٠٠٥ەوە دەستی بە كورد دەكەن بە ئەنجامدانی كۆبوونەوە لە دوای كۆبوونەوە، بێ ئەوەی لە ئەنجامدا تاكە یەك داواكاری هەڵپەسێردراوی كورد چارەسەربكرێت، لە پێوەندیدا بە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠، كێشەی پێشمەرگە، یاسای نەوت، یان دابەشكردنی داهاتی نەوتەوە. كوردەكان سەركردایەتی شیعەیان بەوە تاوانباركردووە كەلەسەر خولقاندنی ناكۆكی و ڕاكێشانی عێراق بەرەو لێواری دابەشبوون دەژین.

سەرەڕای جیاوازییە سیاسییە قووڵەكانیان، بلۆكی عەرەبی سوننە شان بە شانی بلۆكی شیعە دژی خەونە نەتەوەییە كوردییەكان دەوەستنەوە. سەردانە جار بە جارەكانی ئەیاد عەللاوی، موقتەدا ئەل سەدر و عەممار ئەل حەكیم بۆ هەولێر، هیچ شتێك نییە جگە لە یاریكردن لەسەر بەرژەوەندییە حزبیەكانی كورد. لەوەش زیاتر، بلۆكی شیعە، ئەل مالیكی، وەك كیسە خوڵ بەكاردەهێنێت لەبەرامبەر لایەنە سیاسییە كوردیەكان و عەرەبە سوننەكاندا. سەرۆك وەزیران، نوری ئەل مالیكی پڵنگێكە لە كاغەز بەدەستی بلۆكی شیعە (هاوپەیمانی نیشتیمانی)، بەسەركردایەتی ئیبراهیم ئەل جەعفەری، كە شیعەیەكی سەرسەختە، كە نەیتوانی لە هەڵبژاردنەكانی دوای ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ەوە پۆستی سەرۆك وەزیران بباتەوە، ئەویش بە ڕاددەیەكی

گەورە بەهۆی بەرهەڵستی هاوپەیمانی کوردییەوە بۆ خۆکاندیکردنەوەی. لەسایەی فشاری ئەمەریکادا، کورد ڕێگاچارەیەکیان نەبوو جگە لەوەی یان دەبێت پشتیوانیکردنی ئەل جەعفەری بکەن، کە سەلماندی لەو ماوە کورتەی کە سەرۆك وەزیران، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ەوە، دژ بە کوردە، یان دەبوو پشتیوانی ئەل مالیکی بکەن. وەك سەرۆك وەزیران، وەڵامی ئەل جەعفەری «نەخێر» بوو بۆ هەر داوایەکی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی مەرکەزی. ئەگەرچی لە پشتی پەردەوە جەعفەری دەسەڵاتی بەدەستە، بەڵام هەردووکیان لە نزیکەوە لەگەڵ مەرجەعیەتی شیعە لە نەجەف کاردەکەن. ئایەتوڵا عەلی سیستانی بە توندی بەرهەڵستی دەستوری نوێی عێراقی کرد، لەبەر ئەوەی بە ڕاشکاوی ئیعترافی بە هەرێمی کوردستان کرد (krg) و مافی ڤیتۆی بە کورددا بۆ ڕەتکردنەوەی هەر هەموارکردنێك لە ناوەڕۆکەکەیدا. دەبوو هەر لە سەرەتاوە کورد، پێشبینی ئەوەی بکردایە، کە زۆر زەحمەت دەبێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت بۆ کورد کە بەردەوامبن لە سایەی حکومەتێکدا کە بلۆکی شیعە باڵادەست بێت بەسەریدا. کورد ئەزموونێکی باشتریان نەبوو لەگەڵ حکومەتە سونییە یەك لە دوای یەکەکاندا، ئەو حکومەتانەی یان هەوڵی تواندنەوەی کوردیاندا لە بۆتەی عەرەبدا، یان کاریان بۆ ڕیشەکێشکردنیان کرد.

بلۆکی شیعە، کە پێکهاتووە لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقی بە سەرکردایەتی عەممار ئەل حەکیم، ئەل ئەحرار بە سەرکردایەتی موقتەدا ئەل سەدر، بەتالیۆنی ئەل بەدر بە سەرکردایەتی هادی ئەل عامری، ئەل دەعوە بە سەرکردایەتی مالیکی، ئەل ئیسلاح بە سەرکردایەتی ئەل جەعفەری، لەگەڵ ئەل موستەقیللون بە سەرکردایەتی حوسێن ئەل شەهرستانی و ئەل فەزیلە بە پشتیوانیکردنی یەکتر، یەکێتی ناوخۆیی خۆیان پاراستووە. هەروەك ڕەنگە سەرنجی ئەوە بدرێت، هەموو ئەم گردبوونەوە سیاسیانە گرووپگەلێکن، بە چەشنێکی قووڵ یان میانڕەو گرووپگەلێکی ئایینین چەندین ڕایەڵ دەیان بەستێتەوە بە مەرجەعی شیعە لە نەجەف. هیچ یەکێك لەم گرووپە سیاسییانە بە ڕاشکاوی پشتیوانی لە هیچ یەکێك لە داواکارییەکانی کورد نەکردووە. هەموویان دەیانەوێت کورد لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکومەتی مەرکەزیدا بژیێت، دەست لە بانگەشەکردن بۆ خەونە نەتەوەییەکانیان هەڵگرن. ئەگەر بلۆکی شیعە جیددیە لە چارەسەرکردنی ئەو پێشێلکاریانەی لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە دەرهەق بە کورد دەکرێت، ئەوا قەیرانی نێوان هەولێر و بەغدا نەدەگەیشتە ئەم ئاستە مەترسیدارەی ئێستا.

لە کاتێکدا بلۆکی شیعە چەندین ساڵە ناکۆکبوونی لەگەڵ کورددا جێهێشتووە بۆ ئەوەی ببێتە کەف و کوڵ، ئەوا زنجیرەیەك کۆبوونەوەشی ئەنجامداوە، کە دەرکردنی چەند یاسایەکی بەدوای خۆیدا هێنا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا، ئەویش لە پێناو هێنانەدی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرە عەرەبە سوننەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوادا. کە ئازادکردنی زیندانیەکان، هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٤ی یاسای تیرۆر، پێداچوونەوە بە یاسایی ڕیشەکێشکردنی بەعس، دووبارە دامەزراندنەوەی هەزاران لە دڵسۆزانی سەدام حوسێنی پێشوو و بەعسیەکانی، لەخۆگرت. سەرەڕای ئەم سازشانە، یاخیبووانی عەرەبی سوننە ئاستی هێرشەکانیان بۆ سەر حکومەت بەرە هەڵکشان برد، ژمارەی ئامانجە شیعیە مەدەنیەکانیش بەرەو هەڵکشان چوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێگاچارەی ئاشتیانەی کورد بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانیان لەگەڵ بەغدا خاوەتەڕوو و لەبەردەستدایە.

لەبری ئەوەی بە نووسین وەڵامی نامەکەی هەرێمی کوردستان بدەنەوە، بلۆکی شیعە، نەك ئەل مالیکی، لە ٣ی نیساندا، شاندێکیان ڕەوانەی هەولێر کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بە بنبەست گەیشتنە سیاسیەکەی نێوان هەولێر و بەغدا. لە دوای گەڕانەوەیان بۆ بەغدا، شاندی شیعە ئەنجامی گفتوگۆکانیان بۆ سەرکردەکانیان بەرزکردەوە، ئیبراهیم ئەل جەعفەری، ئاماژەی بەوەکرد کە دەرئەنجامی سەردانەکە بۆ هەولێر ئیجابی بووە و هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر پێویستی دروستکردنی لیژنەی هاوبەش لە پێناو بەردەوامیدان بە گفتوگۆ لە چوارچێوەی دەستووردا. فوئاد حوسێن بە شەرق ئەل ئەوسەتی ڕاگەیاند کە لە میانەی کۆبوونەوەکەیاندا، سەرکردایەتی کورد بە شاندی شیعەی ڕاگەیاند کە دوو ڕێگاچارەیان لەبەردەمدایە، یان جیابوونەوە یاخود شەراکەتی ڕاستەقینە لە حکومڕانی وڵاتدا. فوئاد حوسێن دەڵێت کە سەرکردایەتی کورد بە شاندی شیعەی ڕاگەیاندووە کە لە غیابی شەراکەت و پێکەوەژیانێکی ڕاستەقینەدا، ئەوا ڕەنگە بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی خەڵك بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

چاودێران سەرنجی ئەوەیان داوە کە لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوەیە کە هەرێمی کوردستان شاندێکی ڕەوانەی واشنتۆن کردووە بۆ ئەوەی بە بەرپرسانی ئەمەریکا بڵێن کە کورد تەنیا ڕێگاچارەیەکیان لەبەردەمدایە، ئەویش ئەنجامدانی ڕاپرسی و دەرفەتدانە بە کورد بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

**ئەگەر مەحاڵ نەبێت بۆ کورد کە بەردەوامبن لە سایەی حکومەتێکدا کە بلۆکی شیعە باڵادەست بێت بەسەریدا. کورد ئەزموونێکی باشتریان نەبوو لەگەڵ حکومەتە سونیە یەک لە دوای یەکەکاندا، ئەو حکومەتانەی یان هەوڵی تواندنەوەی کوردیاندا لە بۆتەی عەرەبدا، یان کاریان بۆ ڕیشەکێشکردنیان کرد**

**سەرکردایەتی کورد بە شاندی شیعەی ڕاگەیاندووە کە لە غیابی شەراکەت و پێکەوەژیانێکی ڕاستەقینەدا، ئەوا ڕەنگە بگەڕێنەوە بۆ ئیرادەی خەڵک بۆ ئەوەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن**

# عیراق و تورکیاو لەنێوانیاندا بۆریی نەوتی رومێلە- عەقەبە



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

مێژووی سیاسیی نەوت لەعیراقدا نیشانی داوە کە عیراق لەوەتەی نەوتی بەبڕی بازرگانی لێ دەرهێنراوە، سیاسەت چوارچێوەی بژاردەکانی ناردنە دەرەوەی نەوتی بۆ دیاری کردووە. ساڵی ١٩٤٨ شەڕی فەلەستین بووە هۆی لەکارکەوتنی بۆریی نەوتی کەرکوک- حەیفاو لەهەشتاکانی سەدەی رابردودا شەڕی عیراق- ئێران لەلایەك بووە مایەی پەککەوتنی ئەو بۆریی نەوتەی کە بەخاکی سوریادا تێدەپەڕی و لەلایەکی دیکەوە شەڕەکە عیراقی ناچار کرد زۆرتر پشت بەبۆریی نەوتی کەرکوک- یومورتالیك ببەستێ. ساڵی ١٩٩٠یش قەیرانی کوێت پەکی بۆریی نەوتی یەنبوعی خست کە نەوتی عیراقی بەناو سعودیەدا دەگەیاندە سەر دەریای سوور. جیانەکردنەوەی سیاسەت لەناردنە دەرەوەی نەوت دیاردەیەکە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی عیراقدا زاڵەو وەك نەریتی لێ هاتووە.

ئێستا عیراق سەرقاڵی راکێشانی بۆرییەکی تری نەوتە بەناو خاکی ئوردوندا تا بەندەری عەقەبە. ئەم پڕۆژەیە دەشێ سێ فاکتەری لەپشتەوە بێ. یەکێکیان ئابوورییەو زۆرتر پێوەندیی بەوەوە هەیە کە عیراق لەهەوڵی پەرەپێدانی توانای ناردنە دەرەوەی نەوتدایەو بۆریی پێشنیارکراو لێی رادەبینرێ بتوانێ رۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل نەوت لەکێڵگەی رومێلەوە لەبەسرە بگوازێتەوە بۆ سەر دەریای سوور. ئاستی بەرهەم هێنانی ئێستای نەوت لەعیراق ٣،٢ ملیۆن بەرمیلە لەڕۆژێکداو بەپێی ئەو سیاسەتەی کە وەزارەتی نەوت دایناوە، عیراق دەیەوێ لەماوەی شەش ساڵی داهاتوودا رۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بێنێ.


ئەگەر لەهۆیە ئابورییەکان بگەڕێین، عیراق دوو ئامانجی سیاسیی هەیە. یەکێکیان هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ جیهانی عەرەب لەدەروازەی نەوتەوە، چونکە بۆریی پێشنیارکراو لێی رادەبینرێ ببێ بەمایەی پتەوکردنی پێوەندییەکانی عیراق لەگەڵا هەندێ لەوڵاتانی عەرەب، لەوانە لەقۆناغی یەکەمدا، ئوردون. بۆ ئوردون بۆریی پێشنیارکراو بایەخێکی ستراتیجیی هەیە، بەتایبەتی کە یەکێ لەگەورەترین کێشەکانی ئوردون کێشەی سوتەمەنییە. پرۆژەکە دەتوانی ساڵانە ٢-٣ ملیار دۆلار بۆ ئوردون دابین بکات و لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئوردون دەوروبەری دە هەزار بەرمیل نەوت لەعیراق دەکڕێ کە ١٠٪ی پێداویستییەکانی لەبواری وزەدا دابین دەکا. عیراق لەم رووەوە بەشێوەیەکی زۆر دۆستانە لەگەڵ ئوردوندا هەڵسوکەوت دەکاو لەهەر بەرمیلێك نەوت کەپێی دەفرۆشێ، هەژدە دۆلار لەنرخی جیهانیی بەرمیلی کەمتر لێ وەردەگرێ.

ئامانجی دووەمی عیراق گەیاندنی پەیامێکە بۆ تورکیا، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە عیراق دەروازەی تر بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت دەدۆزێتەوەو دەتوانێت، لەئایندەدا، بایەخێکی کەمتر بەبۆریی نەوتی کەرکوک- یومورتالیك بدا. عیراق ئەگەر بتوانێ بۆریی نەوتی رومێلە- عەقەبە رابکێشێ و پاشان بۆریی نەوتی سوریاو لوبنان و یونبوع و حەیفا بخاتەوەگەڕ، دەتوانێ واز لە بۆریی نەوتی تورکیا بێنێ. بەڵام ئەم مەسەلەیە هێشتا وەك تیۆرییەکی دژوار سەیر دەکرێ، چونکە بۆریی نەوتی سوریاو لوبنان بەندە بەهێوربونەوەی رەوشی نائارامی سوریاو رێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان بەغداو دیمەشق. بۆریی نەوتی حەیفاش ئەستەمە بەبێ کۆتایی هاتنی ململانێی عەرەب- ئیسرائیل بخرێتەوەگەڕو بۆرییەکەی یەنبوعیش بەبێ ئاسایی کردنی پێوەندییەکانی نێوان بەغداو ریاز ناکەوێتەوە گەڕ.

بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کە عیراق ناتوانێ سوود لەکارتی ناردنە دەرەوەی نەوت لەدژی تورکیا وەرگرێ، بەتایبەتی کە عیراق لەڕووی تەکنیکیەوە لەمەسەلەی بەگەڕخستنەوەی بۆرییەکانی سوریاو لوبنان و سعودیە هیچ کێشەیەکی نییەو دەشتوانێ بەپیادەکردنی سیاسەتێکی نەرمتر لێك نزیکبوونەوەیەك لەگەڵ ئەو وڵاتە عەرەبییانەدا بێنینە دی کە نەوتەکەی بەناو خاکیاندا تێدەپەڕێ. فرە بواریی ناردنە دەرەوەی نەوت دەرفەت بۆ عیراق دەرەخسێنێ کە نەیارەکانی کەمتر بتوانن کارتی بۆرییەکانی نەوت لەدژی بەکار بێنن و هەروەها ئەمە پەراوێزێکی واش بۆ عیراق پێکدێنێ کەبتوانێ کارتی راگرتنی بەکارهێنانی بۆرییەکان بەکار بێنێ و خۆی، نەك نەیارەکانی، وەك کارتی گوشار سوودیان لێ وەربگرێ.

بۆ تورکیا ترسناکترین ئەگەر ئەوەیە کە عیراق، پاش راکێشانی بۆریی رومێلە- عەقەبە، لەماوەی چەند ساڵێکدا پەرەی پێ بداو بیکاتە هێڵی دووەمی ستراتیجیی ناردنە دەرەوەی نەوت یان بیکاتە ئەلتەرناتیڤی هێڵی کەرکوک- یومورتالیك. ئەگەرچی ئەم ئەگەرە تائێستا بەدوور دەزانرێ، بەڵام پەرەپێدانی هێڵی رومێلە- عەقەبە شتێکە دەوەستێتە سەر ئارەزووی بەغدا کەدەتوانێت لەکاتی پێویستدا بڕیاری لێ بدات، بەتایبەتی کەدەتوانرێ کارتی بڕینی نەوت لەتورکیا بەرامبەر بە کارتی بڕینی ئاو لەعیراق بەکار بهێنرێت.

# بانگهێشتکردنی پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

پاپای ئێستای ڤاتیکان کە لە بنەڕەتدا ناوی ڕاستەقینەی (گۆرگی ماریۆ بیرگۆلیۆ)یەو، لەزنجیرەی پاپاکانیشدا پاپای ژمارە (٢٦٦)ەو، نازناوی (فرانسیسی یەکەم)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، بەمەش دەبێتە یەکەم پاپا کە لە دوای ساڵی (٩١٤) ی زایینییەوە نازناوێکی نوێ و (یەکەم) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت..

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە پاپای نوێی ڤاتیکان جیاواز لەوانی پێش خۆی، ئەم کەسێکی خاکییەو، داوای گەڕانەوە بۆ ڕۆحی مەسیحییەت دەکات، داواش دەکات پیاوانی کڵێسا لەخزمەتی خەڵکدا بن، نەك خەڵکی لەخزمەتی ئەواندا بن، ئەمە وێڕای ئەوەی کە پاپای نوێی ڤاتیکان بایەخیش دەدات بە چەمکەکانی (ئاشتیی) و (پاراستنی سروشت) و بایەخدان بە (هەژاران).

پرسیاری گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە کە بۆچی پاپای نوێی ڤاتیکان (فرانسیسی یەکەم)، ئەم جۆرە بایەخانەی هەیەو پێشەنگیی ئەویش لەم کارانەیدا کێیە؟

پاپای نوێی ڤاتیکان سەرسامە بەقەشەیەکی دێرینی سەدەکانی ناوەڕاست کە ناوی (فرانسیس دی ئەسیزی)بووەو، خەڵکی (ئیتاڵیا)بووە، لەساڵی (١١٨٢)ی زایینی لەدایکبووەو لە(٣)ی (ئۆکتۆبەر)ی ساڵی (١٢٢٦)شدا کۆچی دوایی کردووە، هاوڕێیەتیی پێنجەمین هەڵمەتی سەربازیی ئەورووپییەکان بووە لەدژی دەوڵەتیی ئەیوبیی لە بەرواری(١)ی (حوزەیران)ی ساڵی (١٢١٨)ی زایینیی، کاتێك سوپای ئەورووپییەکان پێکهاتبوو لە(٧٠)هەزار سەربازی سوارەو (٤٠٠)هەزار سەربازی پیادە .

ئەم هەڵمەتە کەدرێژەی کێشاو، کوشتارێکی زۆریشی لێکەوتەوە لە هەردوولا، قەشە (فرانسیس دی ئەسیزی)ی داوای لەسەرکردە ئەورووپییەکان کرد کە ڕێگەی پێبدەن سەردانی (مەلیك کامیل)ی سوڵتانی ئەیوبییەکان بکات، بەڵام سەرکردە سەربازییە ئەورووپییەکان ڕێگرییان لێکرد بە بیانووی ئەوەی کە لەوانەیە لەلایەن (مەلیك کامیل)ەوە، بەند بکرێت یان بکوژرێت، بەڵام کە قەشە(فرانسیس دی ئەسیزی) پێداگریی زۆری کرد، ئەوسا لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی ڕێگەیان پێدا سەردانی ئۆردوگای (مەلیك کامیل) بکات.

کە قەشە (فرانسیس دی ئەسیزی) چاوی کەوت بە(مەلیك کامیل)ی سەرکردەی ئەیوبییەکان لەو سەردانەیدا کەلەساڵی (١٢١٩)ی زایینییدا ئەنجامیدا، (مەلیك کامیل) پێشوازییەکی زۆر گەرمیی لێکردو، چەندین شەو باسی زۆر مەسەلەی ئاینیی و ئینسانیی گرنگیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، قەشە (فرانسیس دی ئەسیزی) لەم ماوەیەدا بینیی کە (مەلیك کامیل) مرۆڤێکی زۆر ساکارو خزمەتگوزارە، ئەگەر چی سەرۆك بوو، بەڵام خۆی خزمەتی خۆی دەکات، زۆر لێبووردەیە ئاشتیخوازە و ڕقی گەورەی لەخوێن ڕشتنە، ڕێزی زانایان زۆر دەگرێت و، شەوان لە مەجلیسی زانایاندا گوێ لەڕاو بۆچوونەکانیان دەگرێت، کە یەکێك لەو زانایانەش (سەلاحەددین کوڕی شەعبان ئەربیلی) بوو.

قەشە (فرانسیس دی ئەسیزی) وتی: خاچپەرستەکان دەڵێن ئێوەی موسڵمان ڕقتان لە پێغەمبەر (عیسی)یە، (مەلیك کامیل) وتی: من کە نازناوم (مەلیك کامیل)ە، ناوم (موحەممەد)ە، بەڵام برایەکم هەیە کەناوی (عیسا)یە، چونکە لای ئێمەی موسڵمان (عیسا)(سەلامی خوای لەسەر) پێگەی پێغەمبەرانی خاوەن عەزمی هەیە .

قەشە (فرانسیس دی ئەسیزی) وتی: خاچپەرستان بۆیە هاتوون، چونکە ئێوە ڕێگەی زیارەت و سەردانی شاری (قودس) تان لەوان گرتووە، (مەلیك کامیل) وتی: ئەوەی بەئاشتیی ڕوومان تێبکات ئازادە لەسەردانی (قودس)ی پیرۆز، بۆیە کەسی وەك تۆو هاوەڵانت ئازادن لەگەڕان لەمەملەکەتی ئێمەدا، لەئەمڕۆوە بۆتان هەیە بێ هیچ باجێك سەردانی (قودس) بکەن و، ئاینیی خۆشتان بۆ خەڵك باس بکەن و، لێرەش بمێننەوە.

پێوەندیی نێوان (فرانسیس دی ئەسیزی) و (مەلیك کامیل) بەردەوام بوو هەتا کۆچی دوایی قەشە (فرانسیس دی ئەسیزی) لەساڵی (١٢٢٦)ی زایینیی، (مەلیك کامیل)یش لەساڵی (١٢٣٨)ی زایینیی کۆچی دوایی کرد .

بەم جۆرە لەکاتێکدا شەڕخوازان هەر وایان دەزانی کێشەکان لە ڕێگەی شەڕەوە چارەسەر دەکرێن، کەچی لەلایەکی دیکەوە پێوەندیی دۆستانەی نێوان (فرانسیس دی ئەسیزی) و (مەلیك کامیل) سەلماندی کە دەکرێت کێشەکان بەئاشتیی و گۆڕینەوەی بیرو ڕاوو چارەسەر بکرێن.

لێرەوەیە کەلای کورد هەمیشە کەلتووری پێکەوەژیان بوونی هەبووەو هەیە، بۆیە هەمیشە کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی گشت ئایین و ئاینزاکان بووەو دەبێت، چونکە زانایانی ئاینیی کورد، شێخانی تەریقەتی کوردو، سەرکردەکانی کورد لەدێرزەمانەوە تا ئەمڕۆ هەر سیمبوڵی کولتووری لێبووردەیی ئاینیی و پێکەوەژیانی ئاینیین.

لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە پاپای ئێستای ڤاتیکان بانگهێشت بکەین بۆ سەردانی کوردستان، بۆ ئاشنابوون بە لێبوردەیی کوردان و، بینینی گیانی لێبوردەیی ئاینیی لای نەوەکانی (ئەلمەلیك ئەلکامیل)ی ئەیوبی.



## بێدەنگی جیهان بەرامبەر رژێمی ئەسەد


# سوریای رووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی گەورە کردۆتەوە

بەر لەچەند مانگێك هیلاری كلینتۆن وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریكا رایگەیاند بەكارهێنانی چەكی كیمایی لە تەنگژەی سوریا خەتی سورە بۆ رژێمەكەی ئەسەد، رۆژی شەممەی رابردوو گرووپێك لە زانایانی سەر بە سوپای بەریتانیا لە ئاكامی پشكنینی هەندێك خۆڵ لەدەوروبەری دیمەشق بۆیان دەركەوتووە جۆرێك لەچەكی كیمایی بەكار هاتووە، رۆژنامەی تایمز كە ئەم هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە ئاماژە بەوە دەكات نازانرێت ئایا ئەم جۆرە چەكە كیماییە لە لایەن رژێمی ئەسەدەوە بەكارهاتووە یان لەلایەن چەكدارانەوە، هەروەها ئەوەشی لەم قۆناخەدا مەزندە دەكرێت هەندێك گۆڕانكاری لەهەڵویستی نێودەوڵەتی بەرامبەر چەكداركردنی ئۆپۆزسیۆن بكرێت، ئەو راگەیاندنەی رێكخراوی جەبهەی نەسرەیە كە وەك لقێكی رێكخراوی ئەلقاعیدە خۆی راگەیاند و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێكی هاوشێوەی تاڵیبان لە سوریا دەكات، ئەمەش بۆتە كارتێكی گرنگ بەدەست رژێمی ئەسەدەوە بۆ ئەوەی رێكخراوی چەكداری جەبهە ئەلنەسرە وەك رێكخراوێكی تیررۆیستی بناسرێت و بكەونە ناو چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆرەوە، لە لایەكی دیكەش رژێمی ئەسەد دەیەوێت ئاراستەی شەڕەكە بگۆڕێت بۆ شەڕێكی ئیقلیمی و ئیسرائیل و توركیاش بگرێتەوە، هەربۆیە لەچەند رۆژی رابردوو لەگەڵ توركیا لە ناوچەی ئەسكەندەرونە(هاتای) ئاڵۆزی دروستكردووە، لە یەكدوو رۆژی رابردووشدا هێزەكانی ئەسەد تەقەیان لە سوپای ئیسرائیلی لەناوچەی جۆلان كردووە، بەم هۆیەشەوە ئیسرائیل لە نەتەوە یەكگرتووەكان شكاتی لە رژێمی ئەسەد كردووە، لەم بارودۆخەدا كە بارودۆخی سوریا رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو خوێناوی تر دەڕوات، باڵیۆز دینس رۆش لە دانیشتنێكی خستنەڕووی راستیەكان بەمجۆرە باس لە بارودۆخی ئێستای سوریا دەكات، رۆس لە قسەكانیدا بۆ لیژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەنات ئاماژەی بەوە كردووە: (ئەو بارودۆخەی ئێستا لە سوریا بەڕێوەدەچێت بۆ بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا گەورەترین و مەترسیدارترین تەحددیە، رۆژ لەدوای رۆژ كارەساتی مرۆیی زیاتر دەبێت، ئێستا ٢٥٪ خەڵكی سوریا ئاوارە بوونە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان و بەشی زۆریشیان روویانكردۆتە ئەردەن و لوبنان و عێراق و توركیا، ئەمەش مەترسیەكی گەورە لەسەر سەقامگیری بە تایبەتی بۆ لوبنان و عێراق دروست دەكەن، لەبەر ئەوەی پەنابەران لەڕووی مەزهەبیەوە جیاوازن و مەترسی ئەوەی لیدەكرێت بارودۆخە زیاتر ئاڵۆز ببێتەوە، بۆیە لەم بارودۆخەدا تەنانەت رێكخراوی قاعیدەش نایەوێت خۆی بكاتە بەشێك لەدەوڵەتە فاشیلەكەی سوریا). هەر لەسەر مەترسی ئەو بارودۆخەی ئێستا سوریا پێیدا تێدەپەڕێت ویلیام هیگ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا رایگەیاند سوریا بەرەو گەورەترین كارەساتی مرۆیی لەسەدەی بیست و یەكەم هەنگاو هەڵدەگرێت،

**كوردەكانی سوریا، ئەگەرچی لە رووی ژمارەوە كەمینەن، بەڵام ئامادەبوونێكی سیاسی گرنگیان هەیە و لە ناوچەیەكی گرنگیشدان**

**پێویستە كوردەكانی سوریا لەم قۆناخە ئەگەر بەشێوەیەكی فەرمیش نەبێت خۆیان بەهەرێمی كوردستانی عێراق گرێبدەنەوە**





مارک کاتز بۆ گوڵان:

## هیچ ئەگەرێک بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەسەددا نییە، بەڵکو دەبێت بڕوات، ئەگەرنا چارەنووسی وەک قەزافی دەبێت

سەبارەت بەم لایەنە ترسناکە وەك هەڕەشەیەکی کارەساتی مرۆیی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ئەندریە رۆگری ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ستۆکهۆلم و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، لەوەڵامدا بەگوڵانی راگەیاند لە ئێستا زەحمەتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچی پێبکرێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە چەقبەستووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کۆمەڵێك هەلی لەبەردەست بوو بۆ ئەوەی نەهێڵێت بارودۆخەکە بگاتە ئەم قۆناخەی ئێستا. لەمبارەوە لە لێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی راگەیاند: (ئەوەی دەتوانم لە ئەنجامی دیراسەت و توێژینەوە لەبارەی ناکۆکی و چارەسەرکردنی ناکۆکی و هەندێ دیراسەت لەبارەی سوریاوە، بووترێت، ئەوەیە، کە بارودۆخەکە...چەقبەستووە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرفەتی لەدەستدا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، یەکەم دەرفەت، کاتێك چاودێرەکانی نارد، ئەوە دەرفەتێکی لەدەستچوو بوو، لەبەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیتوانی کار بکات بۆ ئەوەی ئەرکێکی گەورەتریان پێ بسپێردرێت، ئەو کاتە دەمانتوانی خۆمان لە روودانی زۆرێك لە قوربانیەکان لابدەین و رژێمەکەی ئەسەد بوەستێنین و بیگۆڕین. ئێستاش کە سەیری بارودۆخی سوریا و هەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەو گرژیە بەردەوامانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، ئەوا چارەسەرکردنی بارودۆخەکە دژوار و دژوارتر دەبێت. لەبارەی ئەوەی هێزەکانی رۆژئاوا هاوڕانین لە پێدانی چەك بە موعارەزە، ئەوا ئەمە کێشەیەکی گەورەی دیکەیە، لەبەر ئەوەی ستراتیجیەت و تێڕوانینێکی روون نییە لەبارەی ئەم پرسەوە، من دڵنیانیم و ناتوانم لەوە دڵنیابم کە چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادایە. لەلایەکی دیکەشەوە هاوکاری دیکە هەیە، واتە هەر تەنیا هاوکاری دارایی نا، بەڵکو دەشێت هاوکاری لۆجیستیش دابین بکرێت، کەواتە پێشبینی کردن کارێکی قورسە. هەروەها ئەگەر وەك باس دەکرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ئیقلیمی دەست بە گفتوگۆی دیپلۆماسی بکەن لەگەڵ ئەسەددا، ئەمە کارێکی قورسە، چونکە زەحمەتە بتوانین گفتوگۆ لەگەڵ کەسایەتیەکی لەو شێوەیەدا بکەیت. ئێمە دەزانین ئەندامێتی رژێمی ئەسەد لە سوریا لە کۆمکاری عەرەبی هەڵپەسێردراوە، و شوێنەکەی دراوە بە نوێنەری موعارەزەی سوری بۆ ئەوەی شەرعیەتی پێبدرێت، کەواتە روونە کە یاریزانە مەحەلی و ئیقلیمی و هەروەها نێودەوڵەتیەکانیش نایانەوێت هیچ شەرعیەتێك بە رژێمەکەی ئەسەد بدەن و باوەڕم وایە پێویستە ئەو کارە بکەن)).

بەڵام ئەوەی لەم بارە چەقبەستووە لەسەر ئاستی دیپلۆماتی و سیاسیی هەستی پێدەکرێت، لەسەر ئاستی رووبەڕوونەوەی نێوان چەکداران و سوپای ئەسەد، هەست بەمەترسیەکی گەورەتر دەکرێت و مەزندەی ئەوە دەکرێت بارودۆخەکە بەرەو خوێناوی تر بچێت، سەبارەت بەم لایەنەش پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مارك کاتز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی جۆرج ماسۆن و تایبەتمەند لەشەڕی تیرۆر کرد، لەوەڵامدا ئەو مەزندەی خۆی بەو جۆرە بۆ گوڵان خستەڕوو کە شەڕەکە خوێناوی تر دەبێت و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و گووتی: (ئاشکرایە شەڕەکە گەورەتر دەبێت، وا دەردەکەوێت کە رژێمەکەی ئەسەد لاوازتر دەبێت، بە چەشنێك گومان هەیە لەبەردەوامبوونی، بەڵام هەر کاتێك ئەو رژێمە رووخا، ئەوا رەنگە ئەو خەڵکانەی دژی بوون، شەڕ لەگەڵ یەکتردا بکەن، ئەوەی روونە ئەوەیە کە دیار نییە کێ جێی ئەسەد دەگرێتەوە، لەمە دڵنیاین. لەسەر ئاستی ئیقلیمیش ئێران هاوکاری رژێمەکە دەکات و مالیکیش زیاتر و زیاتر دەچێتە پاڵ ئەسەد، بەڵام هیچ کەسێکی دیکە ئامادەیی هاوکاری کردنی ئەسەدی نییە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، ئیسرائیل زۆر نیگەرانە لە رووخانی ئەسەد، ترسیان لە بارودۆخی دوای ئەسەد هەیە. بەڵام ئاشکرایە عەرەبە سوننەکان و تورکیا خوازیاری ئەوەن بڕووخێت. ئەمە بارودۆخێکی خراپە، ئەمە روودەدات، و ئەو دەڕووخێت، بۆ هەموو لایەکیش باشترە کە زووتر رووبدات، لەوەی زیاتر دوا بکەوێت، بەڵام پێم وانییە بەم زووانە رووبدات)).

سەبارەت بە دۆزینەوەی رێگە چارەی دیپلۆماتی و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم بارودۆخەی سوریا دابنرێت، پرۆفیسۆر کاتز لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئەم قسانە مانۆرن و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هیچ شتێك لە ئارادا نییە. لەمبارەو گووتی: (ئاشکرایە ئەمە پاساوی ئەنجامنەدانی هیچ کارێکە، لەبەر ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە لە ئارادا نییە، هیچ ئەگەرێك بۆ ئەنجامدانی رێککەوتن لەگەڵ ئەسەددا نییە، بەڵکو ئەو دەبێت بڕوات و دەبێت لە کاتێکدا بڕوات کە دەرفەتی هەیە، ئەگەرنا چارەنووسی وەك قەزافی دەبێت، ئەم هەستەم هەیە، پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێت بێتە ناو مەسەلەکەوە، ئەمەش کێشە راستەقینەکەیە. لەم بارودۆخە ئاڵۆزەشدا رێکخراوی ئەلقاعیدە هەوڵی داوە ئەم بارۆدخە ئاڵۆزە بقۆزێتەوە و، کێشەی ئەلقاعیدە ئەوەیە زۆر توندوتیژن، و لە هەموو شوێنێك دوژمن بۆ خۆیان دروست دەکەن، چونکە ئەگەر سەد دەر سەد هاوڕانەبیت لەگەڵیاندا، ئەوا پێویستە بکوژرێیت. من زۆر نیگەران نیم لەبارەی ئەلقاعیدەوە، راستە هەوڵدەدەن، بەڵام ئێمە دەمانتوانی خۆمان لەمە لابدەین، ئەگەر پشتیوانی گرووپەکانی دیکەمان بکردایە، کەواتە بەشێکی بەهێزی ئەلقاعیدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە ئەم کارەمان نەکردووە. بەڵام من قەناعەتم هەیە کە بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا روویدا، ئەلقاعیدە دەبێتە خراپترین دوژمنی خۆی لە سوریادا. سەبارەت بە جەبهەی نەسرەش

کە خۆی وەك لقێك لە قاعیدە ناساندووە، ئەم ڕێکخراوە زیاتر لە گرووپەکانی دیکە ئامادەیی شەڕکردنن، ئامادەیی زیاتریان تێدایە بۆ قوربانیدان، ئاشکرایە ئەمەش وایان لێدەکات گرنگ بن، کاتێك ڕژێمەکەی ئەسەد دەڕووخێت، بەڵام کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە ناتوانن هاوکاری لەگەڵ کەسی دیکەدا بکەن، ئەلقاعیدە تۆمارێکی خراپی هەیە و گرووپێکی بچووکی سوننەیە.....کە ناتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگە بکات.)).

سەبارەت بە قۆستنەوەی بارودۆخە لەلایەن قاعیدەوە لە سوریا، پرۆفسیۆر ئەندریە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم قۆستنەوەیە تایبەت نییە بە سوریا، بەڵکو لە هەر شوێنێك ئاڵۆزی هەبوبێت گرووپە ڕادیکاڵەکان ئەو بارودۆخەیان قۆستۆتەوە. لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (من لێرەدا بیر لە لوبنان و هەروەها لە دەسەڵاتی فەلەستینی دەکەمەوە، هەر کاتێك بارودۆخێکی ناسەقامگیر هەبووبێت، ئەوا ڕادیکاڵەکان، ڕادیکاڵە توندڕەوەکان بواری زیاتریان بۆ ڕێکخراوەکانیان بۆ دروست بووە. لەبەر ئەوە کاتێك وتم وەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئێمە دەرفەتێکمان لەدەستدا لە پەیوەندیدا بە ئەرکەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەوا بۆی هەبوو بمانتوانیایە کار و کردەوە بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان ڕابگرین، کە بۆی هەیە لە مەودای دووردا زیان بە ئایندەی سوریا بگەیەنن، لەبەر ئەوەی هەندێ هێزی نێودەوڵەتی ڕێگانادەن مۆڵگەیەك بۆ تیرۆریستان یان ئەلقاعیدە هەبێت. ئەگەر بە شێوەیەکی جیاوازتر گوزارشتی لێبکەین، ئەوا بۆی هەیە ئەمە مایەی مەترسی بێت، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەتوانێت هاوکاری میانڕەوەکان بکات، یان بەرەی یەکگرتووی موعارەزە، ئەوا ژمارەیەکی زیاتری ڕادیکاڵەکان و لەم حاڵەتەدا ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان سوود لە بارودۆخەکە وەردەگرن. بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕێگاچارەیەکە. بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە تەنیا ڕێگە نەمانی ئەسەدە، ئەوجا لە سوریا بڕوات یان چارەنووسی قەزافی هەبێت، بەڵام هەندێ لە توێژەران و داڕێژەرانی سیاسەت باوەڕیانوایە، پێویستە ستراتیجیەتێکی دەربازبوونی نارەسمی بۆ ئەسەد دابین بکات، ئەمە جیاوازە لەوەی بڵێین پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرعیەت بدات بەمانەوەی ئەسەد. کەواتە هەندێ کەس باس لەوە دەکەن کە باشترین سیاسەت بریتییە لە بوونی ستراتیجیەتێکی دەربازبوون بۆ ئەسەد، یان ستراتیجیەتێکی جیاواز بۆ ڕزگاربوون و دەربازبوونی ئەسەد، واتە وڵات بەجێهبێڵێت و بوار بە موعارەزە بدات بێتە پێشەوە و سوریایەکی سەقامگیر بێتە ئاراوە. من ناڵێم پاڵپشتی ئەمە دەکەم، بەڵام یان دەبێت چارەسەرێکی ئاشتیانە و ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە بە شەڕهاتووەکاندا بێتەدی، کە پێموانیە لە ئێستادا ئەمە مومکین بێت، یاخود دەبێت تێکشکانێکی سەربازی هەبێت، هەندێ کەس پێشنیاری ڕێگاچارەی سێیەم دەکەن، ئەویش ئەوەیە ئەسەد وڵاتەکە جێبهێڵێت)).

**کوردی سوریا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا**

کێشەی کورد لەسوریا تەنیا بە ڕووخان و ڕۆیشتنی ئەسەد چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم کێشەیە چۆن لەلایەن ڕژێمی ئەسەدەوە نکۆڵی لەبوونی کورد کراوە، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سوریاشەوە هەتا ئێستا تێڕوانینێکی ئاشکرا سەبارەت بە سەلماندنی مافەکانی کورد لەسوریا نییە، بۆیە لەم حاڵەتەدا لەگەڵ ئەوەی پرسی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە لە هەڵکشاندایە و ئەو سەردەمە خەریکە بەسەردەچێ کە نکۆڵی لەمافەکانی کورد دەکرا، بۆیە گرنگە کوردی سوریاش بە هۆشیارییەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخە مامەڵە بکەن، پرۆفسیۆر مارك کاتز کە پسپۆرە لە شەڕی دژە تیرۆر لە عێراق و ناوچەکە وای دەبینێ کە پێویستە کوردی سوریا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق گرێبدەنەوە و تەنانەت ئەگەر وەك بەشێك لە سوریاش بمێننەوە، لەمبارەوە پرۆفیسۆر کاتز بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئێستا لەسەر ئاستی ناوچەکە هەڵکشانی کورد لە عێراق و سوریا و ئێران و تورکیا دەبینین، بۆیە پێویستە کوردەکانی سوریا لەم قۆناخە — ئەگەر بەشێوەیەکی فەرمیش نەبێت- خۆیان بەهەرێمی کوردستانی عێراق گرێبدەنەوە، بەلای منەوە ئەوە باشترین پارێزگاری دەبێت بۆ ئەوان. ئەگەرچی بە ڕەسمی وەك بەشێکی سوریا بمێننەوە، ئەوا ببنە بەشێکی کوردستانی گەورە، پێموایە ئەمە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکات، لەبری ئەوەی قەوارەیەکی جیابن لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق).

پرۆفیسۆر ئەندریەش لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بەوەدەکات کورد لەڕووی قەوارەوە لە سوریا کەمینەن، بەڵام ئامادەبوونێکی سیاسیی گرنگیان هەیەو دەبێت مافەکانیان بسەلمێنرێت، لەمبارەوە و لە درێژەی لێدوانەکەیدا سەبارەت بەم لایەنە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (پێموایە کوردەکانی سوریا، ئەگەرچی لە ڕووی ژمارەوە کەمینەن، بەڵام ئامادەبوونێکی سیاسی گرنگیان هەیە و لە ناوچەیەکی گرنگیشدان، کە پێویستە ئیعتیراف بە مافەکانیان بکرێت. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە لە وڵاتانی دیکە ڕوودەدات، وەك عێراق، واتە پێویستە لە ئایندەدا ئیعتیراف بە جوڵانەوەی سیاسی و بە ناسنامەی کەلتوری کورد بکرێت. ئێمە دەزانین لە بارودۆخی دوای شەڕدا کاتێك کوردەکان حکومڕانیان کردووە، بارودۆخەکە سەقامگیر بووە. هەروەها لەبەر ئەوەی لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا بوونیان هەیە لەم ناوچەیەدا، ئەوا ڕۆڵێکی میحوەری گرنگیان هەیە، کە پێویستە یاریزانە مەحەلیەکان ڕەچاویان بکەن و هەروەها من دڵنیاین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ڕەچاویان دەکات، ڕەچاوکردنی نوێنەرایەتی سیاسیان، بزووتنەوەی سیاسیان و ئۆتۆنۆمیان)).




ئەندریە ڕۆگری بۆ گوڵان:

**یاریزانە مەحەلی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکانیش نایانەوێت هیچ شەرعیەتێک بە ڕژێمەکەی ئەسەد بدەن**



# ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لە کوردستان دەرەنجام و کاردانەوەی نێودەوڵەتی



پرۆفیسۆری هاریکار دکتۆر عەلی تەتەر نێروەیی

تایبەت بۆ گوڵان نوسیویەتی

هەر هەشت ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنفال (٢٣ شوبات ـ ٦ ئەیلوولی ١٩٨٨) بە گەورەترین و ترسناکترین هەڵمەتی لەناوبردنی گەلی کوردســـتان لە مێژوودا دەژمێردرێن کە بە شـــێوەیەکی دڕندانەو بەدەر لـــە هەموو یاســـا و بنەماکانی مرۆڤایەتـــی، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنجامدرا. ئەم پەلامارانە بە ســـوود وەرگرتن لە کەرەستەی کیمیایی و بۆمبابارانی زۆر ســـەختی پێش هێرشی لەشکری زەمینی بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر و ســـوتاندن و وێرانکردنی هەرشتێك کە دەکەوتە بەردەست و پێش چاویان.

یوست هیلترمان یەکێکە لەو رۆشنبیرو سیاسەتمەدارانەی کە لە بواری کاروباری مافی مرۆڤدا کار دەکات و بە دامەزراندنی ناوەندێکـــی لێکوڵینـــەوەو بەدواداچوونی کێشـــەی ئەنفال، بە مەبەســـتی دادگایی کردنی ســـەرانی ڕژێم رۆڵی کاریگەری هەبوو، ئەنفال بەم شێوەیە پێناسە دەکات :

«ئەنفال چەندین ئۆپەراســـیۆنی لەشکری بوو، کە لەلایەن چەند فەیلەق، یان چەند فیرقەیەکی ســـەربازی ڕژێمی بەعس ئەنجام دراوە، فیرقەکانی لەشکری، هەواڵگری لەشکری، ئەمن و و مونەزەماتی حزبی بەعس و چەندین یەکەی تایبەتی ترەوە، هەموو پێکەوە لەم جینۆسایدەدا بەشدار بوون.

**زارەوەی ئەنفال**

زاراوەی ئەنفـــال لە ســـورەتی ئەنفال لە قورئـــان وەرگیراوە؛ چونکە حکومەتی بەعس دەیویســـت رەنگێکـــی ئایینی بداتە ئۆپەراسیۆنەکانی لەشکریی و بەم شێوەیە گەلی کوردی بە کافر دانا بوو. بە پێی وتەی کۆنە ســـەرۆك جاشـــێك، ئەفسەرەکانی ئیستخبارات لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆك جاشەکانیان وتبوو کە پێشمەرگە نە کوردن و نە عێراقی، بە پێی یاسای ئیسلام ئەوانە کافـــرن و بەم پێیە دەبێ وەك کافـــر ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. لە کاتێدا کە حکومەتی عێراق بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەســـتدایە ٢٨٥٥ مزگەوتی موسڵمانان و کەنیسەی کریستیانان و پەرستگەی ئێزیدیانی ڕووخاند بوو، کە ئەم ژمارەیە لە لایەن هیچ وڵاتێکی (کافر)ی دژ بە ئیســـلامەوە نەکراوە و جیهانی ئیسلامیش بەرانبەر بەم تاوانە بێدەنگی هەڵبژارد.

**ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال:**

حکومەت زووترو لە مێژەوە پلانی ئەم ئۆپەراسیۆنانەی دانابوو و خۆی بۆ ئامادە کردبوو. ســـەمیر محەمـــەد عەبدولوەهابی وەزیری ناوخـــۆی عێراق لەکۆتایی ســـاڵی ١٩٨٧ پلانەکانی وەزارەت و ئامانجەکانی خۆی بۆ ســـاڵێ نوێ بەم شێوەیە باس دەکات:

«ئافراندنـــی زەمینەیەکـــی بێگـــەرد و پـــاك لـــە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هزری و ڤاڵا لە هەموو ناپاکی و پاشماوەیەکی ناو کۆمەڵگەدا، کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی حزبی بەعس یان راســـپاردەکانی سەرۆکی ســـەرکردە سەدام حوسێندا نەگونجێن».

بەم شـــێوەیە حکومەتی عێراق، خۆی بۆ نەهێشـــتنی هەر هزرێك کـــە لە گەڵ هزری حزبی بەعـــس نەدەگونجا، ئامادە کردبوو. هەر بۆیە لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٨٧ و سەرەتای ١٩٨٨ عێراق لە ڕووی لەشـــکری و چەکدارییـــەوە زۆر گۆڕدرابوو و پێی دەکرا هێرشـــێکی زۆر فراوان و توند بکاتە سەر کوردستان کە بەرگری کردن لە لایەن شۆڕشگێڕانەوەوە زۆر سەخت دەبوو؛ چونکە شـــەڕ لە چوارچێوەی شەڕێکی کلاسیکی دەرچوبوو و چەکی ناکلاســـیکی هەمەچەشنە وەکو هەموو جۆرە چەکێکی کیمیایی بەکار دەهات.

ئۆپەراســـیۆنەکانی ئەنفال لەژێر سەرکردایەتی عەلی حەسەن ئەلمەجید و بەشـــداری فەیلەقەکانـــی ١ و ٥ و بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەمن و هەوالگری سوپا و فەوجەکانی جاشەکان، لە ٨ قۆناغدا دەستی پێکرد. ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال دوو ئامانجی ســـەرەکییان هەبوو: تێکشکاندنی گیانی بەرگری پێشمەرگە و نەهێشـــتنی هیچ زیندەوەرێك بەتایبەتی مرۆڤ لە کوردستانی ئازاددا.

سەدام حوســـێن بارودۆخی بەردەوام و درێژخایەنی جەنگی عێراق - ئێرانی قۆســـتبووەوە، بۆ گواستنەوەی جەنگی توندی شۆڤێنی خۆی بۆ ســـەر کوردستاندا بە مەبەستی لە ڕەگ و ڕیشـــە دەرهێنانی گەلی کورد. ئەو جەنگەی کە لە کوردستان هەلگیرســـاندبوو بە درێژە پێدانی جەنگی عێراق - ئێران ناوی دەبرد.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی پرۆســـەی ئەنفال، پێویســـتی بەهیچ بیانوویەك نەبوو و هیچ پێوەندیەکیشـــی بە جەنگی عێـــراق ـ ئێرانەوە نەبـــوو، بەڵکو کوردکوژی و جینۆســـاید لە خوو و رەوشت و سروشتی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرستی بەعس لە عێراق سەرچاوەی دەگرت کـــە هەر کاتێك دەرفەتی هەبوایە بەم کارە هەڵدەســـتا،، عەدنان خەیروڵڵا وەزیری بەرگری عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨ وتی:

« من لە ڕەفتارکـــردن لەگەڵ هەر گرووپێك لە گەلەکەم، هەموو مافێکم هەیە، بەو ڕێیەی خۆم هەڵیدەبژێرم».

کەواتە حکومەت بە مافی سروشتی خۆیی دەزانی کە گرووپێك لەگەلەکەی وەکو گەلی کورد، جینۆساید بکات، بەو ڕێیەی کە هەڵیدەبژێرێ واتە کیمیابارانی بکات و کەسیش مافی قسەکردن و رەخنەشی نەبێ و پێویســـت بوو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لە سەر سەکۆکانی یاریگا تەماشاڤان بن. بۆیە شێوازی توندوتیژی کە حکومەتی عێراق لەوســـاڵەدا دژ بە کورد بەکاری هێنابوو، گەیشـــتە رادەی جینۆساید. لە دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند بە تاوانە دژە مرۆڤییەکان کە پاشـــان ناوی گۆڕدرا بە دادگای تاوانەکانـــی باڵای عێراقی، لـــە ٢٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بە فەرمی بڕیار درا کە ئۆپەراســـیۆنەکانی ئەنفال بە جینۆســـاید بناســـرێن. پارلەمانی هەرێمی کوردستان و پارلەمانی عێراقیش بە زۆرینەی دەنگ ئەوەیان پەسەند کردووە.

**قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال بەپێی بەڵگەکان**

بە پێی بروسکەی لیوای ڕوکن سوڵتان هاشم، لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی ٢ ( ٢٢ی ئادار ـ ١ی نیسانی ١٩٨٨) تەنیا لە قۆپی قەرەداغ ٢٥٠٠ کـــەس لە ژن و پیاو و منداڵ گیرابوون. ئەوانە تا ٢٠ی نیسان لەناو سەربازگەی سەرکردایەتی فەیلەقدا دەست بەســـەر بوون، بەڵام حکومەت تەنیا ٢٠٠ چەکی گرتبوو. واتە لەوانە ٢٣٠٠ کەسی بێ چەك و سیڤیل و ئافرەت و

**سەرۆک مسعود بارزانی بە ناوی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، بانگەوازێکی بەپەلەی لە ٢٩ی ئابی ١٩٨٨ بۆ سکرتێری گشتی UN ئاراستە کرد لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە رەنگێکی شێتانەو بێ وێنە دژ بە گەلی کوردو شەڕی جینۆساید و سەرکوتکردن و لە ڕەگ و ڕیشەوە ڕاکێشانی کورد لە سەر نیشتمانەکەی لە قەڵەم دابوو**

**حکومەتی عێراق بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستدایە ٢٨٥٥ مزگەوتی موسڵمانان و کەنیسەی کریستیانان و پەرستگەی ئێزیدیانی ڕووخاند بوو**

**لە ٢٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بە فەرمی بڕیار درا کە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بە جینۆساید بناسرێن. پارلەمانی هەرێمی کوردستان و پارلەمانی عێراقیش بە زۆرینەی دەنگ ئەوەیان پەسەند کردووە**

منـــداڵ بوون، جگە لەوەش بەشـــی زۆری ئەو چەکانە هی ئەو پێشمەرگانە بوون کە لە گۆڕەپانی شەڕدا ببوونە قوربانی. بەڵگەنامەیەکی حکومی دەیسەلمێنێت کە ئەم ٢٥٠٠ کەسە بەم شێوەیە دابەشـــکرابوون: پیاوەکان بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی ٤ ڕەوانە کران و ژنەکان بۆ سەرکردایەتی فەیلەقی ٣ و منداڵەکان بۆ سەربازگەی مەشق کردنی زرێپۆش لە تکریت و هەمووشیان بە پاسەوان و سەیارەی تایبەت راگوێزرابوون.

لە ئۆپەراسـیۆنی ئەنفالی ٣ ( ٧ ـ ٢٠ نیســـان) گوندەکان بە تەواوی ڕووخێنران و دیلەکانی کوردیش بێسەروشـــوێن کران و خەڵکێکی زۆر کەم توانییان رزگار ببن. لە هەر شوێنێك بەرگری هەبوایـــە بە بۆمبـــی کیمیایی کپ دەکرایـــەوە، وەکو گوندی تازەشـــار نزیك قادرکەرەم کە لە ٩ی نیسان هەموو دانیشتووانی گوندەکەو پێشـــمەرگەی تێدا جینۆسایدکران . لە ناوچەی قادر کەرەم هەموو گوندەکان بەتەواوی تاڵان کران. سەرۆك جاشەکان، خەڵکیان هان دەدا کە خۆیان بەدەست حکومەتەوە بدەن و بەڵێنی لێبوردنیان پێدابوون، بەڵام هەموو ئەو کەســـانەی کە تەســـلیم بوونەوە بێسەروشوێن کران.

سەرکردایەتی فەیلەقی ١ بە دەرکردنی بەیانێك لە ٧ی گوڵانی ١٩٨٨ ســـووتاندن و وێرانکردنی هەموو گوندەکانی کە ئامانجی ئۆپەراســـیۆنی ئەنفالی چوار (٣ ـــ ٨ گوڵان) بووە ڕاگەیاند. لەو بەرقیەی کە لیوای ڕوکن ســـوڵتان هاشم ئەحمەد سەرکردەی فەیلەقی یەك لە ٧ ی نیسانی ١٩٨٨، ئاڕاستەی عەلی حەسەن ئەلمەجید و حوسێن ڕەشید تکریتی جێگری سوپاسالاری عێراق و سابیر ئەلدوری بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری کردووە هاتووە، کە ئەم هێزانە بەشدارییان لە ئەنفالی ٤ دا کردووە: هێزەکانی فەیلەقی ١ لەگەڵ یەکەکانی ســـەر بەو فەیلەقە لەوانەش: سەرکردایەتی هێزەکانی نەســـر بە سەرکردایەتی عەمیدی ڕوکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم، سەرکردایەتی هێزەکانی ٤٦ بە سەرکردایەتی عەمیدی ڕوکن عەلی ئەحمەد محەمەد ساڵح، ســـەرکردایەتی هێزەکانی جەحفەلی نیشتیمانی ١ بە سەرکردایەتی عەمیدی ڕوکن سەعد شەمسەدین، سەرکردایەتی هێزی پاراستنی نەوت بە سەرکردایەتی عەمیـــدی ڕوکن بارق عەبدوڵڵا ئەلحـــاج حونتە، (أمریە مواقع فەیلەقی ١) بە ســـەرکردایەتی عەمیدی ڕوکن عەلا محەمەد تەها و دەستەکانی هێزی (مفارز طوارئ) سلێمانی و کەرکووك، ئەندازیاری ســـوپا، دەســـتەی ئەرکانی هەواڵگـــری فەیلەق و فیرقەکانی سوپا، دەستەی کیمیایی، هێزی ئاسمانی بە هەموو جۆرەکانی و هەواڵگری گشتی سوپا.

حکومەتی عێراقی لە ١٥ی گوڵاندا، بە هێرشـــی کیمیایی بە هۆی فرۆکەوە بۆ ســـەر گوندی (وارا) لە دۆڵی بالیسان لە ڕۆژی (جەژنـــی ڕەمەزان)دا ئۆپەراســـیۆنی ئەنفالی ٥ و ٦ و ٧ (١٥ی گـــوڵان ـ ٢٦ی ئابی ١٩٨٨) دەســـت پێکرد، ئەوەش جەژنانەی حکومەتـــی عێراق بوو بۆ گەلی کورد لە بۆنەیەکی پیروزی ئایینیدا.

حکومەتـــی عێراق پـــاش جێبەجێکردنی بڕیـــاری ئاگربەس لەگەڵ ئێران، هێزەکانی خۆی لە ناوچەی بادینان کۆکردەوە و بەو هێزە گەورەو پڕچەکەی، ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی ٨، یان دوا ئەنفال (خاتم الانفال) لە هەردوو پارێزگای دهۆك و مووســـڵ لە ٢٥ی ئاب ـ ٦ی ئەیلوول ١٩٨٨ دەســـت پێکرد. لەم ئۆپەراسیۆنەشدا حکومەتی عێراق تەڕو وشکی بە چەکی کیمیایی و بایولۆجی ســـووتاند. بە دەیان هەزار لە هێزەکانی سوپاو جاش بەشدار بوون و بەوپەڕی دڕندایەتیەوە بە بلدۆزەر و T.N.T هەرچی گوندو ئاوەدانی هەبوو، لەگەڵ خاك یەکســـان کرا. ئەو گوندانەی کە لەو ئۆپەراســـیۆنەدا وێران کران سەر بە قەزاکانی دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، شـــێخان و ئاکرێ، کـــە ژمارەیان ٤٨٨ گوند بوون، کە هەموویان تا پێش هێرشی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ ئاوەدان بوون.

ئەم کوشـــتارە هەڕەمەکیە بەردەوام بوو و حکومەت بە فەرمی دەســـەڵاتی بە یەکە سەربازییەکان دا، کە چۆنی بە بەرژەوەندی خۆیانـــی بزانن، دەتوانن وەها بە کاری گوللەبارانکردنی خەڵکی هەڵبســـتن. عەلی حەســـەن ئەلمەجید لـــە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٩ لە بارەگای سەرکردایەتی ڕێکخستنی باکوور دەڵـــێ، ڕۆژی ٤ی ئەیلوولی ١٩٨٨ بە ڕۆژی کۆتایی هاتنی بزاڤـــی چەکداری دادەنرێت. بەڵام ئـــەم بڕیارە بەردەوام کاری پێدەکرا تا ســـەرەنجام عیزەت ئیبراهیم ئەلدوری، سەرۆکی لیژنـــەی کاروباری باکوور لە ٢٥ی تشـــرینی یەکەمی ١٩٨٩ پاش دەربازبوونی زیاتر لە ســـاڵێك بەسەرکۆتایی جەنگ، ئینجا ئەم دەســـەڵاتەی لە سوپا وەرگرتەوەو پێویست بوو لە مەودوا ئەو کەســـانەی کە دەســـتگیر دەکرێن بۆ بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەمن ڕەوانە بکرێن، لە جیاتی ئەوەی گوللەباران بکرێن.

**دەرەنجام**

حکومەتی عێـــراق لە جێبەجێ کردنی ئەنفالدا شـــێوازێکی ڕەگەزپەرستانەو هێزێکی بە قەوارەی یەکجار زۆری بەکاردەهێنا و، چەکی کیمیاویشی بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنا و وای لێ هاتبوو کە چەکی کیمیایی وەکو چەکێکی ئاسایی و کلاسیك لە هەموو شوێنێکی کوردستان بەکاردەهات.

هیومـــەن رایتس ووچ لە ڕاپۆرتەکەی خـــۆی لە ١٩٩٣دا، ســـەبارەت بە جینۆســـاید لە عێـــراق لە ئەنفالـــی دژی کورد تاوانەکانی عێراق دژ بە کورد لە خانەی جینۆساید دادەنێت، ئەم کارە وەکو دژایەتیەك بوو لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و وەك کردەوەیەکی ترســـناك بۆ سەر ئەو مافانە بەم شێوەیە باسی دەکات:

١- بڕیاری لە ســـێدارەدان و بێسەروشوێن کردنی بە کۆمەڵی دەیان هەزار کەسی ســـیڤیل، لەوانەش ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵ و هەندێکجار خەڵکی گوندێك بە تەواوەتی.

٢- بەکارهێنانـــی چەکـــی کیمیایی بە شـــێوەیەکی فراوان، لەوانەش گازی خەردەل، گازی دەمار GB و ســـارین لە دژی هەڵەبجە و دەیان گوندی تر، کە هەزاران کەس کوژران و بەشـــی سەرەکی قوربانیان ژن و منداڵ بوون.

٣- وێرانکردنـــی ٢٠٠٠ گوند هەروەك لـــە بەڵگەنامەکانی حکومیدا هاتووە، ســـووتاندن، ڕووخانـــدن، وێرانکردن و لەگەڵ زەوی تەختکـــردن و ژمارەیەك لە شـــارەدێی گەورەتر و ناوەندی ئیداریشی بەخۆیەوە گرت.

٤- وێرانکردنی گشتگیری هەموو باڵەخانەکانی شارستانی، وەکو قوتابخانە، مزگەوت، بیری ئاو و پڕۆژەی کارەبا، لە لایەن بەشی ئەندازەی لەشکرییەوە.



**هیومەن رایتس ووچ تاوانەکانی عێراق دژ بە کورد لە خانەی جینۆساید دادەنێت، ئەم کارە وەکو دژایەتیەک بوو لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ**

٥- بەتاڵانبردنی مەروماڵات و بەرهەمی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن سەرباز و جاشەکانی حکومەتەوە.

٦- گرتنی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی کە لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ناوچانە خانوو و زەوی تایبەتی ئەو کەسانە بوون.

٧- زیندانی و دەستبەسەرکردن بۆ ماوەی چەندین مانگ و لە بارودۆخێکی لەوپەڕی نالەباریدا، بە دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر بە بێ هیچ بەلگەیەکی دادوەری، تەنیا بە بیانووی لایەنگیرییان بۆ بەرهەڵستکارانی کورد، بە سەدان کەس لەوانە لەبەر برسێتی و ناخۆشی مردن.

٨- بەسەدان هەزار کەس ناچار کران کە خانووەکانیان بروخێنن و بە بێ هاوکاری خۆراك و پۆشاك لە کوردستان دوورکرانەوە، بە بێ ئەوەی قەرەبۆ بکرێنەوە و رێشیان پێنەدرا کە بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان و لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لەکاتی ڕاگواستنیاندا مردن.

ڕەئووف ئاکرەیی کە کاری ئاماری ئەنجامەکانی ئەنفال بە هاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجام دابوو، ئەم خاڵانەش لە سیمای پرۆسەی ئەنفال زیاد دەکات:

١- ڕاگەیاندنی ڕووبەرێکی زۆری خاکی کوردستان بە دەیان هەزار کم بە ناوچەی قەدەغەکراو و دانی دەسەڵاتی تەواو بە دامودەزگاکانی لەشکری و ئەمنی بۆ کوشتنی مرۆڤ، یان گیانەوەر و سووتاندنی تەڕ و وشك و لەناوبردنی هەر زیندەوەرێك، ئەم ڕووبەرەش بەشی گەورەی لادێیەکانی کوردستانی عێراقی بەخۆیەوە گرتبوو.

٢- ئەم پرۆسەیە تەنیا گوندە قەدەغەکراوەکانی بە خۆیەوە نەگرتبوو، بەڵکو ئەو گوندانەشی گرتەوە کە خەڵکەکەیان، جاشی حکومەت بوون.

٣- سووتاندن و لەناوبردنی کێڵگە، دارستان، تەقاندنەوەی کانیاو و لەناوبردنی ئەشکەوتە شوێنەوارەکانیش.

٤- لەناوبردنی سامانی ئاژەڵی بە کوشتن یان بە تاڵانبردنی.

٥- پتەوکردنی دوورپێچی لەشکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن و گشتی.

حکومەت تەڕ و وشکی تێکەڵاو کردبوو یەکێك لە ناشیرینترین دیاردەکانی ئەنفال تالان و راو ڕووت بوو. هەزاران تەراکتەر و لۆری و پێکابی بارکراو، لە بەرهەمی رەنجی گوندیەکان بۆ ناو شار و کۆمەڵگەکان دەگوێزرایەوە، و بێ شەرمانە بازرگانی پێدەکرا. کار گەیشتە ڕاددەیەك کە هەتا کەسوکاری سەدامیش لە سەر یەك زیادکردنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی خەڵك بەشدارییان دەکرد.

عەلی حەسەن ئەلمەجید لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعس و پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ١٥ ی نیسانی ١٩٨٨ وتی:

«هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێك لێرەو لەوێ مابێتەوە،...ئێمە دەبێ ئەو خەڵکە بخەینە کۆمەڵگەکانەوە و چاویشمان لە سەریان بێت، چیتر نایەڵین لە گوندەکاندا بژین و تێکدەران بتوانن سەردانیان بکەن»

پاشان عەلی حەسەن ئەلمەجید بە کۆمەڵێك جنێوی زۆر خراپ، باس لە خەڵکەکەی دەکات. لەو کاتەداو بە تایبەتی پاش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دەوروبەری و نەهێشتنی گوند لە سلێمانی و لە ناوچوونی کشتوکاڵ و ژیانی سروشتی بە تەواوەتی، گۆڤاری (کل العرب) کە لە فەرەنسا لە لایەن رەگەزپەرستانی عەرەب دەردەچوو، دەنووسێ:

«سەرکەوتنەکانی لەشکری عێراق لەم دواییەدا، لە

**دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان و پێوەندیدار بە کاروباری پەنابەران، کاردانەوەیان زۆر درەنگوەخت بوو، بۆیە کوردە تورەبووەکانی نیشتەجێی ئەمریکا و ئەوروپا، لە چەندین شوێن خۆپێشاندانی ناڕەزایەتییان دەربڕی**

**لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی ٣ ( ٧ ـ ٢٠ نیسان) گوندەکان بە تەواوی ڕووخێنران و دیلەکانی کوردیش بێسەروشوێن کران و خەڵکێکی زۆر کەم توانییان رزگار ببن. لە هەر شوێنێک بەرگری هەبوایە بە بۆمبی کیمیایی کپ دەکرایەوە، وەکو گوندی تازەشار نزیک قادرکەرەم**

**حکومەتی بەریتانیا لە ١٢ ی ئەیلوولی ١٩٨٨ حکومەتی عێراقی بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد سەرکۆنە کرد**

باکـــوور، لە دەرکردنـــی یەکجـــاری ڕەگەزەکانی کوردی.. زەمینەی خـــۆش کردووە و بارودۆخێکی باشـــتری بۆ هەردوو ئەنجومەنـــی یاســـادانان و جێبەجێکـــردن رەخســـاندووە.. کە پرۆژەیەکـــی فراوان، بۆ ئەمینداری گشـــتی بەرێوەبەرایەتیی کشـــتوکاڵ و چاکســـازی، بۆ هاوینی ساڵی ١٩٨٨ و زستانی ١٩٨٨ ـ ١٩٨٩ دابنێت»

حکومەتی عێراق کە بـــە هۆی ڕوخاندنی ٩٠٪ گوندەکانی کوردستان، هەر دوو بەشـــی سەرەکی ئابووری کوردستان واتە: کشـــتوکاڵ و ئاژەڵـــداری لەناوبردبوو، بەم شـــێوەیە بارودۆخی کشتوکاڵی لە کوردســـتاندا بە پێی پیلانی زانستی حکومەتی بەعس و هەردوو ئەنجومەنەکەی، بەرەو گەشەکردن دەبرد!.

لیوای ڕوکن یونس محەمەد ئەلزرب لەو نامیلکەیەی کە بە ناوی فەیلەقی ٥ لە سەر ئۆپەراسیۆنی (خاتم الانفال) دەرکردبوو و زۆر نهێنی بووە، دەنووســـێت کە لە ماوەی ٢٨ی ئاب تا ٣ی ئەیلوولی ١٩٨٣ پیلانەکە بەم پێشەکیە دەستی پێکرد بوو:

«بـــۆ کۆتایی هێنان بە تێکـــدەری و لە ناوبردنی تێکدەران و بارەگاکانیـــان لـــە چوارچێوەی ئەرکەکانـــی فەیلەقی ٥ و ناوچەکانی ســـنووری ڕۆژهەڵات و باکـــوور لەگەڵ تورکیا و دەســـت بەســـەرداگرتنی ئەم ناوچانە، چەند ئۆپەراسیۆنیکی فراوان ئەنجام دران و ئامانج ئەوە بوو:

١- لەناوبردنی تێکدەران و نەهێشتنیان.

٢- کاری دوورپێچ و گەمارۆدانیان جێبەجێ بکرێت.

٣- بەکارهێنانـــی ئەو پەڕی توندوتیـــژی لە گەڵ تێکدەران وپاڵپشتەکانیان.

دەستەی کیمیایی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو وەکو دەستەکانی تر.. و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی [جاشەکان] زۆر (مندفع ومتحمس) بوون بۆ جێبەجێ کردنی لەناوبردنی تێکدەران.. ولە کاتێکی ریکورددااردا بەشـــدارییان لـــە وێرانکردنی گوندەکان و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان کرد».

هەروەها بە پێی هەمان نامیلکـــە زیانی هێزە چەکدارەکانی عێراق کوژرانی ٩ ئەفســـەر و ٨٠ پلـــەدار و ٢١ جاش لەگەڵ برینداربوونی ٢٧ ئەفســـەر و ١٨٦ پلەدار و ٥ جاش بووە. بەڵام باس لە ژمارەی ســـەربازە کوژراو و بریندارەکان ناکات و زیانی کـــورد بە ٥٨ کوژراو و ژمارەیەك بریندار و گرتنی ٥٥٣١ پیاو و ٤٣٦١ ئافـــرەت و ١١٠١٣ منداڵ کە کۆیان دەکاتە ٢٠٩٠٥ کەس دەکات.

حکومەت هەموو یاســـا و پرەنســـیپەکانی مرۆڤایەتی ژێر پێ خســـتبوو، بۆ وێنە بڕیاری دەســـتگیر کردنی منداڵێکی ٢ ساڵەش ٤ی ئەیلوولی ١٩٨٨ بە ناوی باهیرە مەولود خدر حەبس رێکانی لە دایکبووی ١٩٨٦ لـــە لایەن حکومەت دەرچووبوو، کە بێ گومان ئەوە بە ڕاشـــکاوی جینۆســـایدە؛ چونکە بە چ یاســـایەك منداڵێکی ٢ ساڵە دەســـتگیر و دادگایی دەکرێت؟ تاوانی باوك یان دایك چۆن تاوان بۆ منداڵی ٢ ســـاڵە دروست دەکات و دەیکاتـــە تاوانبار؟ تەنیا ئەگـــەر لە دایك و باوکێکی کورد لە دایك نەبووبێت؟.

لە ژێر فشاری نێودەوڵەتی، پاش ئەوەی عێراق ئەوەی مەبەستی بوو لەناوی برد، ئینجـــا لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لێبووردنێکی گشـــتی بۆ «کورد» دەرکرد. ئەو کەسانەی تا ئەو کات لە ناو چیاکاندا بە زیندوێتی مابوونەوە تەســـلیم بە حکومەتی عێراق بوون، بەڵام بەشێکی هەر مانەوە، تەسلیم بووەکان بۆ ئۆردوگای بەحرکە و جێژنیکان لە هەولێر ڕاگوێزران. بەڵام ئەو مەســـیحی و ئێزدیانەی کە تەسلیم ببوونەوە، بێسەروشوێن کران و حکومەت ڕایگەیانـــد کە لێبووردن بەس بۆ کورد بووە. تەنیا لە بنەماڵەی حاول بەکوی ئێزدی خەڵکی گوندی خانکێ، ســـەر بە قەزای سێمێل، ٢٧ کەس ئەنفال کران کە بچوکترینیان (مەسعوود عیدو حاول بەکو) تەمەن ٤٠ ڕۆژو گەورەترینیان (گۆزێ خواســـتی عیدو) پیرەژنێکی تەمەن ٧٦ ساڵە بوو.

هەروەها چوار کوری (دەنو مەتێ)ی کریســـتیانی خەڵکی گوندی مێزێ، بە ناوەکانی (ئەندرواس، مەنســـوور، خوشابا و بنیامیـــن) کە لە ١٠ی ئەیلوولـــی ١٩٨٨ خۆیان لە پارێزگای دهۆك بە دەســـت حکومەتەوە دابوون، پـــاش ئەوەی بۆ قەڵای نزارکێ ڕاگوێزران بێسەروشوێن کران.

### کاردانەوەی نێودەوڵەتی

ســـەرۆك مسعود بارزانی بە ناوی ســـەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردســـتانی، بانگەوازێکی بەپەلەی لە ٢٩ی ئاب بۆ سکرتێری گشـــتی UN ئاڕاستە کرد لەســـەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە رەنگێکی شـــێتانەو بێ وێنە دژ بە گەلی کوردو شەڕی جینۆساید و سەرکوتکردن و لە ڕەگ و ڕیشەوە ڕاکێشـــانی کورد لە سەر نیشتمانەکەی لە قەڵەم دابوو، داوای کردبوو کە:

١- «دەســـتبەجێ داوا لـــە حکومەتی عێـــراق بکرێت کە بەکارهێنانـــی چەکی کیمیایی و شـــێوازەکانی تری جەنگی جینۆساید لە کوردستان، رابگرێت.

٢- هاندانـــی دەســـتە و ڕێکخـــراوە مرۆڤایەتیـــەکان بۆ پێشکێشکردنی هاوکاری بەپەلە بۆ قوربانیانی چەکی کیمیایی و جەنگی جینۆساید.

٣- داوا لە حکومەتی تورکیا بکرێت کە ڕێ بە هەزاران ژن و منداڵ و پیاو، ئەوانەی لە جینۆســـاید رزگاربوون بدرێت کە بچنە ناو خاکەکەیان و ڕێ بە گەیشتنی هاوکاری و یارمەتی مرۆڤایەتی بەتایبەتی بۆ بریندااران بدرێت.

٤- داوا لە عێراق بکرێت کە دەستبەجێ سیاسەتی پرمەترسی لـــە ناوبردنـــی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییـــەکان رابگرێت و ئەو گیراو و دەستبەســـەرانەی کە لە ســـەر سیاسەت گیراون بەربدات.»

سکرتێری گشتی UN چەند ڕۆژێك دواتر رایگەیاند کە کێشەی کوردی لەم قۆناغەدا و لەو گفتوگۆیانەی کە لە نێوان عێراق و ئێران دەکرێت جێگای دانوستان نییە.

### ئەنفال لە میدیاکانی جیهاندا

لە ماوەی ٢٧ ـ ٣١ی ئاب بە دەیان ڕاپۆرت و وتار لە ڕادیۆ و کەناڵەکانی تەلەفزیونی وڵاتانی جیهاندا بە تایبەتی لە سەر چەکـــی کیمیایی و ئامانج و ئەنجامەکانـــی بڵاوکرا بووەوە. بەشـــی هەرە زۆری ئەم ڕاپـــۆرت و لێکدانەوانەی دامودەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهان، ئەم تەوەرانەی بەخۆیەوە دەگرت:

١- دەنگوباســـی خۆڕاگـــری وبەرگـــری چەکـــداری لە

کوردستان.

٢- ریسواکردنی تاوانەکانی عێراق دژ بە گەلی کورد و گەلی عێراق بە گشتی، بە تایبەت بەکارهێنانی چەکی کیمیایی وەکو بەرەنگاربوونەوە (تحدی) بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە قەدەغەکرابوو، هەروەها دەنگوباسی ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس بۆ سنوورەکانی تورکیا، کە ببووە هۆی فاکتەرێکی زۆر کاریگەر بۆ فشارخستن بۆ سەر حکومەتی تورکیا بۆ وەرگرتنی پەنابەران.

٣- دەنگوباسی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی قوتابیان و جالیەی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا وەکو نەڕازیبوون بەرانبەر ئەم تاوانە.

٤- ڕاپۆرت و لێکوڵینەوە لە سەر هەڵوێستی دەوڵەتان و بەرانبەر بەم کارەساتە و کێشەی کورد و ڕووداوەکانی کوردستان و پێوەندی ئەم ڕووداوانە لەگەڵ گفتوگۆکانی عێراق و ئێران لە جنێف.

پەیامنێری (ساندەی تیلگراف)ی بەریتانی ڕایگەیاند، کە بە چاوی خۆی ٥٠ منداڵی برینداری کیمیایی بینیوە کە بە چەکی کیمیایی سووتێنرابوون. حکومەتی عێراق تەنیا بەوەش ڕازی نەبوو، بەڵکو بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ حکومەتی تورکیای هەبووە، بەفڕۆکەی جەنگی لە ١ی ئەیلوولی ١٩٨٨ هێرشی بردە ناو سنووری تورکیاو چەند بۆمبێکی کیمیایی نزیك ناوچەی ئولودەرەی دا. عێراق بە فەرمی داوای لە تورکیا کرد کە بۆ دەستگیرکردنی ئەو چەکدارانەی کە پەنایان بردووەتە بەر تورکیا، هێزەکانی عێراق بچنە ناو خاکی تورکیا. بەڵام وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، کە حکومەتی تورکیا ڕێ نادات کە کوردەکانی بەرهەڵستکاری عێراق، لە ناو خاکەکەیدا دەستگیر بکرێن.

ڕەفتار و هێرشی حکومەتی عێراق بە ڕادەیەك توندوتیژو دڕندانە بوو، کە ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی، ڕژێمی عێراقی بە بەکارهێنانی سیاسەتێکی بە ئەنقەست بۆ لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤیلی کورد تاوانبارکرد. ئەم ڕێکخراوە ڕاپۆرتێکی لە ٢ی ئەیلوول بڵاوکردەوە کە تێدا هاتبوو:

«سەدان کورد کوژراون و هەزارانیش لە مانگی ئابدا بە بەکارهێنانی تانك و فڕۆکە و هلیکۆپتەر و چەکی کیمیایی و تۆپخانە بریندابوون، هەموو ئەو هێزو چەکانە گوندەکانی کوردیان لە پارێزگاکانی دهۆك و موسڵ و هەولێر لە کوردستاندا کردبووە ئامانج.»

ئەحمەد بین بیلا یەکەم سەرۆك کۆماری جەزاییریش لە ٣ی ئەیلوولدا بانگەوازێکی دەرکرد و ئەم هێرشەی عێراقی بەتوندی سەرکۆنەو ڕیسواکرد، ئەو بەبیری عەرەبی هێنابووەوە کە ئەم گەلە لەساڵی ١٩٥٦ لە کاتی هێرشی سێ قۆلی بۆ سەر میسر، گەورەترین خۆپێشاندانیان کردبوو و هۆزانڤانەکانی دەربارەی جەزاییر جوانترین هۆزانیان هۆنیبووەوە و سەدان کەسیان لە ڕیزی فەلەستینیەکان جەنگابوون، ئەوەش ڕەددانەوەی چاکەیانە لە لایەن برا عەرەب و موسڵمانەکانیانەوە.

سەرەنجام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨ حکومەتی عێراقی بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان سەرکۆنەکرد و رایگەیاند کە ڕاپۆرت و دۆکیۆمێنتی بەردەستیان دەیسەلمێنی کە چەکی کیمیایی بەکارهاتووە. لە ڕۆژی دووەمدا کۆنگریسی ئەمریکا ڕازی بوو لە سەر دانانی ئابڵوقەی ئابووری و بازرگانی بۆ سەر عێراق. پارلەمانی ئەمریکا یاسای دژی جینۆسایدیان لە ١٣ی ئەیلوولدا بڵاوکردەوە، کە دەقەکەی سزای ئابووری بەسەر عێراق بوو، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد ئەم سزایەی بەسەردا دەسەپێندرا. و لەچەند خاڵێکیدا هاتبوو: ...

«ج- لەشکری عێراق هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی کوردستانی عێراق بۆ دەرکردنی کورد لەگوندەکانیان، بە وێرانکردنی ئەم گوندانە لەبەشی گەورەتری باکووری عێراق و بە ئەنقەست هاووڵاتیانی سیڤیل دەکوژێت.

د- هەندێك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەیە، کە عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە و بەکاردێنیت دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد و خەڵکی سیڤیلی بێ پەنا وەکو یەك.

ە- دەیان هەزار کەس لە ئاوارەکان بەهۆی هێرشەکانی لەشکری عێراق، پەنایان بردووەتە بەر تورکیا.

و- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە لادانێکی ئابڕووبەرانەیە لەقەدەغەکراو و پرەنسیپەکانی یاسایی دەولییە.

ز- هێرشەکانی لەشکری عێراق دژ بە گەلی کورد کارێکە لەکارەکانی جینۆسایدو وەکو دیار دەبێت تاوانێکە کە بێزاری و نەفرەت لەناو دڵی خاوەن شارستانیەتەکان لەهەموو جیهان دروست دەکات، جگە لەوەی کە ئەم کارەش، کارێکی ناڕەوا و قەدەغەیە بە پێی بنەماکانی یاسایی نێو دەوڵەتی.

باڵوێزەکانی وڵاتانی ئیسکاندیناڤی: سوید، نەرویج، دانیمارك، فینلەنداو ئایسلەندا لە UN لە ٩ی ئەیلوول داوایان لە سکرتێری گشتی کرد، کە لێکوڵینەوە لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دژ بە گەلی کورد بکات.

حکومەتی بەریتانیا لە ١٢ ی ئەیلوولی ١٩٨٨ حکومەتی عێراقی بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کورد سەرکۆنە کرد، لەلایەکی ترەوە نوێنەرانی بەریتانیا، ئەمریکا، ئەلمانیای ڕۆژئاواو ژاپۆن لە ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ سکرتێری گشتی UN لە ١٢ ی ئەیلوول کۆبوونەوەو داوایان کرد کە تیمێکی پسپۆر بۆ لێکوڵینەوە، لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان، ڕەوانە بکات. پاشان فەرەنسا و ئیتاڵیاش هەمان داوایان کردو دواتر سکرتێری گشتی، نوێنەری عێراقی لە UN لەوە ئاگادار کردەوە.


زیانی گیانی کوردستانییەکان لەم شەڕەدا بە پێی سەرچاوەکانی کوردی، زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس بووە، بەڵام عەلی حەسەن ئەلمەجید دان بەوەدا دەنێت کە ١٠٠ هەزار کەس بووە. ئەگەر ژمارەی قوربانیانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال ١٠٠ هەزار کەسیش بێت، دیسان بە یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵکوژییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت، لە

**پەیامنێری (ساندەی تیلگراف)ی بەریتانی ڕایگەیاند، کە بە چاوی خۆی ٥٠ منداڵی برینداری کیمیایی بینیوە کە بە چەکی کیمیایی سووتێنرابوون**

**نوێنەرانی بەریتانیا، ئەمریکا، ئەڵمانیای ڕۆژئاواو ژاپۆن لە ئەنجومەنی ئاسایش لەگەڵ سکرتێری گشتی UN لە ١٢ ی ئەیلوول کۆبوونەوەو داوایان کرد کە تیمێکی پسپۆر بۆ لێکوڵینەوە، لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان، ڕەوانە بکات**

# کۆنگرەی یادی ٢٥ ساڵەی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال..

## هەنگاوی ستراتیژی و هەوڵی ئومێدبەخش



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

کۆنگرەی ٢٥ ساڵیادی کۆمەڵکوژیی (جینۆساییدی ئەنفال)لە کوردستان بەسترا، کۆنگرەکە رووی لە کۆمەڵگەی فەرمی و میللی نێودەوڵەتی کرد بە میوانداریکردنی کەسایەتیی گرنگی حکومی و پەرلەمانی و ئیقلیمی، سەرکردایەتیی کوردستانی لەم روانگەوە دووپاتی کردەوە کە دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەك بەسەر ئەم تاوانە گەورەیەدا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویست بەوە دەکات کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دان بەم تاوانەدا بنێت نەك لەبەر ئەوەی تاوانێکە بۆ جینۆسایدی کورد ئەنجام درا بەڵکو لەبەرئەوەی چەکی کۆمەڵکوژیی تێدا بەکارهێنرا کە دەیان هەزار هاووڵاتی سڤیلی بێ تاوانی تێدا کردە قوربانی، کۆنگرەیەك بەم شێوەیە کە کەسایەتییەکی زۆری یاساناس و سیاسەتمەدارو دپلۆماتی تێدا ئامادە بوو، گرنگییەکەی لەوەدا بەرجەستەدەبێت کە پێویستە هەر بیرو بۆچوون و پێشنیارێك لەم کۆنگرەیەدا خرایەڕوو کۆبکرێنەوەو وەکو دیکۆمێنتێك بخرێتە بەردەم رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتانی ئەوروپا تاکو دان پێدانان بەم تاوانە گەورە زیاتر قووڵتر و فراواتر بکات.

دیارە باشترین هەوڵیش کە کاریگەریی دەبێت لە گواستنەوەی دیالۆگ و سەرنجەکان کە پێناسەی تاوانەکەیان بە (GENOCIDE) ناساند، ئەوەیە کە لە دروستبوونی لووبییەکدا دێتەدی لەوانەی لە کۆنگرەکە ئامادەبوون،هەروەها پێوەندیی کردن بە رێکخراوە تایبەتمەندییەکانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و حکومەت و پەرلەمانەکانی جیهان، ئەم کارەش زۆر زەحمەت نییە، چونکە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەتوانێت پێوەندیی دروست بکات و لووبیەکی فشار بێنێتەئاراوە و توانای تەواوی بۆ دابین بکرێت و بەرنامەی کاری خۆی هەبێت و ئەرکەکانی ئەکتیڤ و کاریگەرتر بکات.

تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال پرسێکی راگوزاری ئاسایي نین کە بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی پرسەکە لەنێو کۆنگرە یان کۆڕبەندێکدا بە ئاسانی بخرێتەڕوو، بەڵکو هێمایەکی دیارە لە مێژووی مرۆڤایەتیداو پێویستە لە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکاندا بچەسپێت کە هەموو جارێك کاریگەری و ئێش وئازاری ئەم برینە بکولێنێتەوە، تا دواتر ببێتە پەندو وانەیەك بۆ هەموو دنیا کە جارێکی دیکە ئەم تاوانە دڕندانەیە لەلایەن خوێنڕێژو جەللادەکانەوە دووبارە نەبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە پێویستە پشت ببەسترێت بەو بەڵگەنامەو توێژینەوانەی بە شێوازی ئەکادیمی و زانستی لە لایەن چەند زانکۆو کەسایەتییەکی جیهانییەوە دەربارەی ئەم تاوانانەو کاریگەری و دەرهاویشتەکانیانەوە ئامادەکراون، وێرای ئەو دادگاییانەی کە ئەنجامدراون یان ئەو بڕیارانەی پەیوەست بەم کەیسە لە کوردستان

**پێویستە کورد دۆستەکانی خۆی بناسێت و هەماهەنگی و هاوکاریی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ گەلانی جیهان، بەمەبەستی سارێژکردنی برینەکانی ئەم تاوانە گەورەیەو بەدی هێنانی سەرجەم داخوازییە رەواکان**

**تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال پرسێکی راگوزاری ئاسایی نین کە بە خوێندنەوەی ناوەرۆکی پرسەکە لەنێو کۆنگرە یان کۆڕبەندێکدا بە ئاسانی بخرێتەڕوو، بەڵکو هێمایەکی زەقە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و پێویستە لە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکاندا بچەسپێت**

یان لە عیراق یان لە لایەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییەوە دەرچوون، ئەم هەنگاوانە سەرەتایەکن بۆ قەرەبووکردنەوەی رزگاربووان و گەلی کورد کە دووچاری ئەم کۆمەڵکوژییە بوونەتەوە، هاوکات شوێنەواری تاوانەکە و رەهەندە دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی بە گوتارێکی مرۆیی چارەسەر بکرێت، لە هەمووی گرنگتریش لەم سەردەمەدا پێکهێنانی لووبی یان(گرووپی فشار)ە کە بەردەوام کار بۆ ناساندنی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە بکات.

بەجێهێشتنی کەسوکاری قوربانییەکان کە بەم دەردەوە بتلێنەوەو بەردەوام ناڵەی دەروونی و سۆزی لەدەستدانی ئازیزترین کەسوکاریان ببیسترێت ئەمەیان گوزارشت لە هەڵوێستێکی نەرێنی دەکات لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم تاوانە لە ئاییندەدا، بۆیە پێویستە هەڵمەتێکی سیستماتیك و کات بۆدانراو بێتە ئاراوە کە هەموو هەوڵەکان رێك بخات و دەرئەنجام خزمەتی ئەم کەیسە بکات چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا.

بەڵام ئەمەیان پێویستی بە هاندانی ئەنجامدانی توێژینەوە ئەکادیمی و زانستییەکان هەیە لە مەڵبەندەکانی توێژینەوە و لە زانکۆکاندا دیارە ئەمەش بە پشتیوانی مانەوی و ماددی مەیسەر دەبێت و جۆرێك لە ئیلتزامی مۆراڵی لە تەواوی پرۆسەکە بەرجەستە دەکات.

هەر لەم روانگەوە بەچاك دەزانرێت چەندین کۆڕو سیمیناری رۆشنکردنەوە سازبکرێن تەنانەت ئەگەر لە باکوور و باشووری ئەفریقیا و لە ئەورووپای رۆژئاواو هەردوو ئەمریکاشدا بێت بە چاودێریی نێودەوڵەتی،بۆ هەمان مەبەستیش باشتر وایە بەراورد بکرێت لە نێوان ئەو توێژینەوانەی کراون دەربارەی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی کە لەم سەردەمەی ئێمەدا لەزۆر شوێنی دنیادا ئەنجامدراون،تاکو هەر تاوانێك لەم تاوانانە بە گوێرەی کاریگەری و سەردەم و کات و سروشتی جۆری تاوانەکان لە تۆماری تاوانەکانی جینۆسایدا بچەسپێنرێت و هەموو گەلانی ئەم جیهانە پێیان ئاشنابن و بیرو بۆچوون و ڕاوسەرنجی خۆیان دەربارە دەرببڕن.

لەلایەکی دیکەوە چاودێرییەکی گرنگتر لەلایەنی ماددی بێتە ئاراوە، ئەویش بە تەرخانکردنی کورسیی خوێندن تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە پەیمانگە باڵاکان ومەڵبەندەکانی توێژینەوەدا کە ئەم هەنگاوە راستەوخۆ کاریگەریی دەبێت بۆ ئاییندەی میللەتی کورد و دەنگدانەوەی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەی دەرحەق ئەم میللەتە بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدە کرا لە سەرئاستی وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانیدا وەك تاوانێکی گەورە لەقەڵەم بدرێت و میللەتانی دیکەش بەئاگابێنێتەوە تا زیاتر بایەخ بە پرسی نەتەوەی کورد بدەن کە دواتر ببێتە ئەمری واقیع لە دیاریکردنی چارەنووسی رەوای خۆی.

تێڕوانینی ستراتیژیی لە چارەسەرکردنی ئەو رووداوەدا،گرنگییەکەی لە بەدیهێنانی جەوهەر و کوالیتی یەکلاکەرەوەدایە،لە کاتێکدا هەموو چالاکی و بزاڤێك بەم ئاراستەدا ئەگەر پچڕپچڕ بن ئەوا پەرت دەبن و ئاکامەکان بەتەواوی ناپێکن،وێڕای ئەمەش کاریگەرییەکانیان رەنگە بە نەرێنی لە هەمبەر گەورەیی و فراوانی ئەم کێسە گرنگە بشکێتەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە رایەڵی نێوان تاوانەکەو ئاسەوارو دەرئەنجامەکانی پشتگوێ خستنی بە رێگەی پلانێکی بنیادنەر دەردەکەوێت کە پێناسەی خودی تاوانەکەو لایەنەکانی و سروشتی روودانی لە کاتێکی دیاریکراودا دەخاتەڕوو،بە شێوەیەك ئەم تاوانە تەنیا بەقسەی سەرزارو نووسینی بریقەدار بەهای کاریگەریی مرۆیی خۆی پێنادرێ،بەڵکو پێویستە بە ویژدان و هەستی مرۆیی بۆی بڕوانرێ و مەبەست و چوارچێوە تاوانکارییەکەی بەرجەستە بکرێت.

لەگەڵ بایەخدانمان بە رەهەندی ستراتیژیی ئەم کەیسەو رێڕەوی هەوڵەکان،بەڵام نابێ چاو بپۆشین لە تەئکیدکردنەوە لەو خوێندنەوانەی بۆ هەر هەنگاوێکی ئەم بوارە دەکرێت تاکو راستەوخۆ لەسەر کەموکورتییەکان بوەستین و خاڵە لاوازەکانی سەرجەم ئەو هەوڵانە دەست نیشان بکەین،تا دواجار ببێتە هاندەرێك بۆ زیاتر بەرەوپێش چوون بۆ نموونە ئەم کۆنگرەی دوایی پێویستی زیاتر هەبوو بە گەلانی دەوربەر لە عەرەب و تورك و فارس،چونکە ئەوان دراوسێی راستەوخۆن و پێوەندییان هەبووە لە رووی سیاسەتە رەگەزپەرستییەکان و ئەنجامدانی تاوانەکان دەرحەق بە کورد لەلایەن ئەو رژێمانەی کە لە وڵاتانی ئەو گەلانە حوکم دەکەن،کە دەبوایە هەر ئەوانیش هەوڵی بەستنی کۆنگرەیان بدایە وبەشداریی کاریگەریان بکردایە لە داڕشتنی راسپاردەکان و کۆنگرەش لە ڕێی ئەوانەوە پەیامی ئاراستەی گەل و رژێمەکانیان بکردایە.

دوای تێپەڕبوونی چارەگە سەدەیەك بەسەر ئەم تاوانانە،پێویست بە بەهەدەردانی کات ناکات،ئێستا کاتی ئەوەیە قسەی یەکلاکەرەوە بکرێت و نەخشەرێگای ستراتیژی دابنرێت بۆ زیاتر گرێدانی کۆنگرەو کۆبوونەوە دیدار و ئەمەش بە کۆکبوونی دەنگی وڵاتان و گەلانی دنیا دێتەدی بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێویستە کوردیش دۆستەکانی خۆی بناسێت و هەماهەنگی و هاوکاریی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ گەلانی جیهان، بەمەبەستی سارێژکردنی برینەکانی ئەم تاوانە گەورەیەو بەدی هێنانی سەرجەم داخوازییە رەواکان.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا و توێژەری ئەکادیمی لە زانستە سیاسییەکاندا**